حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی ئامادەیی

## پۆلی دەیەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی ئامادەیی
## پۆلی دەیەم




چاپی پازدەیەم

١٤٤٣ کۆچی   ٢٠٢٢ زایینی   ٢٧٢٢ کوردی

**دانانی**

**عبـــدالله شـــاڵی** **د. عزالـــدین مصطـــفی** **د. امیـــــــن علـــي**

**نوری علي امـــین** **فـــریـــدون علـــي امـــین** **علاٴالدین سجادي**

**کمال محمودفرج** **ابوزید مصطفی سندی**

**پێداچوونەوەی زانستیی دووەم**

لێژنەیەک لە وەزارتی پەروەردە

سەرپەرشتیاری زانستیی چاپ: صـــادق احمـد عثمـــان

چیمەن کریم حمـــه أمین

ســـەرپەرشتیاری هونەری چاپ: ئـــاری محســـن احمد

نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆک: ئـــاری محســن احمـــد

تایپکردن: ڕێڤین راغـب حســین

لانه مجـید میریحیی

# پێشەکی

مامۆستایانی بەڕێز...

پرۆگرامەکانی خوێندن هەمیشە پێویستییان بە پێداچوونەوە و نوێکاری هەیە، کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەییش لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر پێداچوونەوەی زانستی بۆکراوە و دیزاینکراوەتەوە، کتێبەکە سێ بابەت (ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوە) لەخۆدەگرێت.

لە بەشی ڕێزماندا، هەوڵمانداوە ڕستە و شرۆڤە و دەستور و ڕاهێنانەکان پوختەتر و زانستیانەتر بخەینەڕوو، هەروەها هەڵەی زمانەوانی و تایپ بنبڕ بکەین. لە بەشی ئەدەبدا بابەتەکانمان چڕکردونەتەوە و هەڵەی زانستی و تایپ و زمانەوانیمان ڕاستکردوونەتەوە. لە بەشی خوێندنەوەش هەڵەی زانستی و تایپمان ڕاستکردوونەتەوە. کتێبەکە بە شێوازێکی نوێ دیزاینکراوەتەوە و بابەتەکان بۆ وەرزی خوێندنی یەکەم و دووەم دەستنیشانکراون و وێنەی ئەدیب و نوسەرانی بۆ دانراوە و لە بەرگێکی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگدا چاپکراوە.

داواکارین لە ئێوەی بەڕێز لە هەر هەڵەیەک یان کەموکورتییەک هاتە بەرچاوتان ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە چاپەکانی ئایندەدا لەبەرچاوی بگرین.

**لیژنەی پێداچوونەوە**

**٢٠٢٢/٤/٤**

# پێرست

## بەشی ڕێزمان ٧

### وەرزی یەکەم:


وانەی یەکەم: خاڵبەندی ........ ٨
وانەی دووەم: ئامرازی بانگکردن ........ ١٢
وانەی سێیەم: ئامرازی لێکدەر ........ ١٥
وانەی چوارەم: ڕستەی ئاوێتە ........ ١٩
وانەی پێنجەم: درووستکردنی ناوی واتایی ........ ٢١
وانەی شەشەم: هاوەڵناوی ژمارە (هاوەڵناوی ژمارەی بنجی) ........ ٢٥
وانەی حەوتەم: هاوەڵناوی ژمارە (هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن) ........ ٣٠
وانەی هەشتەم: هاوەڵناوی ژمارە (هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی) ........ ٣٤


### وەرزی دووەم:


وانەی نۆیەم: هاوەڵناوی نادیار ........ ٣٨
وانەی دەیەم: جێناوی نادیار ........ ٤٢
وانەی یازدەیەم: کاری دارێژراو ........ ٤٥
وانەی دوازدیەم: کاری لێکدراو ........ ٤٨
وانەی سێزدیەم: کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ ........ ٥٢
وانەی چواردیەم: گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ ........ ٥٨
وانەی پازدیەم: کاری یاریدەدەر (پارتیکل) ........ ٦٢

## بەشی ئەدەب ٦٦

### وەرزی یەکەم:


داستانی کوردی ........ ٦٦
ڕێبازە ئەدەبییەکان ........ ٦٨
ئەدەبی کلاسیزمی کوردی ـ زاری لوڕی ........ ٧٣
بابا تاهیری هەمەدانی ........ ٧٤
ئەدەبی کلاسیزمی کوردی - زاری گۆران ........ ٧٧
مەلای پەرێشان ........ ٧٨
بێسارانی ........ ٨٠


### وەرزی دووەم:


ئەدەبی کلاسیزمی کوردی - زاری کرمانجی سەروو ........ ٨٣
مەلای جزیری ........ ٨٤
ئەحمەدی خانی ........ ٨٨
ئەدەبی کلاسیزمی کوردی - زاری کرمانجی خواروو ........ ٩٣
نالی ........ ٩٥
سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی ........ ١٠١
ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە جێگیرکردن و گەشەسەندنی پەخشانی کوردیدا ........ ١٠٢
ڕۆژنامەگەری کوردی لەماوەی نێوان هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا ........ ١٠٤

## نموونەی ئەدەب ١١١

### وەرزی یەکەم:

مەلای باتێ ..... ١١٢
حەسیب قەرەداغی ..... ١١٥
کوردی ..... ١١٧
کانی ..... ١١٩

### وەرزی دووەم:

مەلا تەهای مایی ..... ١٢١
کامەران موکری ..... ١٢٤
مەلا مەحمودی بایەزیدی ..... ١٢٨
میرجەلادەت بەدرخان ..... ١٣٤

## بەشی خوێندنەوە ١٣٧


### وەرزی یەکەم:

لاوکی دەروێشی عەڤدی ..... ١٣٨
بەنداڤا دوکان ..... ١٤٣
دارستان و پاراستنا وان ..... ١٤٦
نڤیسین ..... ١٤٩
هەزارمێرد ..... ١٥٢
ئیسماعیل بێشکچی ..... ١٥٥
چیرۆکی نان و کەوەری خوێناوی ..... ١٥٧

### وەرزی دووەم:

هەڵوێستی جوامێرانە ..... ١٦٣
ئافرەتی کورد ..... ١٦٧
قەدەم خێر ..... ١٧١
گوڵ و گیا لە پزیشکیدا ..... ١٧٣
خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ..... ١٧٥
گەشتێک بە هاوینەهەوارەکانی کوردستاندا ..... ١٧٧

# بەشی ڕێزمان



# خاڵبەندی

## دەستور و ڕاڤە

**نیشانەکانی خاڵبەندی:** ئەو نیشانانەن، کە تایبەتن بە زمانی نوسین، ئەم هێمایانە لە زمانی نوسیندا هەریەکەیان ئەرکێک، یان چەند ئەرکێکیان هەیە، کە خوێندنەوە و نوسینەکان ئاسان و واتادار ئەکەن.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە نیشانەکانی خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا:

### ١- خاڵ ( . )

لە کۆتایی ڕستەیەکی واتادار دادەنرێت و ڕاستەوخۆ دەلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆی.

ئ- کۆتایی ڕستەی هەواڵی، وەک: کوردستان وڵاتێکی جوانە.

ب- کۆتایی ڕستەی داخوازی، وەک: ئەو کتێبانەم بۆ بهێنە.

پ- دەکەوێتە دوای کورتکراوەکان، وەک: پ.د. مارف خەزنەدار.

### ٢- نیشانەی پرسیار (؟):

ئەو نیشانەیە، کە لە کۆتایی هەر ڕستەیەکی پرسیاری، یان ناوەڕۆکێکی پرسیاری هەبێت دادەنرێت و ڕاستەوخۆ دەلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە.

- کەی نوسینەکەت تەواوکرد؟

### ٣- نیشانەی سەرسوڕمان ( ! ):

ئـەم نیشـانە لـە کۆتایـی ئـەو ڕسـتانە دادەنرێـت، کـە گوزارشـتێکی لەنـاکاو بەرانبـەر بەشـتێک دەردەبـڕن، کـە ناوەرۆکێکـی تـرس، یـان تورەبـوون، یـان جوانـی، یـان هەژەنـدەی تیـا دەبینرێـت و ڕاسـتەوخۆ دەلکێنرێـت بـە وشـەکەی پێـش خـۆی.

- ئای خوایە، لە ئەو جوانییە!
- ئۆف دەستی شکاوم!
- خێرا بڕۆ دەرێ!
- ئەی هاوار، فریامبکەون!

### ٤- وێرگوڵ (فاریزە) :

لەنێـوان دوو گوزارشـت، یـان دوو ڕسـتە دادەنرێـت، کـە پەیوەندییـان بەیەکـەوە هەبێـت، یـان لـە دوای نـاوی بانگکـراو دادەنرێـت و ڕاسـتەوخۆ دەلکێنرێـت بـە وشـەکەی پێـش خۆیـەوە بـەڵام لەگـەڵ وشـەکەی دوای خۆیـدا بۆشـایی دەخرێتـە نێوانیـان. وەک:

- ڕێگای پێنجوێن گیراوە، چونکە بەفـرێکی زۆر باریوە.
- منداڵینە، فێری زانست ببن.

### ٥- وێرگوڵ و خاڵ ( ؛ ):

بـۆ ڕونکردنـەوەی دەسـتەواژەیەک، یـان لەنێـوان دوو دەسـتەواژە، کـە هەمـان واتایـان هەبێـت، دادەنرێـت و ڕاسـتەوخۆش دەلکێنرێـت بـە وشـەی پێـش خۆیـەوە بـەڵام لەگـەڵ وشـەی دوای خـۆی بۆشـایی دەخرێتـە نێوانیـان. وەک:

گەرمیان؛ واتا نـاوچـەیـەکی گەرم.

### ٦- نیشانەی ئەستێرە ( ٭ ) :

ئـەم نیشـانە لەجیاتـی ژمارە بەکاردێت بـۆ دروسـتکردنی ڕیزبەنـدی، یان بـۆ ڕونکردنـەوە لـە پەراوێـزی لاپـەڕە و ڕاسـتەوخۆ دەلکێنرێـت بـە وشـەکەی پێـش خۆیـەوە و لەگـەڵ وشـەی دوای خـۆی بۆشـایی دەخرێتـە نێوانیـان. وەک:

٭ هەولێر بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان دادەنرێت.

### ٧- جوت کەوانەی گەورە (...) :

ئەم هێمایە کاتێک بەکاردێت، واتای هەمان وشەی تێدا بنوسرێت، بەمەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتر وەک:

ڕاناو (جێناو) بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن.

### ٨- جوت کەوانەی بچوک ((...)):

ئەم هێمایە لە کاتی وەرگرتنی دەقێک، یان وتەیەک بەبێ دەستکاری دادەنرێت. وەک:

- پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ((پاکی نیوەی باوەڕە))
- پیرەمێرد دەڵێت:

((ئەو شوێنەی کەوا پڕە لە نادان        دانا ناچارە دەرچێ لە ناویان))

### ٩- دووخاڵ ( : ):

لە دوای وشەیەک، یان دەستەواژەیەک دادەنرێت، کە ناساندن و درێژەپێدان و ڕونکردنەوەی زیاتری پێویست بێت، هەروەها ڕاستەوخۆ دەلکێنرێت بە وشەی پێش خۆیەوە و بۆشایی دانانرێت لە نێوانیاندا، بەڵام لەگەڵ وشەکەی دوای خۆیدا بۆشایی دەخرێتە نێوانیان. وەک:

- دایک:

بریتییە لە جوانترین دروستکراوی خودا، کە جێگرەوەی نییە.

### ١٠- هێڵی لار ( / ):

بۆ جیاکردنەوەی ژمارەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەکاردێت و ڕاستەوخۆ دەلکێنرێت بە ژمارەکەی پێش خۆی و دوای خۆیەوە.

– لە ١٩٨٨/٣/١٦ شاری هەڵەبجە کیمیابارانکرا.

## تێبینی

چۆنییەتی بەکارهێنانی دەنگ، یان دانانی هێز و ئاوازە لە سەر بەشەکانی ئاخاوتن واتای جیاواز دروستدەکات و مەبەستی قسەکەر ڕوندەکاتەوە وەک:

- دەچێت بۆ خویندنگا.    - دەچێت بۆ خویندنگا؟    - دەچێت بۆ خویندنگا!

## ڕاهێنان - ١

**وشەی (چەند) لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، بە مەرجێك لە ڕستەی یەکەمدا وشەی سەرسوڕمان بێت و لە ڕستەی دووەمدا وشەی پرس بێت.**

## ڕاهێنان - ٢

**هێڵ بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- وای لە ئەم خانووە بەرزە!

٢- کەی ئاهەنگەکە کۆتایی دێت؟

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی گونجاو هەڵبژێرە:**

١- ئای چ منداڵێکی ژیرە ........

ئـ- ؟　　ب- !　　پ- .　　ت- /

٢- کام لەم نیشانانە دادەنرێت لە دوای وشەیەک بۆ ڕونکردنەوە و ناساندنی زیاتری وشەکە؟

ئـ- .　　ب- !　　پ- :　　ت- /

٣- بۆ گەورەترین وەستان لە قسەکردندا بەکاردێت:

ئـ- ،　　ب- ؟　　پ- !　　ت- .

٤- دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ:

ئـ- ؟　　ب- !　　پ- /　　ت- ،

٥- بۆ وەستانێکی کورت لەنێوان دوو دەستەواژە دادەنرێت، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت:

ئـ- /　　ب- !　　پ- .　　ت- ،

# ئامرازی بانگکردن

## دەستور و ڕاڤە

**ئامرازی بانگکردن :** ئەو ئامرازەیە، کە بۆ بانگکردن، یان ئاگادارکردنەوەی کەسێک (ناوێک یان جێناوێکی سەربەخۆ)، یان زیاتر بەکاردێت.

- دیارترین ئامرازەکانی بانگکردن ئەمانەن:

(ئەی، هۆ، ئادەی، ئۆ، هەی، ئا، ئەرێ، هێ، ە، ێ)*

- کەسی بانگکراو دەبێت ڕاستەوخۆ بدوێنرێت، بۆ نموونە:

- کوڕە، ڕێزی دایبابت بگرە.
- ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان، نیشتمان پێویستی پێتانە.
- هۆ مام بایز، ئاسایشی خۆراک لە دەستی تۆی جوتیارە.
- کیژێ، بەبێ بەشداری تۆ وڵات پێشناکەوێت.
- ئادەی ئێوە، پۆلەکە پاکبکەنەوە.

- ناوی بانگکراو ئەگەر کۆ بوو، بە ئامرازی بانگکردنی (ە) وریابکرێتەوە، ئەوا نیشانەی کۆ (ان) دەگۆڕێت بۆ (ین). وەک:

کوڕان + ە = کوڕینە
کچان + ە = کچینە
← **زانست سەرمایەیەکی نەبڕاوەیە.**

* لە کرمانجی سەروو جگە لەو ئامرازە هاوبەشانەی سەرەوە ئەم ئامرازانە بۆ بانگکردن بەکاردێت:
ێ ، هێ: بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت، وەک: خوشکێ، ژ ئاخافتانا دایکا خۆ دەرنەکەڤە.
ئۆ ، هۆ: بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت، وەک: هۆ برایێ جوتیار، تۆ جهێ شانازیا منی.

- هەندێک جار ناوی بانگکراو دەکەوێتە نێوان دوو ئامرازی بانگکردنەوە. وەک:
  - ئادەی کوڕینە، با دەستپێبکەین.
  - ئا کیژێ، وەرە ئێرە.

- ناوی تایبەتی بۆ وریاکردنەوە پێویستی بە ئامرازی بانگکردن نییە . وەک:
  - ئازاد، کتێبەکەت لای منە. (ئازاد) ناوی بانگکراوە.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم ئامرازانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە و بانگکراوەکەش دەستنیشان بکە:**

(ئـا، ئۆ، ە، ئادەی، هەی)

## ڕاهێنان - ٢

**لەم ڕستانەی لای خوارەوەدا ئامرازی بانگکردن و ناوی بانگکراو دەربهێنە:**

١- دایکە، بەبێ تۆ ناژیم.

٢- ئەرێ مامۆستا، ڕێگام دەدەیت، بچمە دەرەوە؟

٣- هۆ برای جوتیار، مایەی شانازیمانیت.

٤- کوڕینە، ئەمڕۆ ڕۆژی تێکۆشانە.

٥- هەی برایێ کورد، ب ئێکگرتنێ دێ سەرکەڤین.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- لە ڕستەی (ئادەی خوێندکاران، با باخچەی خوێندنگاکەمان بژاربکەین.) ناوی بانگکراو کام لەمانەیە؟

ئـ- تاکی ناسراو ب- تاکی نەناسراو پ- کۆی نەناسراو ت- کۆی ناسراو

٢- چ کاتێک نیشانەی کۆ (ان)ی ناوی بانگکراو دەگۆڕێت بۆ (ین)؟

ئـ- ئامرازی بانگکردن بریتی بێت لە (ە). ب- ئامرازی بانگکردن (ئەی) بێت.

پ- ناوی بانگکراو نێر بێت. ت- ناوی بانگکراو مێ بێت.

٣- لەکام ڕستەدا بانگکراو گرێیەکی ناوییە؟

ئـ- ئا کچێ، باوکت بانگ بکە. ب- ئەرێ برا، تاکەی بێدەنگیت!

پ- هۆ برا، ڕۆمانەکەت هێناوە؟ ت- ئەی برای کوردم، بەهای زمانەکەت بزانە.

٤- کام لەم ئامرازانە بۆ بانگکردن بەکاردێت؟

ئـ- کە ب- تاکو پ- ئادەی ت- بۆ

٥- ئامرازی بانگکردن کام لەمانە بانگدەکات؟

ئـ- ناوی تایبەتی ب- ناوی گشتی پ- جێناوی سەربەخۆ ت- (ب + پ)ڕاستن.

# ئامرازی لێکدەر

## دەستور و ڕاڤە

**ئامرازی لێکدەر :** ئەو ئامرازەیە کە دوو ڕستە، یان زیاتر لێکدەدات و پێکەوەیان دەبەستێت.

- ئامرازە لێکدەرەکان زۆرن، هەندێکیان لە دروستکردنی ڕستەی لێکدراودا بەشداریدەکەن، بەڵام هەندێکی تریان لە دروستکردنی ڕستەی ئاوێتەدا بەشداریدەکەن.

ئەو ئامرازانەی، کە لە دروستکردنی ڕستەی لێکدراودا بەشداریدەکەن دوو جۆرن:

### یەکەم ئەو ئامرازانەی کە دوو ڕستە، یان زیاتر لێکدەدەن

ئەوانیش: (و، یان، یا، یاخود). ئامرازی لێکدەر بەشێک نییە لە هیچکام لە ڕستەکان.

بۆ نمونە:

- شادان چوو بۆ زانکۆ و کەژاڵ چوو بۆ پەیمانگا.
- کتێبەکە بدە بە من، یان بیبە بۆ ئازاد. (کتێبەکە بدە بە من، یا بیبە بۆ ئازاد)
- ڕاپۆرتەکە دەنوسیت، یاخود خۆت بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکەیت؟

- لە ڕستەی لێکدراودا هەر کاتێک ناوێک، یان کارێک هاوبەش بوو لەنێوان ڕستەکاندا پێویست ناکات لە هەموو ڕستەکاندا دووبارە بکرێتەوە. بۆ نمونە:

- ئاری و دابان و نالی بەیەکەم دەرچوون.
- سایە دەچێت بۆ کتێبخانە و دەگەڕێتەوە.
- چیرۆکەکە دەخوێنیتەوە، یاخود ڕۆمانەکە؟

ئەگەر سەرنجی ڕستەکان بدەین، دەبینین، کە هەریەکەیان لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکهاتوون، بەڵام بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە ڕستەکان کورتکراونەتەوە و لێکدراون و ڕستەیەکی لێکدراویان پێکهێناوە، ڕستەی یەکەم لە بنەڕەتدا سێ ڕستە بوو ئەوانیش بریتین لە:

- ئاری بەیەکەم دەرچووو.
- دابان بەیەکەم دەرچووو.
- نالی بەیەکەم دەرچووو.

لەبەرئەوەی هەر سێ ناوەکە (ئاری، دابان، نالی) هەمان کاریان جێبەجێکردووە بە هەمان پلە، بۆیە دەتوانین بە ئامرازی لێکدەری (و) ڕستەکانیان کورتبکەینەوە و بیانکەین بە یەک ڕستەی لێکدراو، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا (سایە دەچێت بۆ کتێبخانە و دەگەڕێتەوە)، ناوی (سایە) هاوبەشە لەنێوان هەردوو ڕستەکەدا، بۆیە پێویست ناکات دووبارەبکرێتەوە.

## دووەم ئەو ئامرازە لێکدەرانەی کە تەنیا دوو ڕستە لێکدەدەن

وەک: (بەڵام، یان...یان، نە...نە، ، ئەگینا، ئینجا / ئەوجا). بۆ نموونە:

- لە خەڵکی ببورە، بەڵام لە خۆت مەبورە.
- یان وەرە لەگەڵمان، یان بڕۆ بۆ بازاڕ.
- نە نان دەخوات، نە دەخەوێت.
- کارەکەت جێبەجێبکە، ئەگینا دوادەکەویت.
- وانەکانت بخوێنە، ئینجا بچۆ بۆ خوێندنگە.
- سێوەکەم بۆ هەڵبگرە، نەک هەنارەکە.

- ئامرازی لێکدەری (و) جگە لە دروستکردنی ڕستەی لێکدراودا دەتوانێت ناوی لێکدراویش دروستبکات و جۆرە گرێیەکیش دروستدەکات، کە لە دیارخەر و دیارخراو پێکنەهاتووە، بۆ نموونە:

- دەنگوباس
- ڤارین و ئازاد یاریدەکەن.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم ئامرازە لێکدەرانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

(کەچی - یاخود - یان - و – نەک)

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ئامرازی لێکدەر پڕبکەوە:**

١- خوشک ........ براکە، مەڕەکانیان دەلەوەڕاند.

٢- ئەوان لە کارەکەی خۆیان بوونەتەوە ....... ئێوە هێشتا هەر لە ماڵەوەن.

٣- پرتەقاڵەکەم بۆ هەڵبگرە ......... هەرمێکە.

٤- بڕۆن ....... ئێوارە زوو وەرنەوە.

٥- چیرۆکێ بۆ من بخوێنە ............. ڕۆمانێ.

## ڕاهێنان - ٣

**لەم ڕستانەی لای خوارەوە ئامرازی (لێکدەر، بانگکردن، پەیوەندی و دانەپاڵ) دەستنیشانبکە:**

١- بەخۆشیی زستان و زەردەخەنەی دوژمن باوەڕمەکە.

٢- دیارییەکەم بۆ خوێندکارەکان ئامادەکردووە.

٣- نەتبیستووە، کە هێز لە یەکگرتندایە.

٤- هۆ کاکی شوان، بلوێر لێدە.

٥- کتێبەکەم بۆ بهێنە ............ کۆمپیوتەرەکە.

## ڕاهێنان - ٤

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- کام لەم ئامرازانە دەتوانێت ئەم دوو ڕستە سادەیە (بەپەلە مەڕۆ، بکەویت.) بکات بە ڕستەی لێکدراو؟

ئـ- و ب- تا پ- نەک ت- یان

٢- کام لەم ئامرازانە دەتوانێت لە دوو ڕستە زیاتر پێکەوە ببەستێت؟

ئـ- و ب- چونکە پ- هەتاوەکو ت- بەڵام

٣- کام لەمانە ڕستەی لێکدراو نییە؟

ئـ- ڕەوەز و ئەژی وێنەکێشن. ب- گەر ڕاهێنانی زیاتر بکەن، باشتر فێردەبن.

پ- گەلی کورد میواندۆستە. ت- (ب + پ) ڕاستن.

٤- ئەو ئامرازەی دوو ڕستە، یان زیاتر لێکدەدات پێیدەگوترێت ..........

ئـ- ئامرازی پەیوەندی ب- ئامرازی لێکدەر

پ- ئامرازی دانەپاڵ ت- ( ئـ+ پ) ڕاستن.

٥- هاوین گەرمە .......... زستان ساردە.

ئـ- یان ب- بەڵام پ- ئینجا ت- ئەگەر

# ڕستەی ئاوێتە

## دەستور و ڕاڤە

**ڕستەی ئاوێتە:** لە ڕستەیەکی واتاداری سەربەخۆ و ڕستەیەکی شوێنکەوتوو پێکدێت و بە یارمەتیی ئامرازی لێکدەر دەدرێنە پاڵ یەکتر.

- بەشەکانی ڕستەی ئاوێتە ئەمانەن:

### یەکەم: شارستە

بەو بەشەی ڕستەی ئاوێتە دەگوترێت، کە واتایەکی تەواو و سەربەخۆ دەدات بە دەستەوە.

### دووەم: پارستە

بەو بەشەی ڕستەی ئاوێتە دەگوترێت، کە واتای تەواو نادات بەدەستەوە و هەمیشە ڕستەیەکی شوێنکەوتووە و واتاکەی بەندە بە واتای شارستەوە ، هەمیشە ئامرازە لێکدەرەکە بەشێکە لە پارستەکە.

- ئەو ئامرازە لێکدەرانەی، کە بەشداریدەکەن، لە دروستکردنی ڕستەی ئاوێتەدا دوو جۆرن و بەشێکیان ڕستەی ئاوێتەی مەرجی دروستدەکەن، بەڵام لێرەدا تەنیا ئەو جۆرەیان دەخەینەڕوو کە مەرجی نین، ئەوانیش بریتین لە: (کە، چونکە، بەڵکو، تا، مەگەر)،هەمیشەش بەشێکن لە پارستە.

چەند نمونەیەک: هێڵ بەژێردا هاتووەکان پارستەن و هێڵ بەژێردا نەهاتووەکان شارستەن.

- ئاشکرایە، <u>کە هێز لە یەکگرتندایە</u>.
- کەرکوک <u>کە لە مێژودا بە (ئارابخا) ناوبراوە</u>، شارێکی کوردستانییە.
- <u>کە من هاتم</u>، تۆ ڕۆیشتبوویت.
- خوێندکارەکە یەکەم دەبێت، <u>چونکە زۆر کۆششدەکات</u>.
- پزیشکەکە هەوڵدەدات، <u>بەڵکو چارەسەر بدۆزێتەوە</u>.
- ناتوانین هەموو کتێبەکان دابەشبکەین، <u>مەگەر ئێوەش یارمەتیمانبدەن</u>.
- هەژارەکەی خستەسەر کار، <u>تا پێویستی بە یارمەتیی کەس نەبێت</u>.
- تە نەبیستییە، <u>کو دلۆڤانی خوێندنا خۆ تەواوکریە</u>.
- ئەو هۆزانێن <u>کو تە ژ بەرکرین</u>، گەلەک خۆشن.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم پاڕستانەی خوارەوە لە ڕستەی ئاوێتەدا بەکاربهێنە:**

١- کە شەرمین بەدوای زانست دەگەڕێت.

٢- کە تۆ بینیوتە.

٣- بەڵکو پێی چاکبێتەوە.

٤- تا ئەوان نەگەڕێنەوە.

٥- کو تە دیتییە.

## ڕاهێنان - ٢

**هێڵ بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- ئەو لاوەی کە دوێنێ هات ، ئامۆزای تۆیە.

٢- نەتبیستوە، کە چیا خوێندنی تەواوکردووە.

٣- هەڵەبجە کە کیمیابارانکرا، شارێکی کوردستانە.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- یەکێک لەم ڕستانە پاڕستەی تێدا نییە:

ئـ- سوار تا نەگلێ نابێت بە سوار.　　ب- من هاتم و ئەو ڕۆیشت.

پ- کە بەهار هات، دەچین بۆ سەیران.　　ت- کە ژینگەت پاراست، تەندروستیت باش دەبێت.

٢- لە ڕستەی ئاوێتەدا وشەی لێکدەر هەمیشە دەکەوێتە:

ئـ- دوای پاڕستە　　ب- سەرەتای شاڕستە　　پ- دوای شاڕستە　　ت- پێش پاڕستە

٣- لە ڕستەی (ئاشکرایە، کە کاروان بە یەکەم دەرچووە). (کە) بریتییە لە:

ئـ- ئامرازی پێناسین　　ب- ئامرازی پەیوەندی　　پ- ئامرازی لێکدەر　　ت- هیچیان

٤- ڕستەی ئاوێتە پێکدێت لە:

ئـ- یەک ڕستە　　ب- دوو ڕستە زیاتر نەبێت

پ- دوو ڕستە یان زیاتر　　ت- سێ ڕستە زیاتر نەبێت

٥- لە ڕستەی (ئەو گوڵەی ئاومدا گەشایەوە.)، ئەرکی گرێ ناوییەکە (ئەو گوڵەی) دەبێتە:


ئـ- بکەر　　ب ـ بەرکار　　پ- نیهاد　　ت- جیگری بکەر

# دروستکردنی ناوی واتایی

## دەستور و ڕاڤە

**نـاوی واتایـی:** ناوێکـە خـۆی لـە خۆیـدا بوونێکـی بەرجەسـتە و سـەربەخۆی نییە و ناتوانیـن لـە سروشـتدا وێنـەی بکێشـین، بـەڵام زۆربەیـان بـەر یەکێک لە هەسـتەکانی مـرۆڤ دەکەون.

- خەون بە سەرکەوتنەوە مەبینە و کاری بۆ بکە.
- چاوەڕوانی چاکە لە دوژمن ناکرێت.
- کردارت جوان بێت.
- کۆکەی نەخۆشەکە جێی مەترسی نییە.
- ڕاستی شەرمی ناوێت.
- کەفتنێ بکە پێنگاڤا سەرکەفتنێ.




(*) لەبـەر ئـەوەی بابەتەکـە نـاوی واتاییە، بە پێویسـتمان نەزانی باسـی ناوی بەرجەسـتە بکەین مامۆسـتایان دەتوانـن هـەر لـە کەرەسـتەکانی ناوپۆل چەندیـن نمونە بۆ نـاوی بەرجەسـتە بهێننەوە.

- **لە زمانی کوردیدا ناوە واتاییەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە:**

### ١- ناوی واتایی بنجی:

ئەو ناوانەن، کە هەر خۆی لە بنەڕەتدا ناوی واتایین و بەپێی هیچ یاسا و دەستورێکی ڕێزمانی دانەتاشراون، وەک: (خەم، بڕوا، هۆش، هێز، خەون، شەرم، ...هتد)

### ٢- ناوی واتایی دەستکرد ( دروستکراو ):

ئەو ناوانەن، کە لە بنەڕەتدا ناوی واتایی نین، بەڵکو خۆمان لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر دایاندەتاشین و دروستیاندەکەین، بەیارمەتیی هەندێک پاشگر، کە بەزۆری ئەمانەن:
(ی - ەتی - یەتی - ایەتی - ێتی - ێنی ...هتد)

| ١- ناو + پاشگر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| منداڵ | + | ی | ← | منداڵی |
| پیاو | + | ەتی | ← | پیاوەتی |
| برا | + | ەیەتی | ← | برایەتی |
| کورد | + | ایەتی | ← | کوردایەتی |
| کچ | + | ێنی | ← | کچێنی |

| ٢-هاوەڵناو (سادە یان نادسادە) + پاشگر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جوان | + | ی | ← | جوانی |
| ئازا | + | یەتی | ← | ئازایەتی |
| مەرد | + | ایەتی | ← | مەردایەتی |
| قوڵ | + | ایی | ← | قوڵایی |
| چاک | + | ە | ← | چاکە |
| گەرم | + | ا | ← | گەرما |
| چل | + | ە | ← | چلە |
| سەد | + | ە | ← | سەدە |
| خۆشەویست | + | ی | ← | خۆشەویستی |
| دڵسۆز | + | ی | ← | دڵسۆزی |
| خەمخۆر | + | ی | ← | خەمخۆری |

| ٣- ڕەگی کار + پاشگری (ە) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پرسین (پرس) | + | ە | ← | پرسە |
| ناڵین (ناڵ) | + | ە | ← | ناڵە |
| کۆکین (کۆک) | + | ە | ← | کۆکە |
| تەقین (تەق) | + | ە | ← | تەقە |
| گریان (گری) | + | ە | ← | گریە |

| ٤-هەندێک ڕەگی کار خۆی بەتەنیا دەبێتە ناوی واتایی | |
|---|---|
| ترسان | ترس |
| خەوتن | خەو |
| جەنگان | جەنگ |

| ٥ - قەدی چاوگ + پاشگری (ار) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کوشت | + | ار | ← | کوشتار |
| کرد | + | ار | ← | کردار |

| ٦ - هەموو چاوگێک لە ڕستەدا بە ناوی واتایی هەژماردەکرێت |
|---|
| نوسین، ژیان، پێکەنین، سەرکەوتن، ئازادکردن، هەوڵدان ... هتد |

- ناوی واتایی وەک هەر ناوێکی تر لە ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت ، کە ئەمانەن: (نیهاد، بکەر، بەرکار، جێگری بکەر، دیارخەری ناو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، تەواوکەری ڕاستەخۆی کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو).

## ڕاهێنان - ١

**پێنج چاوگی دەنگی بهێنەوە و ناوی واتاییان لێ دروستبکە:**

## ڕاهێنان - ٢

**ناوی واتایی (ئازادی) لە سێ ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك ببێت بە:**

١- جێگری بکەر  ٢- بەرکار  ٣- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- کام لەم ناوە واتاییانە بە یاسای (هاوەڵناوی سادە + پاشگر) دروستبووە؟

ئـ - مەلەوانی  ب- کوردایەتی  پ- کردار  ت- گەرما

٢- لە ڕستەی (خواردن وزە بە مرۆڤ دەبەخشێت) ناوە واتاییەکان ئەرکیان چییە؟

ئـ- بکەر و بەرکار  ب- تەواوکەری بەیاریدە و بکەر

پ- نیهاد و تەواوکەری بەیاریدە  ت- بکەر و دیارخەری ناو

٣- یاسای دروستبوونی ناوی واتایی (خۆشەویستی) بریتییە لە:

ئـ - قەد+ پاشگر  ب- ڕەگ + پاشگر  پ- ناو + پاشگر  ت- هاوەڵناو + پاشگر

٤- لە ڕستەی (ئاشتی بەرقەرارکرا) ئەرکی ناوی واتایی (ئاشتی) چییە؟

ئـ- بەرکارە  ب- بکەرە  پ- دیارخەرە  ت- جێگری بکەرە

٥- یەکێک لە ئەمانە ناوی واتایی بنجییە:

ئـ- دیدار  ب- چاکە  پ- شەرم  ت- دانایی

## ڕاهێنان - ٤

**هێڵ بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- زانست سەرچاوەی کامەرانییە.

٢- گریەی منداڵەکە ئێمەی دڵتەنگکرد.

٣- چلەی هاوین تەواوبوو.

# هاوەڵناوی ژمارە

## ١- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی

### دەستور و ڕاڤە

**هاوەڵناوی ژمارەی بنجی:** ئەو هاوەڵناوەیە، کە ناوە ژمێرراوەکەی دوای خۆی بە ژمارە دەستنیشاندەکات و سنورێکی بۆ دادەنێت.

- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لە ژمارە (یەک، دوو ،سێ....) دەگرێتەوە.
- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی هەمیشە دەکەوێتە پێش ناوە ژمێرراوەکە و پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نییە.
- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی دەبێتە دیارخەر بۆ ناوە ژمێرراوەکەی دوای خۆی و ناوەکەش دەبێتە دیارخراو، دیارخەر و دیارخراویش گرێی ناوی پێکدەهێنن و لە ڕستەدا تەواوی ئەرکەکانی ناو دەبینن.

**هاوەڵناوی ژمارەی بنجی + ناو = گرێی ناوی**

دیارخەر    دیارخراو

گرێی ناوی

سێ خوێندکار خەڵاتدەکەم

دیارخەر    دیارخراو

گرێی ناوییە ، بەرکارە

- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی دەکرێت بە سێ جۆر:

**١- هاوەڵناوی ژمارەی بنجیی سادە:**

لە ژمارە (یەک، دوو، سێ...... نۆ) دەگرێتەوە. وەک:

- دوو چیرۆکم خوێندەوە.
- پێنج گوڵدانت لەبەر هەتاو داناوە.

## ٢- هاوەڵناوی ژمارەی بنجیی سەرەگرێ:

ژمارەکانی (دە، بیست، سی، ...... هتد) دەگرێتەوە. وەک:

- بیست خوێندکار لە پۆلەکەدان.
- سەد فەرمانبەر خانەنشین بوون.
- هەزار بەشداربوویان هەیە.

## ٣- هاوەڵناوی ژمارەی بنجیی لێکدراو

چوار جۆرە:

أ لە دوو ژمارەی بنجیی تێکەڵ: بە تێکەڵکردنی دوو ژمارە پێکدێت و لە ژمارە (یازدە تا نۆزدە) دەگرێتەوە. وەک:

- حەڤدە نەمامی لە باخچەی خوێندنگاکەدا چاند.

ب لە دوو ژمارەی بنجیی سادە، یان زیاتر بە یارمەتیی ئامرازی (و) پێکدێت. وەک:

- بیست و حەوت کەس لە کۆڕەکە ئامادەبوون.
- سەد و پەنجا و نۆ خوێندکار بەشداری تاقیکردنەوە دەکەن.

پ لە دوو ژمارەی بنجیی سادە بەبێ یارمەتیی ئامرازی لێکدەر (و) پێکدێت. وەک:

- سێ چوار کەس هاتن.
- بیست سی میوانیان هەبوو.

ت بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤێک لەگەڵ هاوەڵناوی ژمارەی بنجی، کە پێکەوە دەخرێنە پێش ناوە ژمێرراوەکە بۆ دەستنیشانکردنی بڕی ناوەکە پێکدێت. وەک:

١- **نەفەر:** بۆ مرۆڤ بەکاردێت.

دوو نەفەر کەبابی هێناوە.

٢- **سەر:** بۆ ئاژەڵ بەکاردێت.

پێنج سەر مەڕی فرۆشت.

٣- **دەستە:** بۆ ئەو شتانە بەکاردێت، کە بەدەستە دەفرۆشرێن. (قەڵەم، کەوچک، نوێن...هتد).

یەک دەستە قەڵەمم کڕی.

**٤- بەرگ:** بۆ کتێب بەکاردێت.

سێ بەرگ کتێبی ڕێزمانم کڕی.

**٥- پارچە:** بۆ زەوی و قوماش بەکاردێت.

سەد پارچە زەوی بەسەر مامۆستایاندا دابەشکرا.

دوو پارچە قوماشی جوانی کڕی.

**٦- بن، بنە:** بۆ داروردەخت بەکاردێت.

شەش بنە دارم ڕواند.

**٧- دانە:** بۆ شتی ژمێرراو بەکاردێت.

دوو دانە دەرگام بۆیەکرد.

**٨- جوت:** بۆ پێڵاو و گۆرەوی و دەستکێش بەکاردێت.

دوو جوت پێڵاوم هەیە.

**٩- کیلۆ:** زیاتر بۆ شتی نەژمێرراو بەکاردێت.

دوو کیلۆ برنجم لێنا.

## چەند تێبینییەکی گرنگ

- ئەو ناوەی دەکەوێتە دوای هاوەڵناوی ژمارەی بنجییەوە دەبێت تاک بێت، بەڵام ئەگەر کۆ بوو، ئەوا (گرێی هاوەڵناوی) دروستدەکات. وەک:

  – منداڵی شەش ساڵان دەچێتە قوتابخانە.

- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی بەبێ ئامراز دەخرێتە پێش ناوە ژمێردراوەکە، بەڵام ئەگەر ئامرازی دانەپاڵی (ی) کەوتە نێوانیانەوە، ئەوا (گرێی هاوەڵکاری) دروستدەکات، کە هەمیشە لەگەڵ ناوی مانگەکاندا دێت.

  – پێنجی ئازار گەلی کورد ڕاپەڕی.

  گرێی هاوەڵکاری کاتە و تەواوکەری کارە.

- هەندێک جار هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لەگەڵ ناوێکدا (هاوەڵناوی لێکدراو) دروستدەکات.

  - لە بڕیارداندا دوودڵ مەبە.
  - خۆت لە مرۆڤی دووڕوو بپارێزە.
  - مانگی یەکشەوە کەوانەییە.

- ژمـارە (دە) و (دەجارەکانـی) وەک: (دە ، سـەد ، هـەزار ...هتد) دەتوانن نیشـانەی (ان)ی کۆ وەربگرن.

  - دەیـان پێشمەرگە خەڵاتکران.
  - سەدان درەختم لە باخەکەدا چاند.

- ئەگـەر ئامـرازی (و) کەوتـە نێـوان دوو ژمـارەوە، ئەوا گومان لە ڕاسـتی و دروسـتی ژمارەکـە ناکرێت، بەڵام ئەگەر گومان لە ڕاستی و دروسـتی ژمارەکە کـرا، ئەوا ئامرازی لێکـدەری (و) بەکارنایەت، وەک:

  - بیست و چوار قوتابی لە پۆلەکەدان.
  - چوار پێنج قوتابی لە پۆلەکەدان.

- لـە ژمـارە (بیسـت) بـە ولاوە، ئەگەر گومان لە ڕاسـتی و دروسـتی ژمارەکـە بکرێت، ئـەوا تەنیـا سـەرەگرێکان دەگوترێت. وەک:

  - بیست سی کەس دەبوون.
  - سی چل کەس هاتن.

- پەیڤـی (ئەوەنـدە – ئەمەنـدە) پێـی دەگوترێـت هاوەڵنـاوی نادیار و لە (سـێ تـا نۆ) دەگرێتـەوە، بـۆ گومانکـردن لـە ڕاسـتی و دروسـتی ژمارەکـە بەکاردێـت، هەرچەندە ئامـرازی لێکـدەری (و) لەنێوانیانـدا بەکاردێت. وەک:

  - بیست و ئەوەندە ساڵە تۆم نەبینیوە.

- هاوەڵنـاوی ژمـارەی بنجـی لەگـەڵ نـاوە دیارخراوەکەیـدا دەبـن بـە گرێـی ناوی و هەمـوو ئەرکەکانـی نـاو دەبینێـت.

(نیهـاد، بکـەر، بەرکار، جێگری بکەر، دیارخـەری ناو، تەواوکەری بەیاریـدەی کاری تەواو، تەواوکـەری ڕاسـتەوخۆی کاری ناتەواو، تەواوکـەری بەیاریـدەی کاری ناتەواو)

## ڕاهێنان - ١

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:**

١- جیاوازیی نێوان هاوەڵناوی ژمارەی بنجیی لێکدراو بەهۆی ئامرازی لێکدەر و هاوەڵناوی ژمارەی بنجیی لێکدەر بەبێ ئامرازی لێکدەر چییە؟ وەڵامەکەت بە نمونە بنوسە.

٢- هاوەڵناوی ژمارەی بنجیی لێکدراو بە چەند ڕێگا دروستدەکرێت؟ بیاننوسە بە نمونەوە.

## ڕاهێنان - ٢

**هێڵ بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- چوار نەمام لە باخچەکەدا بڕوێنە.

٢- دوو دانە قەڵەمم کڕی.

٣- بیست و پێنج ماڵ ل گوندی تەرش و کەوال خودانکەن.*

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی دەکەوێتە کوێی ناوە ژمێراوەکەوە؟

ئ- پێشی ب- دوای پ- پێش و دوا ت- هیچیان

٢- کام لەم ژمارانە هاوەڵناوی بنجیی تێکەڵە؟

ئ- هەشت ب- دوازدە پ- بیست ت- سی و سێ

٣- ئامرازی لێکدەری (و) لەنێوان دوو ژمارەدا دانانرێت، ئەگەر:

ئ- گومان لە ڕاستی و دروستیی ژمارەکە هەبێت. پ- ژمارەکان لە دوو خانەی جیاواز بن.

ب- گومان لە ڕاستی و دروستیی ژمارەکە نەبێت. ت- ژمارەکان لە یەک خانەی ژماردن بن.

٤- هاوەڵناوی نادیار (ئەوەندە) لە ژمارە ........ بۆ ........ دەگرێتەوە.

ئ- ( ١١ – ١٩ ) ب- ( ٢٠ – ٣٠ ) پ- ( ١ – ٩ ) ت- ( ٣ – ٩ )

٥- لە ڕستەی (لە چواردەی تەموزدا ڕژێمی پاشایەتی گۆڕا)، (لە چواردەی تەموزدا) چییە؟

ئ- گرێی هاوەڵناوییە. ب- هاوەڵناوی لێکدراوە.

پ- هاوەڵناوی ژمارەی سەرەگرییە. ت- گرێی هاوەڵکارییە.

* تەرش و کەوال: مەڕومالات

# هاوەڵناوی ژمارە

## ٢-هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن

### دەستور و ڕاڤە

**هاوەڵنـاوی ژمـارەی ڕێکخسـتن :** ئـەو هاوەڵناوەیـە، کـە پلـەی ژمێرراوەکـەی خۆی بەشـێوەی ڕیزبەنـدی، یـان زنجیرەیی پیشـاندەدات:

- هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە دروستدەکرێت*:

| هاوەڵناوی ژمارەی بنجی + (ەم – ەمین) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| یەک | + | (ەم یان یەمین) | ← | یەکەم - یەکەمین |
| بیست | + | (ەم یان یەمین) | ← | بیستەم - بیستەمین |
| چل و چوار | + | (ەم یان یەمین) | ← | چل و چوارەم - چل و چوارەمین |

- ئەگـەر هاوەڵنـاوی ژمارەی بنجی بە پیتـی بزوێنـی (ا، ۆ، ێ ە، ی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا پێویسـتە ناوبەنـدی (ی)ی نەبزوێـن لەنێوان ژمارەکـە و پاشـگرەکەدا دابنێین، چونکە دوو بزوێـن بـەدوای یەکتردا نایێن.

| هاوەڵناوی ژمارەی بنجی + ناوبەندی (ی) + (ەم – ەمین) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەنجا | + | ناوبەند (ی) | | (ەم یان ەمین) | ← | پەنجایەم - پەنجایەمین |
| نۆ | + | ناوبەند (ی) | | (ەم یان ەمین) | ← | نۆیەم - نۆیەمین |
| سێ | + | ناوبەند (ی) | | (ەم یان ەمین) | ← | سێیەم - سێیەمین |
| دە | + | ناوبەند (ی) | | (ەم یان ەمین) | ← | دەیەم - دەیەمین |
| سی | + | ناوبەند (ی) | | (ەم یان ەمین) | ← | سییەم - سییەمین |

* هاوەڵنـاوی ژمـارەی ڕێکخسـتن لـە ڕووی پێکهاتنـەوە داڕێـژراوە، یـان لێکـدراوە. ژمارەکـانی (١ تـا ٩) و سـەرەگرێکان، کـــە دەیانکەیـن بـــە هاوەڵنـــاوی ژمـــارەی ڕێکخســـتن لە ڕووی پێکهاتنـــەوە داڕێـــژراون، بـەڵام ژمـارەکانی تر لێکدراون.

- ئەگــەر هاوەڵنــاوە ژمارەیەکە بــە (وو)ی بزوێنی درێژ کۆتایی هاتبــوو، ئەوا یەک (و) لە پیتــی (وو)ی درێــژ لادەبرێت و ناوبەندی (و) دەخرێتە نێوان وشــەکە و پاشــگرەکەوە، چونکــە دوو بزوێن بــە دوای یەکتردا نایێن. وەک:

| هاوەڵناوی ژمارەی بنجی + ناوبەندی (و) + (ەم – ەمین) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دوو | + | ناوبەند (و) | (ەم یان ەمین) ⟵ | دووەم – دووەمین |

- هاوەڵنــاوی ژمــارەی ڕێکخســتن دەکەوێتە پێــش و دوای ناوە دیارخراوەکــەوە، ئەگەر کەوتە پێشــی ئەوا پێویســتی بە ئامــرازی دانەپاڵی (ی) نییە، بەڵام ئەگــەر کەوتە دوای، ئەوا پێویســتی پێیەتی*. وەک:
  - یەکەمین خوێندکار خەڵاتکرا.
  - ئەندازیاری یەکەم نەخشەی تەلارەکەی کێشا.

- هاوەڵنــاوی ژمــارەی ڕێکخســتن لەگەڵ نــاوە دیارخراوەکەیــدا دەبن بە گرێــی ناوی و هەمــوو ئەرکەکانی نــاو دەبینن.
(نیهــاد، بکــەر، بەرکار، جێگــری بکــەر، دیارخەری نــاو، تەواوکەری بەیاریــدەی کاری تەواو، تەواوکەری ڕاســتەوخۆی کاری ناتەواو و تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو)

- لــە زاری کرمانجــی ســەرودا هاوەڵنــاوی ژمــارەی ڕێکخســتن بە هۆی پاشــگری (ێ) دروســتدەکرێت. بــۆ نمونە:

ئێک + ێ = ئێکێ　　　　پێنج + ێ = پێنجێ

- خوێندکارا ئێکێ دهێتە خەڵاتکرن.

بــەڵام ئەگــەر هاوەڵنــاوە ژمارەییەکــە بە پیتــی بزوێن کۆتایــی هاتبوو، ئــەوا ناوبەندی (ی) دەخرێتــە نێــوان ژمارەکە و پاشــگرەکەوە. وەک:

سێ + ناوبەندی (ی) + پاشگری (ێ) = سێیێ

- کۆنگرێ دوویێ یێ مامۆستایێن کورد ل سالا (١٩٦٠)ێ ل شەقلاوە هاتەگرێدان.

---

* ئەو هاوەڵناوە ژمارە ڕێکخســتنانەی پاشــگری (ەم)یان وەرگرتووە، وا پەســەندترە بکەوێتە دوای ناوە دیارخراوەکەوە، ئەوانەش بەهۆی پاشــگری (ەمین) ەوە دروســتکراون بکەونە پێش ناوە دیارخراوەکەوە.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم هاوەڵناوە ژمارە بنجییانە بکە بە هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

(بیست و سێ - سەد و هەشتا - نۆزدە - سی - چل و چوار )

## ڕاهێنان - ٢

**- جیاوازیی نێوان هاوەڵناوی ژمارەی بنجی و هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن چییە؟**

- لە ڕووی پێکهاتنەوە.

- لە ڕووی بەکارهێنانەوە.

**- ئایا دەتوانرێت لە شوێنی هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن هاوەڵناوی ژمارەی بنجی دابنرێت؟ ڕوونیبکەوە.**

## ڕاهێنان - ٣

**بە نموونەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:**

١- چ کاتێک هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن پێویستی بە ناوبەندە؟

٢- چ کاتێک هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵە؟

٣- سێ لە ئەرکەکانی ئەو گرێ ناوییانە بنوسە، کە بەهۆی هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستنەوە دروستدەبن

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- کام لەم ژمارانە پێویستی بە ناوبەندە، کاتێک پاشگری (ەم) بخەینە سەری؟

ئـ- چوار ب- سێ پ- حەوت ت- بیست

٢- هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن دەکەوێتە کوێی ناوی دیارخراوەکەوە؟

ئـ- تەنیا پێشی ب- تەنیا دوای پ- پێش و دوای ت- هەمووویان

٣- لە ڕستەی (شەشەمین خوێندکار خەڵاتکرا) وشەی (شەشەمین) چییە؟

ئـ- هاوەڵناوی ژمارەی بنچیی تێکەڵ ب- هاوەڵناوی ژمارەی بنچیی سادە

پ- هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن ت- هاوەڵناوی ژمارەی بنچیی لێکدراو

٤- لە ڕستەی (مەولەوی یەکەمین شاعیر بوو، کە کێشی برگەیی زیندووکردەوە) ئەرکی (یەکەمین) چییە؟

ئـ- دیارخەری ناوی شاعیرە. ب- دیارخەری ناوی مەولەوییە.

پ- نیهادە. ت- بکەرە.

٥- لە ڕستەی ( دووەمین کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقڵاوە بەسترا) هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن دیارخەری کام لەمانەیە؟

ئـ- ناوی نەناسراو ب- ناوی تاکی ناسراو

پ- ناوی کۆی نەناسراو ت- گرێی ناوی

# هاوەڵناوی ژمارە

## ٢-هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی

### دەستور و ڕاڤە

**هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی:** ئەو هاوەڵناوەیە، کە بەشێک لە ژمارە تەواوەکە پیشاندەدات و واتای چەندی دەگەیەنێت و ئەندازەی ناوە دیارخراوەکە بەشێوەی کەرت دەخاتەڕوو.

- **چۆنیەتی خوێندنەوەی هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی*:**

١-ئەگەر کەرتێک ژمارەی سەرەی نیوەی ژمارەی ژێرە بوو، ئەوە بە نیو دەخوێنرێتەوە، وەک:

$\frac{١}{٢}$ ، $\frac{٢}{٤}$ ، $\frac{٣}{٦}$ ، $\frac{٤}{٨}$، $\frac{٥}{١٠}$ ... هتد هەر هەموویان بە (نیوە یان نیو) دەخوێنرێنەوە.

- نیوەی مەڕەکانی فرۆشتووە. - نیو پارچە زەویم کڕی.

٢- ئەگەر کەرتێک ژمارەی سەرە (یەک) بوو، بەڵام ژمارەی ژێرە (سێ، یان زیاتر بوو)، ئەوە لە پێشدا ژمارەی ژێرە دەخوێنرێتەوە، ئینجا سەرە وەک:

$\frac{١}{٣}$ ، $\frac{١}{٤}$ ، $\frac{١}{٥}$ ... هتد : سێیەک، چواریەک، پێنجیەک

- سێیەکی زەوییەکەم دا بە ئازادی برام.
- سێیەکا (سێ ئێکا) پەزێن خۆ من فرۆت.

٣- ئەگەر کەرتێک ژمارەی سەرە (دوو، یان زیاتر بوو)، ئەوە بەشێوەی (سەرە لەسەر ژێرە) دەخوێنرێتەوە، وەک:

$\frac{٢}{٣}$ ، $\frac{٣}{١٠}$ ، $\frac{٨}{١٤}$ ... هتد : دوو لەسەر سێ، سێ لەسەر دە، هەشت لەسەر چواردە

- دوو لەسەر سێی پڕۆژەکە تەواوبووە.

* هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی لە ڕووی پێکهاتنەوە لێکدراوە، جگە لە (نیوە ، نیو).

- شـێوەی (دەیـی)ش، بــە هاوەڵناوی ژمــارەی کەرتــی دادەنرێـت و بە ئەم شـێوەیەی لای خــوارەوە دەخوێنرێنەوە:

ئـ- ٠,٧ لە دەیا حەوتی خوێندکاران بەشداریی خولی هاوینەیان کردووە.

ب- ٠,٣٥ ژ سەدا سیی و پێنج کرێکارێن ڤێ کارگەهێ نەخوێندەڤانن.

پ- ٠,١٢٣ لە هەزارا سەد و بیست و سێی گوندەکانی ئەم سنورە ئاوەدانکراونەتەوە.

- هاوەڵنــاوی ژمــارەی کەرتی هەمیشــە پێــش نــاوە دیارخراوەکە دەکەوێت و پێویستیشــی بە ئامــرازی دانەپاڵــی (ی) هەیە.

- نیوەی دیارییەکانم دابەشکرد.

- سێیەکی فەرمانبەران لە پشودان.

- دوو لەسەر حەوتی درەختەکان گەشەناکەن.

- لە دەیا نۆی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکە بەشداری دەکەن.

- بــەڵام ئەگــەر نــاوە دیارخراوەکــە پێویســتی بــە یەکێـک لــەو پەیڤانــە هەبـوو، کــە بـڕی نــاوە دیارخراوەکــە دەستنیشــاندەکات، ئــەوا ئامــرازی (ی)ی دانەپــاڵ بەکارناهێنرێـت، وەک:

- نیو پارچە زەویم کڕی.

- نیو دەستە کەوچک بە چەندە؟

- نیو نەفەر کەبابی خوارد.

- هاوەڵنــاوی ژمــارەی کەرتــی لەگەڵ نــاوە دیارخراوەکەیــدا دەبن بە گرێی نــاوی و هەموو ئەرکەکانی نــاو دەبینن.

(نیهــاد، بکــەر، بــەرکار، جێگری بکــەر، دیارخەری نــاو، تەواوکــەری بەیاریــدەی کاری تەواو، تەواوکــەری ڕاســتەوخۆی کاری ناتــەواو و تەواوکــەری بەیاریــدەی کاری ناتــەواو)

## ڕاهێنان - ١

**ئەم هاوەڵناوە ژمارەییە کەرتییانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

( چواریەک، سێ لەسەر هەشت، نیوە، لە دەیا حەوت)

## ڕاهێنان - ٢

**جیاوازی لەنێوان هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن و هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی چییە، بە نموونە وەڵامەکەت بسەلمێنە.**

## ڕاهێنان - ٣

**هۆی چەوتی ئەم ڕستانەی خوارەوە بنوسە و لەدوایدا شێوە ڕاست و دروستەکەی بنوسەوە:**

١- ساڵی دووەمین ڕاپەڕینی گەلی کوردستان؛ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران.

٢- کرێکاری دووی کارگەکەمان پاداشتکرا.

٣- مەولەوی یەک شاعیر بوو، کە کێشی بڕگەیی زیندووکردەوە.

٤- پێنج لەسەر یەکی مەڕەکانی فرۆشت.

٥- سێ لەسەر دووی پشکەکانم کڕی.

## ڕاهێنان - ٤

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- ئەو هاوەڵناوەی کە بەشێک لە ژمارەیەکی تەواو پیشاندەدات پێی دەگوترێت:

ئـ- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی　　ب- هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن

پ- هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی　　ت- هەمووویان

٢- کام لەم هاوەڵناوانە هەمیشە دەکەوێتە پێش ناو و پێویستی بە ئامراز هەیە؟

ئـ- بیست　　ب - بیستەم　　پ- بیستیەک　　ت- بیست و یەک

٣- لە ڕستەی (چواریەکی خوێندکاران بەشداری خولی بەهێزبوونی زمانیان کردووە) ئەرکی (چواریەک) چییە؟

ئـ- نیهادە　　ب- بکەرە　　پ- دیارخراوە　　ت- دیارخەرە

٤- لە ڕستەی (سێ لەسەر پێنجی کچانی ئێمە بەشداری چالاکییەکانیی خوێندنگا دەکەن). هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی بووەتە دیارخەر بۆ:

ئـ- ناوێکی تاکی ناسراو　　ب-گرێیەکی ناوی

پ- ناوێکی کۆی نەناسراو　　ت- ناوێکی کۆی ناسراو

٥- هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی دەکەوێتە کوێی ناوە دیارخراوەکەوە؟

ئـ-پێش　　ب- دوا　　پ- پێش و دوای　　ت- هەمووویان

# هاوەڵناوی نادیار

## دەستور و ڕاڤە

**هاوەڵناوی نادیار:** هاوەڵناوێکە جۆر و چۆنییەتی، یان ژمارە و بڕی ناوەکە بەشێوەیەکی نادیار دەستنیشاندەکات.

- ئەو وشانەی دەتوانن ڕۆڵی هاوەڵناوی نادیار ببینن ئەمانەن:

(هین، گەلێک(گەلەک)، هەندێک(هندەک)، زۆر، کەمێک(کێم)، هیچ، بڕێک، چەند، دی، دیکە، تر(دن)، کە، وا(وەسا – هوسا)، ئاوا، وەها، ئاوەها، هەر، هەموو(هەمی)، گشت، چەندین، ئەوەندە)

- شتی هین مەفرۆشە.
- گەلەک باژێرا گەڕیام.
- هەندێک هاوڕێت لەم زانکۆیە وەرگیراون.
- خەڵاتێکی زۆریان بۆ مامۆستا هێنا.
- وی کێم ئاڤ ڤەخوار.
- هیچ دارێک مەبڕەوە.
- بڕێک گەنمیان چاندووە.
- چەند جوتیارێکی چالاکمان هەیە.
- نەمامێکی تر بڕوێنە.
- خوێندکارێکی کە بانگبکەن. - خوێندکارێکی دی بانگبکەن. - خوێندکارێکی تر بانگبکەن.
- هەر فێقیەکی تامەک هەیە.
- لە هەموو هەورێک باران نابارێت.
- لە جەژندا چەندینماڵە خزمیان بەسەرکردەوە.
- ئەوەندە دیارییان بۆ هێنابوو، سەرسامیان کرد.
- من دیمەنێ هوسا نەدیتییە.

**هاوەڵناوی نادیار لە ڕستەدا دەتوانێت ئەم ئەرکانە ببینێت:**

١ دەبێتە دیارخەری ناو و (گرێی ناوی) دروستدەکات، ئەگەر کەوتە پێش ناوە دیارخراوەکە، ئەوا پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت، بەڵام ئەگەر کەوتە دوای پێویستی پێی دەبێت.

- زۆر خەڵک دەناسم.
- خەڵکێکی زۆر دەناسم.

٢ دەبێتە دیارخەری هاوەڵناوێکی چۆنیەتی و ڕادەی هاوەڵناوە چۆنیەتییەکە پیشاندەدات. وەک:

- دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە.

٣ دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. وەک:

- چێشتەکە زۆرە.
- نەخشەکەمان ئەوها بوو.

- هەندێک لەو وشانەی پێشتر باسکران لە ڕستەدا دەبن بە (هاوەڵکاری چەندی) و ئەرکیان دەبێت بە تەواوکەری کار بەمەرجێک وەسفی کاربکەن. لەوانە: (زۆر، کەمێک، تۆزێک، هەندێک، گەلێک).
  - کوڕم، هەرگیز زۆر مەدوێ.
  - کەمێک دانیشتم.

- پەیڤی (هین) دەتوانێت ببێت بە (جێناوی نادیار) و لە ڕستەدا بەکاربهێنرێت و هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت.
  - هین نەهاتووە.

- پەیڤی ( هەر ) وەک (هاوەڵناوی نادیار و هاوەڵکاری جەختکردن)یش لە ڕستەدا دێت.
  - هەر کتێبێکت کڕی، بیخوێنەوە. (هەر) هاوەڵناوی نادیارە.
  - هەر دێم بۆ سەیران. (هەر) هاوەڵکاری جەختکردنە.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم پەیڤانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمەرجێك جارێك ببن بە هاوەڵناوی نادیار) و جارێکیش ببن بە (هاوەڵکاری چەندی).**

(کەمێک، زۆر، هەندێک)

## ڕاهێنان - ٢

**هاوەڵناوێکی نادیار لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، جارێکیان ببێتە دیارخەری ناو بەهۆی ئامرازی دانەپاڵ و جارێکی تر بەبێ ئامرازی دانەپاڵ.**

## ڕاهێنان - ٣

**هێڵ بەژێر داهاتووەکان شیبکەوە:**

١- چەند کتێبێک دەکڕم.

٢- وێنەیەکێ وەسا دکێشم.

## ڕاهێنان - ٤

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- لە ڕستەی (چەند منداڵێک یاریدەکەن) وشەی (چەند) ئەرکی چییە؟

ئ- نیهادە ب- دیارخەری ناوە

پ- بەرکارە ت- تەواوکەری بەیاریدەیە

٢- یەکێک لەم هاوەڵناوە نادیارانە هەمیشە دەکەوێتە دوای ناوەکەوە و پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ دەبێت.

ئ- تر ب- کەمێک

پ- هەموو ت- گەلێک

٣- لە ڕستەی (هەر دەرۆم) وشەی (هەر) دەبێت بە چی؟

ئ- هاوەڵناوی نادیار ب- جێناوی نادیار

پ- هاوەڵناوی ژمارە ت- هاوەڵکاری جەختکردن

٤- کام لەمانە هاوەڵناوی نادیار نییە؟

ئ- ئەی ب- زۆر

پ- چەند ت- هین

٥- لەکام لەم ڕستانەدا هاوەڵناوی نادیار ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواوە؟

ئ- بەفرێکی زۆر باری. ب- پرسیارەکان زۆر ئاسان بوون.

پ- خواردنەکە زۆر بوو. ت- لافاوەکە زیانی زۆر بوو.

# جێناوی نادیار

## دەستور و ڕاڤە

**جێنـاوی نادیـار:** وشـەیەکە لەبـری ناوی کەسـێک، یـان گیانداریک، یان هەر شـتێکی تر بەکاردەهێنرێـت، بـەڵام ناوەکـە بەئاشـکرا دیار نییە، کە کێیـە و چییە؟

- جێناوە نادیارەکان بریتین لە: (فڵان، فیسار، کابرا، هین و کەس)

- فڵان خەڵاتکرا.
- هەواڵەکەم بە فیسار گوت.
- کابرا جێگەی متمانەیە.
- ماڵی هین چوون بۆ سەیران.
- کەس نەچێتە دەرەوە.
- ئەز فلانی دنیاسم.
- کەس دڤێرێڕا نەچوویە باژێری.

| جێنـاوە نادیـارەکان لـە ڕسـتەدا هەمـوو ئەرکەکانـی نـاو دەبینـن، ئەرکەکانیـش بریتیـن لـە: | |
|---|---|
| ١- **نیهاد** | فڵان زیرەکە. |
| ٢- **بکەر** | هین هات. |
| ٣- **جێگری بکەر** | لەسەر کانییەکە کەس نەبینراوە. |
| ٤- **بەرکار** | من کابـرا دەناسم. |
| ٥- **دیارخەری ناو** | کچەکەی فیسار پزیشکە. |
| ٦- **تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو** | کتێبەکە بە کەس مەبەخشە؟ |
| ٧- **تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری تەواو** | ئەوە فلانـە. |
| ٨- **تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو** | کتێبەکەم بۆ فلانە. |

## ڕاهێنان - ١

له دوو ڕستهدا (هین)بهکاربهێنه، جارێك ببێت به هاوهڵناوی نادیار و جارێکیش ببێت به جێناوی نادیار.

## ڕاهێنان - ٢

جێناوی نادیاری (کهس) له ڕستهدا بهکار بهێنه، به مهرجێك ئهم ئهرکانه ببینێت:

( دیارخهری ناو ، نیهاد ، بکهر )

## ڕاهێنان - ٣

جیـاوازی لهنێـوان هاوهڵنـاوی نادیـار و جێنـاوی نادیـار چییـه؟ بـه نمونـه وهڵامهکــهت ڕونبکــهوه.

## ڕاهێنان - ٤

ئهم ڕستانه شیبکهوه:

١- هــین زیرهکه.

٢- کابرا دانیشتییه.

## ڕاهێنان - ٥

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- لە ڕستەی (کابرا خەڵاتکرا) جێناوی نادیاری (کابرا)، ئەرکی چییە؟

ئ- نیهادە　　ب- بەرکارە

پ- جێگری بکەرە　　ت- دیارخەری ناوە

٢- لە کام لەم ڕستانەدا (فڵان) دەبێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو؟

ئ- ئەوە فڵان بوو　　ب- فڵان هات

پ- فڵانم بینی　　ت- فڵان دارتاشە

٣- لە ڕستەی (لە بازاڕ هین بۆ براکەی دەکڕێت.) پەیڤی (هین) کام لەمانەیە؟

ئ- جێناوی نادیارە، جێگری بکەرە　　ب- هاوەڵناوی نادیارە، دیارخەری ناوە

پ- جێناوی نادیارە، بەرکارە　　ت- جێناوی نادیارە، بکەرە

٤- کام لە مانە دەتوانێت جێگەی ناوێک بگرێتەوە لە ڕستەدا؟

ئ- کەم　　ب- فرە

پ- چوار　　ت- فیسار

٥- لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی نادیار دیارخراوە؟

ئ- بە کابرام گوت پەلە مەکە　　ب- دایکی فلان مامۆستایە

پ- فیساری برات زیرەکە　　ت- هەموویان

# کاری داڕێژراو

## دەستور و ڕاڤە

**کاری داڕێـژراو:** بریتییـە لە کارێکی سـادەی واتادار و پێشـگرێک، یان پاشـگرێک، یان لە هەردووکیـان پێکدێت.

- کاری داڕێژراو لە بنەڕەتدا چاوگی داڕێژراوە، چونکە هەموو کارێک لە چاوگ وەردەگیرێت.

- دەرگاکەم داخست.
- وی ڕۆمان خواندەڤە.
- کرێکارەکە لەسەر کارەکە ڕادەهێنم.
- هەنارێ هەڵبگرە بۆ خویشکا خۆ.
- دایکم کفتەی لێدەنا.
- پرۆژەکە دوو سەد ملیۆن دیناری تێدەچێت.
- ئازاد زۆری پێچووبوو.
- دیسان ڕەشەبا هەڵیکردەوە.

- بەم ڕێگایەنەی خوارەوە لە کارە سادەکان کاری داڕێژراو دروستدەکرێت:

| ١- پێشگر + کاری سادە |
| --- |
| ڕاپەڕی، داهێنا، ڕاهێنا، دانیشت، هەڵکرد، هەڵخست، وەرگرت... |
| ٢- کاری سادە + پاشگر |
| چووەوە، خواردەوە، حەسایەوە، ڕازایەوە... |
| ٣- پێشگر + کاری سادە + پاشگر |
| هەڵکردەوە، وەرگرتەوە، هەڵدایەوە، هەڵبووەوە... |

- ئەمانەی خوارەوە بەشـێکن لەو پێشـگرانەی بەشـداریدەکەن لە دروسـتکردنی کاری ناسـادەدا (داڕێـژراو)، بەمەرجێـک واتای نوێ ببەخشـن بە کارە سـادەکە.

(هەڵ، پێ، تێ، لێ، ڕۆ، دا، ڕا، وەر.... هتد)

هەڵچوو، پێگەیشت، تێچوو، لێنا، ڕۆچوو، داخست، ڕاماڵی، وەرگرت

(پـێ، تـێ، لـێ) دوو ڕۆڵ دەگێـڕن لـە ڕسـتەدا و دەتوانـن وەک پێشـگر دەربکەون و کاری داڕێـژراو دروسـتبکەن، دەشـتوانن وەک ئامـرازی پەیوەنـدی دەربکـەون و ئەرکی تەواوکـەری بەیاریـدە بەجێناوێـک ببەخشـن. کاتێک دەبن بە پێشـگر مەرجـە بلکێنرێن بە کارەکـەوە، بـەڵام کە ڕۆڵی ئامـرازی پەیوەندییان بینـی، دەبێت بەجیا بنوسـرێن. بۆ نمونە:

دیارییەکەم پێ گەیشت. واتە دیارییەکە بە من گەیشت.

هەنارەکە پێگەیشت. واتە هەنارەکە گەیوە.

- لـە پاشـگرەکان تەنیـا پاشـگری (ەوە) دەتوانێـت بچێتە سـەر کاری سـادە و بیکات بە کاری داڕێـژراو، ئەویـش لـە چەنـد بارێکـدا دەردەکەوێت:

**١** واتای نوێ بە کارە سادەکە دەبەخشێت و کاری داڕێژراو دروستدەکات، وەک:

- دەرگاکەم کردەوە. - مە یاریی برەڤە. - ئاوکە مەگرەوە.

**٢** واتای دووبارەبوونەوە دەبەخشێت بە کارەکە، وەک:

- دانا هاتەوە. - خوێندکارەکە دانیشتەوە.

**٣** تەواوکردنـی واتـای کارەکـە، هەندێـک کار هـەن واتاکانیـان لەدەسـتداوە و بەبێ ئەم پاشـگرە لە ئێسـتای زمانەکەمانـدا واتا نابەخشـن، وەک:

- ڕێبوارەکە حەسایەوە. - برینی ئاسۆ کولایەوە. - گڵۆپەکە کوژایەوە.

- ئـەو نیشـانانەی کـە دەچنـە سـەر قـەدی چـاوگ و ڕابـردووی بـەردەوام، تـەواو و دور دروسـتدەکەن، وەک: (دە، ووە/ وە، بـوو) کارەکـە ناکـەن بـە داڕێـژراو. هەروەهـا نیشـانەکانی(ب، دە) بـۆ کاری داخـوازی و ڕانەبـردووش بەهەمـان شـێوە کارەکە ناکەن بـە داڕێژراو.

(خوێند: دەخوێند، خوێندووە، خوێندبوو / بخوێنە، دەخوێنم) هەموویان کاری سادەن.

- ئامرازەکانـی نەرێکـردن (نە، نا، مە، نی) کە کاری ڕسـتە لە شـێوەی (ئەرێ)وە دەگۆڕن بۆ شـێوەی (نەرێ) کاری سـادە ناکەن بە داڕێژراو.

(کێڵا: نەکێڵا، ناکێڵم، مەکێڵە) هەموویان کاری سادەن.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم کارە سادانەی خوارەوە بکە بە داڕێژراو و لەدوایدا لە ڕستەدا بەکاریانبهێنە.**

(گەهشت، خست، گرت، هێنا، ڕژا )

## ڕاهێنان - ٢

**بە چەند ڕێگا کاری داڕێژراو دروستدەکرێت؟ کامانەن؟**

**بە نمونە وەڵامەکەت بنوسە.**

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- کام لەم کارانەی خوارەوە بە دەستوری (پێشگر + کاری سادە) دروستکراوە؟

ئ- تلایەوە ب- داڕزا پ- هەڵپاچییەوە ت- خوێندەوە

٢- کام لەم کارانە داڕێژراو نییە؟

ئ- داگرت ب- ڕامالّی پ- ڕۆچوو ت- خوارد

٣- لە کام لەم ڕستانەدا پاشگری (ەوە) واتای کارەکەی تەواوکردووە؟

ئ- گۆڤارەکە دەرچووەوە. ب- هەژارەکە حەسایەوە.

پ- خانوەکەی کڕییەوە. ت- قەرزەکەی دایەوە.

٤- کاری (هەڵگرتەوە) بەپێی کام یاسا دروستکراوە؟

ئ- پێشگر + کاری سادە + پاشگر ب- پێشگر + کاری سادە

پ- کاری سادە + پاشگر ت- (ئ ب) ڕاستن.

## ڕاهێنان - ٤

**هێل بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- شەربەتەکەم <u>نەخواردەوە</u>.

٢- ئالاّی کوردستان <u>لە هەموو شوێنێک دەشەکێتەوە</u>.

٣- ئۆتۆمبێلەکە <u>ڕادەگرێت</u>.

# کاری لێکدراو

## دەستور و ڕاڤە

**کاری لێکدراو:** ئەو کارەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت، بە مەرجێک یەکێکیان کار بێت.

- کاری لێکدراو لە بنەڕەتدا چاوگی لێکدراوە، چونکە هەموو کارێک لە چاوگ وەردەگیررێت.

| | |
|---|---|
| -کارێکم دەستکەوت. | (دەستکەوتن) |
| - منداڵەکەیان سواردەکرد. | (سوارکردن) |
| - ئەسپەکەم زینکردووە. | (زینکردن) |
| - ئاهەنگەکە دەستپێدەکەین. | (دەستپێکردن) |
| - کوڕەکە جێگای باوکی گرتەوە. | (جێگەگرتنەوە) |
| - میوانەکە ماڵئاواییکرد. | (ماڵئاواییکردن) |
| - وان کتێب ژبیردچیت. | (ژبیرچوون) |
| - فڕنەکە گەرمبکە. | (گەرمکردن) |
| - تۆمارەکەیان نوێکردبووەوە. | (نوێکردنەوە) |
| - تاوانبارەکەیان دەستبەسەرکردووە. | (دەستبەسەرکردن) |
| - پیاوە پیرەکە نەخۆشکەوت. | (نەخۆشکەوتن) |
| - وان تاقیکرن پێشئێخسن. | (پێشئخستن) |
| - دیسان شۆفێرەکە دواکەوتەوە. | (دواکەوتنەوە) |
| - پاپۆڕەکە نقومدەبێت. | (نقومبوون) |
| - پەتاکەت توشبوە؟ | (تووشبون) |

- بەشــەئاخاوتنەکانی (نــاو، هاوەڵنــاو، هاوەڵکار و پەیڤی بێواتا) دەتوانن لە دروســتکردنی کاری لێکدراودا بەشــداریبکەن. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**أ- نـاو:** بەم ڕێگایانە بەشەئاخاوتنی ناو لە دروستکردنی کاری لێکدراودا بەشداریدەکات:

| |
|---|
| **١- ناوی سادە + کاری سادە:** |
| سوارکرد، دەستکەفت ، زینکرد... |
| **٢- ناوی سادە + کاری داڕێژراو:** |
| دەستپێکرد، چاوپێداخشاند ... |
| **٣- ناوی داڕێژراو + کاری سادە:** |
| ڕێگاگرت، جێگاگرت... |
| **٤- ناوی داڕێژراو + کاری داڕێژراو:** |
| جێگاگرتەوە، جێگاکردەوە... |
| **٥- ناوی لێکدراو + کاری سادە:** |
| ناڵەناڵکرد،ماڵئاڤایکر، ماستاوکرد... |
| **٦- گرێی پێشبەندی ناوی(*) + کاری سادە:** |
| لەهۆشچوو، لەبیرچوو... |
| **٧- گرێی پێشبەندی ناوی + کاری داڕێژراو:** |
| لەبیرچووەوە، بەبیرهێنایەوە... |

**ب- هاوەڵناو:** بەم ڕێگایانە بەشەئاخاوتنی هاوەڵناو لە دروستکردنی کاری لێکدراودا بەشداریدەکات:

| |
|---|
| **١- هاوەڵناوی سادە + کاری سادە:** |
| خۆشکرد، گەرمکرد، پڕکرد... |
| **٢- هاوەڵناوی سادە + کاری داڕێژراو:** |
| نوێکردەوە، گەرمکرەڤە، چاکبووەوە ... |
| **٣- هاوەڵناوی داڕێژراو + کاری سادە:** |
| بەهێزبوو، نەخۆشکەوت... |
| **٤- هاوەڵناوی لێکدراو + کاری سادە:** |
| دڵخۆشکرد، دڵشادبوو، دەستبەسەرکرد..... |

---

* گرێــی پێشــبەندی نــاوی: بــە ئــەو جــۆرە گرێیــە دەوترێــت، کە بەهــۆی ئامرازێکــەوە دروســتدەبێت، نــەک بەهۆی دیارخــەر و دیارخــراوەوە. (لەهــۆش، لەبیــر، بەخێــو ...) گرێــی پێشــبەندن..

**پ- هاوەڵکار:** بەم ڕێگایانە بەشداری هاوەڵکار لە دروستکردنی کاری لێکدراودا بەشداری دەکات:

| |
|---|
| **١- هاوەڵکاری سادە+ کاری سادە:** |
| کەمکرد، دەرکرد، دواکەوت، پێشخست... |
| **٢- هاوەڵکاری سادە + کاری داڕێژراو:** |
| نزیکبووەوە، دوورکەوتەوە، دواکەوتەوە ... |
| **٣- گرێی پێشبەندی هاوەڵکاری(*) + کاری سادە:** |
| لەناوچوو(ژناڤچوو)، لەناوبرد... |

**ت- پەیڤی بێواتا:** (بێژەیەک واتای سەربەخۆی نییە)+کار:
فێربوو، نقومبوو، تووشبوو، هاندا، وازهێنا، پەککەوت، فرێدا...

## چەند تێبینییەکی گرنگ

- کاری لێکدراو هەندێکجار دووچاری کەرتبوون دەبێت و (وشەیەک ، جێناوێکی لکاو، ئامرازێک، یاخود نیشانەکانی کار) دەکەوێتە نێوانیان. بۆ نمونە:
  - یارمەتیی هەژارەکەی دا. کارەکە لە چاوگی (یارمەتیدان) وەرگیراوە.
  - بانگم کرد. کارەکە لە چاوگی (بانگکردن) وەرگیراوە.
  - ئامادەنەدەبوو. کارەکە لە چاوگی (ئامادەبوون) وەرگیراوە.
  - سەرمان لە نەخۆشەکەدا. کارەکە لە چاوگی (سەرلێدان) وەرگیراوە.
- هەندێک کار، یان چاوگ لە دەرەوەی ڕستە بە ڕواڵەت لە لێکدراو دەچن، بەڵام لە ڕاستیدا لێکدراو نین، ئەمەش زیاتر ئەو کار و چاوگانە دەگرێتەوە، کە (پێ، تێ، لێ) بەشێکە لە پێکهاتنیان. بۆ نمونە:
  - دەست پێ هەڵبڕین: دەستم بە ئەو هەڵبڕی.
  - چاو لێ پۆشین: چاو لە تۆ دەپۆشم. (پێ، تێ، لێ) لە پێکهاتەی ڕستەدا هەندێکجار دەبن بە ئامرازی پەیوەندی.
  - بەرد تێ گرتن: بەرد لە من مەگرە.
- هەردوو کاری (کرد، بوو) دوو چالاکترین کارن لە چاوگی (کردن و بوون) وەرگیروان کە دەتوانن زۆرترین کاری لێکدراویان لێ دروستبکەین. لە یاسا و دەستورەکانی سەرەوەدا چەندین نمونە خراوەتەڕوو.

* گرێی پێشبەندی کاری: ئەو گرێیەیە بەهۆی ئامرازێکەوە، کە دەکەوێتە پێش هاوەڵکارێکەوە دروستدەبێت، نەک بەهۆی دیارخەر و دیارخراوەوە . نمونە: (لەناو، لەسەر، بەپێش ...) گرێی پێشبەندن..

## ڕاهێنان - ١

**بە چەند ڕێگا دەتوانین بەیارمەتیی هاوەڵناو، کاری لێکدراو دروستبکەین؟ بە نموونە وەڵامەکەت بنووسە.**

## ڕاهێنان - ٢

**هێڵ بەژێر داهاتووەکان شیبکەوە:**

١- بە ئینتەرنێتەوە زۆر خەریکنابم.
٢- نەخۆشەکە بەزەحمەت سواربوو؟
٣- هشکە سالیێ ئاڤا بەنداڤان کێمکر.
٤- ڕۆژی تاقیکردنەوەم بیرخستەوە.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- کام لەم کارانە بە یاسای ( ناوی سادە + کاری سادە ) دروستبووە؟
ئـ- دەستکەوت  ب- سەوزبوو  پ- ڕەشهەڵگەڕا  ت- نوێبووەوە

٢- کاری (سەرخست) چۆن دروستکراوە؟
ئـ- ناوی سادە + کاری سادە  ب- هاوەڵناوی سادە + کاری سادە
پ- پەیڤی بێواتا + کاری سادە  ت- هاوەڵکاری سادە + کاری سادە

٣- کام لەم کارانە بە یاسای (هاوەڵناوی سادە + کاری سادە) دروستکراوە؟
ئـ- بڵندبوو  ب- فێربوو  پ- تێربوو  ت- (ئـ ، پ)

٤- کام لەمانە لە (پەیڤی بێواتا + کاری سادە) دروستکراوە؟
ئـ- زۆربوو  ب- ئاودا  پ- سواربوو  ت- پەککەوت

٥- لە ڕستەی (نانەکەم گەرمکردەوە) کاری ڕستەکە چۆن دروستکراوە؟
ئـ- هاوەڵکاری سادە+ کاری داڕێژراو  ب- ناوی سادە + کاری داڕێژراو
پ- هاوەڵناوی سادە + کاری داڕێژراو  ت- هاوەڵناو سادە + کاری سادە

# کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ

## دەستور و ڕاڤە

**کار:** بریتییە لە وشەیەک، کە کارێک ، یان حاڵ و بارودۆخی کەسێک، یان شتێک، لە کاتێکی دیاریکراو و زانراودا باسدەکات.

کار لەڕووی هێزەوە

کاری تێنەپەڕ

کاری تێپەڕ

### کاری تێنەپەڕ

بریتییە لەو کارەی، کە حاڵ و بارودۆخی کەسێک، یان شتێک باسدەکات، لە کاتێکی دیاریکراودا و کاریگەرییەکەی لە بکەر تێناپەڕێت بۆ سەر کەسێک، یان شتێکی تر، واتە پێویستی بە بەرکار نییە و واتای تەواوی ڕستەکە لە بکەر و کاردا تەواودەبێت.

| ڕابردوو | ڕانەبردوو | داخوازی |
|---|---|---|
| ئازاد ڕۆیشت | ئازاد دەڕوات | ئازاد بڕۆ |

- تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری تێنەپەڕ دێت و هەندێک جار زیاتر لە دانەیەک وەردەگرن.

- ئەو ب ترومبێلێ هاتن.

- ئەوان بە ئۆتۆمبێل بۆ قوتابخانە هاتن.

## کاری تێپەڕ

بریتییە لەو کارەی، کە حاڵ و بارودۆخی کەسێک، یان شتێک باسدەکات، لە کاتێکی دیاریکراودا و کاریگەرییەکەی لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر کەسێک، یان شتێکی تر و واتای ڕستەکە بە بکەر و کار تەواونابێت. واتە پێویستی بە بەرکارە.

- کاری (تێپەڕ) لە ڕستەدا جگە لە بەرکار، دەتوانێت تەواوکەرێکی بەیاریدە، یان زیاتر وەربگرێت.

- سارا پارەی لە باوکم وەرگرت.

- سارا پارەی لە باوکم بۆ سایە وەرگرت.

### پ/ چۆن کاری تێنەپەڕ لە کاری تێپەڕ جیابکەینەوە؟

وەڵام/ ئەم ڕێگایانەی خوارەوە کارئاسانیمان بۆ دەکەن، تا بتوانین کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ لەیەکتر جیابکەینەوە بەتایبەتی لە کارە سادەکاندا:

### یەکەم بەهۆی بەرکار:

بەرکار بەشێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی ڕستەی کار تێپەڕدا، بەڵام کاری تێنەپەڕ پێویستی بە بەرکار نییە.

### دووەم بەهۆی بەشداریکردنی ئەندامەکانی جەستە لە کارەکەدا:

ئەگەر هەموو ئەندامانی جەستە لە جێبەجێکردنی کارەکەدا بەشداربوون ئەوا (تێنەپەڕ)ە، بەڵام ئەگەر بەشێک لە ئەندامانی جەستە لە کارەکدا بەشداریانکرد ئەوا (تێپەڕ)ە.

بۆ نموونە:

- من هاتم.

(تێنەپەڕ)ە، چونکە هەموو ئەندامانی جەستە لە جێبەجێکردنی کارەکەدا بەشداریانکردووە.

- من نانەکەم خوارد.

(تێپەڕ)ە، چونکە بەشێک یان چەند بەشێک لە ئەندامانی جەستەدا بەشدارن لە کارەکەدا.

**سێیەم** جێناوە لکاوەکانیش وەک پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ لە یەکتر بەکاردێن.

ئـ- پاش لابردنی (ن) نونی چاوگ هەر کارێک دەستەی (دووەمی جێناوە لکاوەکان)ی وەرگرت تێنەپەڕە.

ب- پاش لابردنی (ن) نونی چاوگ هەر کارێک دەستەی (یەکەمی جێناوە لکاوەکان)ی وەرگرت تێپەڕە.

### تێبینی

دەنگە سروشتییەکان تێنەپەڕن، تەنانەت ئەگەر (اندن)یشیان بخەینەسەر. بۆ نمونە:

- مەڕەکان باڕاندیان. (تێنەپەڕ)ە.

**چوارەم** دانانی وشەی پرسی (چی) بۆ شت و وشەی پرسی (کێ) بۆ کەس، ئەگەر ناوەکە، یان جێناوەکە بوو بە وەڵامێکی دروست بۆ یەکێک لە ئەو دوو وشە پرسە، ئەوا ئەو ناوە یان ئەو جێناوە بەرکارە، بۆ نمونە:

- من نانم خوارد. من چیم خوارد؟ وەڵام: نان
- من ئەوم نارد. من کێم نارد؟ وەڵام: ئەو

**پێنجەم** بکەردیار و بکەرنادیار وەک پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ لە یەکتر. ئەگەرهەر ڕستەیەکی بکەردیار ڕاستەوخۆ نەتوانرا بکرێت بە بکەرنادیار ئەوا کارەکەی تێنەپەڕە، ئەگەر توانرا بکرێت بە بکەرنادیار ئەوا کاری ئەو ڕستەیە تێپەڕە. بۆ نمونە:

- ئازاد هات. ڕاستەوخۆ ناکرێت بە بکەرنادیار (تێنەپەڕ)ە.
- ئازاد سێوەکەی خوارد. ڕاستەخۆ دەکرێت بە بکەرنادیار (تێپەڕ)ە. (سێوەکە خورا)

### کارە لێکدراوەکان

- کارە لێکدراوەکان بەهۆی یەکێک لە بەشەئاخاوتنەکانی ترەوە، کە دەیاندەینە پاڵ کارە سادەکان دەتوانین کاری لێکدراو (تێنەپەڕ یان تێپەڕ) دروستبکەین ، بەڵام هەندێک جار بەرکار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نایەت و بەشی یەکەمی ئەو کارە لێکدراوانە لە کارە تێپەڕەکاندا ڕۆڵی بەرکار دەبینن و لە بۆتەی کاری لێکدراودا دەتوێنەوە و دەبن بە بەشێک لە پێکهاتەی کارەکە. لەم حاڵەتەدا بەشی یەکەمی کارەکە شوێنی بەرکار پڕدەکاتەوە. لە نمونەی ئەو کارانە: (بڕیاردا (بڕیاردان)، بازدا (بازدان)، پشوودا (پشوودان)، یاریکرد (یاریکردن)، کۆچکرد (کۆچکردن)، نوێژکرد (نوێژکردن)، هاوارکرد (هاوارکردن)، هێرشکرد (هێرشکردن)، هتد)

- من بازمدا.

- یاریچییەکان پشوودەدەن.

- هاواریانکرد.

- زۆربەی ئەو کارە لێکدراوانەی بەرکار وەرناگرن و بەشی یەکەمیان شوێنی بەرکار پڕ دەکەنەوە هێزەکەیان لەدەستدەدەن و دەبن بە تێنەپەڕ، باشترین ڕێگا بۆ ناسینەوەی ئەو کارانە گۆڕینیانە بۆ بکەرنادیار، ئەگەر نەتوانرا بکرێت بە بکەرنادیار و واتاکەی تێکچوو ئەوە هێزەکەی لەدەستداوە و بووە بە تێنەپەڕ. بۆ نمونە.

- سوێندخواردن: ناتوانین بڵێین: سوێند خورا. چونکە سوێند خواردن نییە.

- خۆکوشتن: ناتوانین بڵێین: خۆ کوژرا.

**ئەو بەشەئاخاوتنانەی دەتوانن لە ڕستەدا وەک بەرکار دەربکەون، ئەمانەن:**

**١ ناو:**

هەموو جۆرەکانی ناو لە ڕستەدا دەبن بە بەرکار ، وەک: (ناو لە ڕووی ژمارەوە (تاک، کۆ)، ناو لە ڕووی ناسینەوە (ناسراو، نەناسراو)، ناو لە ڕووی هەبوونەوە (بەرجەستە، واتایی)، ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (گشتی، تایبەتی ، کۆمەڵ)، ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە (سادە، ناسادە)، ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە: (نێر، مێ، دوولایەن ، بێلایەن) . بۆ نمونە:

– من مامۆستام بینی.
- ئەوان پیاو دەنێرن.
– دانا هەرمێیەکەی خوارد.
- دانای سێڤەک خار.
- هونەر کتێب دەخوێنێتەوە.
- سۆما گوڵەباخ ئاودەدات.
- ترێ چیرۆک دەنوسێت.
- من ئازاد دەنێرم.
- کاوە ئاسنگەرەکەی بانگکرد.
- وەرینێ ڕۆمانەک خاند.
- من کوڕەکەم دەنێرم.
- ئەو دایکی نەبینیوە.
- مامۆستا خوێندکار فێردەکات.
- وەستا دیوار دروستدەکات.

**٢ جێناو:** جێناوەکان دەتوانن ئەرکی بەرکار ببینن لە ڕستەدا، کە ئەمانەن:

ئـ- جێناوی سەربەخۆ: جێناوە سەربەخۆکان دەتوانن لە ڕستەدا ئەرکی بەرکار ببینن، وەک: (جێناوی کەسیی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی نادیار، جێناوی پرس، جێناوی نیشانە). بۆ نمونە:

- ئەو منی نارد.
- من خۆت دەبینم.
- ئازادی کابرا نەهناردییە.
- تۆ کێت بینیبوو؟
- ئێوە ئەوانە بهێنن.

ب- جێناوی لکاو: هەردوو دەستە جێناوی لکاوی (م – مان، ت – تان، ی – یان) و (م – ین، یت – ن، ∅ – ن) لەگەڵ کاری تێپەڕدا دەبن بە بەرکار ، بەپێی چەند یاسایەک (لە قۆناغەکانی دواتردا دەخوێنرێت).

## ڕاهێنان - ١

**ئەمانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە، جارێك وەك (بکەر)، جارێك وەك (بەرکار).**

(کۆتر، گوڵ، نیشتمان، پەروەردە)

## ڕاهێنان - ٢

**جیاوازیی نێوان کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ چییە؟ وەڵامەکەت بە نموونە بنوسە.**

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١-لە ڕستەی (باوکم پەنیرەکەی خوارد.) وشەی (پەنیرەکە) ئەرکی چییە؟

ئـ- بکەر    ب- تەواوکەری بەیاریدە    پ- بەرکار    ت- نیهاد

٢- لە ڕستەی (ئەوان بە شەقامەکەدا هاتن.) (هات) چ جۆرە کارێکە؟

ئـ-ڕابردووی تێپەڕ    ب- ڕانەبردووی تێپەڕ    پ-کاری بکەرنادیار    ت-ڕابردووی تێنەپەڕ

٣- لە ڕستەی (باخەوانەکە گوڵەکانی ئاودەدا.) کاری ڕستەکە کام لەمانەیە؟

ئـ- ڕانەبردووی تێپەڕ    ب- ڕانەبردووی تێنەپەڕ

پ- ڕابردووی تێپەڕ    ت- ڕابردووی تێنەپەڕ

٤- لە ڕستەی (دانا قەڵەمەکەی لە ئاسۆ وەرگرت بۆ هاوڕێکەی.) وشەی (ئاسۆ) ئەرکی دەبێت بە:

ئـ- تەواوکەری بەیاریدە    ب- بکەر    پ- بەرکار    ت- هیچیان

٥-کاری تێپەڕ پێوستی بە کام لە مانەیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی؟

ئـ- نیهاد    ب- تەواوکەری بەیاریدە

پ-بەرکار    ت- جێگری بکەر

## ڕاهێنان - ٤

**هێڵ بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- ئاشەوان <u>گەنم</u> دەهاڕێت.

٢- لە شەقامەکە <u>دەپەڕمەوە</u>.

# گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ

## دەستور و ڕاڤە

**گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ:** کارە تێنەپەڕەکان بە چەند ڕێگایەک دەکرێن بە کاری تێپەڕ و پاش گۆڕینیان دەتوانین وەک هەر کارێکی تری تێپەڕ مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و بەکاریانبهێنین لە ڕستەدا، هەروەها دەتوانین بیانکەین بە بکەرنادیار..

**ڕێگاکانی گۆڕینی* کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ**

- قەدی چاوگی تێنەپەڕ + اند
- ڕەگی کاری تێنەپەڕ + اند
- کاری یاریدەدەر + دەنگەسروشتییەکان + اندن
- وەرگرتنی بەرانبەرەکەی لە کاری تێنەپەڕ

| قەدی چاوگی تێنەپەڕ+ اند : | |
|---|---|
| شکان – شکا = شکاند | ڕوخان– ڕوخا= ڕوخاند |
| ترسان – ترسا = ترساند | گریان – گریا = گریاند |
| سوتان – سوتا = سوتاند | برژان – برژا = برژاند |
| کولان – کولا = کولاند | |

| ڕەگی کاری تێنەپەڕ+اند : | |
|---|---|
| گەیشتن – گە = گەیاند | بەزین – بەز = بەزاند |
| خەوتن – خەو = خەواند | کەوتن – کەو = کەواند |

| کاری یاریدەدەر+ دەنگەسروشتییەکان + اندن : | |
|---|---|
| هێنایە + گریە + اندن | هێنایە گریاندن |
| دەهێنێتە + ناڵە + اندن | دەهێنێتە ناڵاندن |

| وەرگرتنی بەرانبەرەکەی لە تێنەپەڕدا : | |
|---|---|
| ڕژا – ڕشت | گۆڕا – گۆڕی |
| سڕایەوە – سڕیەوە | سوا – سوی |
| مایەوە – هێشتەوە | |

* کاری تێنەپەڕمان هەیە بە هیچ کام لە ئەو یاسایانە ناکرێت بە تێپەڕ، وەک (سرەوت، زا، گەنی، پشکوت ...هتد). تەنیا کارێکیش لە زمانی کوردیدا، کە خۆی تێپەڕە و جارێکی تر بەهۆی (اند) دووبارە دەکرێتەوە بە تێپەڕکاری (ناسی – ناساند)ە.

## تێبینی

١- ئەگەر قەدی چاوگی تێنەپەڕ، یان ڕەگی کار، یاخود دەنگی سروشتی بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبوو، کاتێک (اند)ی دەخەینە سەر، ئەوا ناوبەندێک دەخەینە نێوانیان، یاخود یەکێک لە پیتە بزوێنەکان لادەبەین، چونکە دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نایەن.

- گەشتن – گە + اند = گەیاند (دانانی ناوبەند)

- شکان – شکا+ اند = شکاند (فڕێدانی یەکێک لە دوو بزوێنەکە)

٢- ڕەگی کاری تێنەپەڕ + پاشگری اندن = کاری تێپەڕ

٣- دەتوانین لە دەنگە سروشتیەکان بەهۆی پاشگری (اندن)چاوگی تێنەپەڕ دروستبکەین. دواتر بەهۆی کاری یاریدەدەر دەتوانین بیگۆڕین بۆ کاری تێپەڕ.

- هێنایە + گریە + اندن هێنایە گریاندن.

- دەهێنێتە + ناڵە + اندن دەهینێتە ناڵاندن.

٤- هەندێک کاری تێنەپەڕ هەیە بە هیچ یەکێک لە ڕێگاکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ناکرێت بە تێپەڕ، لەم کاتەدا ڕێگای چوارەم هەڵدەبژێرین، ئەویش دۆزینەوەی چاوگێکی تێپەڕە، کە واتاکەی تەواو نزیک بێت لە واتای چاوگە تێنەپەڕەکە، وەک ئەوانەی لە خانەی چوارەمدا پیشاندراون.

- ماستەکە ڕژا. – ماستەکەم ڕشت. (ڕژا) کارێکی تێنەپەڕە بە سێ ڕێگاکەی تر ناکرێت بە تێپەڕ، بۆیە نزیکترین کاری تێپەڕ لێیەوە لە مانادا وەردەگرین، کە کاری (ڕشت)ە.

- بە لابردنی (ن) لە سەر ئەو چاوگانەی بە (اندن)کراون بە تێپەڕ، قەدی چاوگ دروستدەبێت، کە بناغەی دروستکردنی هەموو دەمەکانی کاری ڕابردووە. هەروەها بە لابردنی نیشانەی چاوگ و گۆڕینی ( ا ) بۆ (ێ) ڕەگی کار دروستدەبێت، کە بناغەی دروستکردنی کاری ڕانەبردوو و کاری داخوازییە.

| ڕابردوو | ڕانەبردوو | داخوازی |
|---|---|---|
| خانووە کۆنەکەی ڕوخاند. | خانووە کۆنەکە دەڕوخێنێت. | خانووە کۆنەکە بڕوخێنە. |
| مەڕەکەی هێنایە باراندن/(بارە) | مەڕەکە دەهێنێتە باراندن/(بارە) | مەڕەکە بهێنە باراندن/ (بارە). |

## ڕاهێنان - ١

**ئەم کارە تێنەپەڕانەی خوارەوە بگۆڕە بۆ کاری تێپەڕ و لە ڕستەدا بەکاریانبهێنە:**

(تێپەڕی، کەوت، سڕایەوە، برژا، خەوت، چوو)

## ڕاهێنان - ٢

**بە چەند ڕێگا دەتوانین کاری تێنەپەڕ بگۆڕین بۆ کاری تێپەڕ؟ وەڵامەکەت بە نمونە بنوسە.**

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- بە چەند ڕێگا کاری تینەپەڕ دەگۆڕین بۆ تێپەڕ؟

ئ- یەک ب- دوو پ- سێ ت- چوار

٢- چاوگی (ڕژاندن) بە چ ڕێگایەک گۆڕاوە بە تێپەڕ؟

ئ- ڕەگی کار+ اندن ب- قەدی چاوگ + اندن

پ- چاوگی تێنەپەڕ+ اندن ت- هیچیان

٣- دەنگە سروشتییەکان چۆن دەکرێن بە چاوگی تێپەڕ ؟

ئ- بەهۆی (اندن)ەوە ب- بەهۆی کاری یاریدەدەر

پ- بەهۆی کاری یاریدەدەر + (اندن) ت- هیچیان

٤- لە ڕستەی (کارەساتەکە مرۆڤەکەی هێنایە قیژاندن) (هێنایە قیژاندن) دەبێت بە:

ئ- کاری تێنەپەڕ ب- کاری تێپەڕ

پ- کاری یاریدەدەر ت- هەموویان

٥- لەڕستەی (منداڵەکەم دەخەواند)کاری ڕستەکە.

ئ- ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕ ب- ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ

پ- ڕابردووی تێنەپەڕ ت- ڕانەبردووی تێنپەڕ

## ڕاهێنان - ٤

**کاری ئەم ڕستانە لە تێنپەرەوە بگۆڕە بۆ تێپەر:**

١- شوشەی پەنجەرەکە شکا.

٢- منداڵەکەم  خەواند.

٣- کتێبەکەم پێ دەگات.

٤- ئاوی کوپەکە ڕژا.

## ڕاهێنان - ٥

**هێڵ بە ژێردا هاتووەکان شیبکەرەوە:**

١- پێشمەرگەی کوردستان لەشکری دوژمنی بەزاند.

٢- کارەساتەکە منداڵەکەی هێنایە قیژاندن.

# کاری یاریدەدەر (پارتیکڵ)

## دەستور و ڕاڤە

**کاری یاریـدەدەر (پارتیـکڵ):** ئـەو کارەیـە، لەپـاڵ کارێکـی سـەرەکیی سـەربەخۆ، یان چاوگێکـدا دێـت، بـۆ دیاریکردنـی مەبەسـتێک و تەواوکردنی واتـای کارە سـەرەکییەکە، یـان چاوگەکە.

- لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە وشەی (پارتیکڵ) زاراوەی کاری یاریدەدەر بەکاردەهێنین، هەرچەنـدە زاراوەی (پارتیـکڵ) فراوانتـرە لـە کاری یاریدەدەر و تا ئێسـتا زاراوەیەکی پـڕ بەمانای خۆی بۆ دەستنیشـان نەکراوە.

- پارتیکڵـەکان هەندێکیـان سـەرچاوەی دروسـتبوونیان بـۆ کارێک دەگەڕێتـەوە، بەڵام هەندێکـی تریان کۆمەڵێک وشـەن، کە بۆ (گومان، مەبەسـت، ئارەزوو، ئاواتخواسـتن) بەکاردەهێنرێن:
کارەکان وەک ((دەبوو، دەبوایە، دەبێت، هێنایە(ئینایە)، خستە، دەخاتە)
وشەکان وەک (( خۆزگە، بریا، کاشکی، لەوانەیە، ڕەنگە)).

- ئەو وشانەی سەروە لە دوو باردا بەکاردەهێنرێن:

یەکـەم: لەگـەڵ ئـەو کارانـەی کـە لـە شـێوەی دانانیـدان، لـەم بـارەدا جگـە لـە کارە یاریدەدەرەکـە کارێکـی تریـش هەیـە. وەک:

- دەبوو وانەکەم خوێندبا.
- دەبێت کارەکەی جیبەجێکردبێت.
- لەوانەیە چیرۆکەکەت بۆ بخوێنمەوە.
- ڕەنگە کارەکەی بۆ نەکەم.
- خۆزگە تاقیکردنەوەکان دوابخەن.
- من دڤێت زوو ژ خەو ڕابم.

دووەم: بـۆ گۆڕینـی ئـەو چاوگـە دەنگـی و دەنگـە سروشـتییانەی کە بەبـێ یارمەتی یەکێـک لەم وشـانە ناتوانرێت بکرێن بـە بکەرنادیار. لەم بـارەدا تەنیـا کارەکانی: (هێنا، خسـت) بەکاردەهێنرێـن و مەرج نییـە کاری تر هەبێت لە ڕسـتەکەدا. هەروەها بۆ کاری بکەرنادیـار لە کرمانجی سـەرودا پێویسـتمان بەکاری یاریـدەدەر هەیە.

- منداڵەکەم هێنایە پێکەنین.
- دوژمنمان خستە گریان.
- ئەڤ گوندە دهێتە ئاڤاکرن.

## ڕاهێنان - ١

**کاری یاریدەدەر لە چەند باردا بەکاردەهێنرێت؟ وەڵامەکەت بە نموونە بنووسە.**

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم کارانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە.**

(دەبێت، هێنایە، خستە، دەبوو، دهێتە)

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- کارێکە لەپاڵ کارێکی سەربەخۆدا لە ڕستەدا بەکاردێت؟

ئ- کاری ناتەواو ب- کاری یاریدەدەر پ- کاری تێپەڕ ت- کاری تێنەپەڕ

٢- بەشی هەرە زۆری کارە یاریدەدەرەکان دەکەونە کوێی ڕستەوە؟

ئ- سەرەتا ب- کۆتایی پ- ناوەڕاست ت- پێش کۆتایی

٣- لە ڕستەی (ئەم دشێین بسەر چیا بکەڤین) (دشێین) چییە؟

ئ- کاری ناتەواوە ب- کاری سەرەکییە پ- کاری تێپەڕە ت- کاری یاریدەدەرە

٤- لە ڕستەی (ترێ دەبێت بە مێوژ.) (دەبێت) چییە؟

ئ- کاری تەواوی تێپەڕە ب- کاری یاریدەدەر

پ- کاری سەرەکی ت- کاری تەواوی تێنەپەڕە

٥- کام کار لەپاڵ دەنگە سروشتییەکاندا واتای کاری تێپەڕ تەواودەکات؟

ئ- دەوێرم ب- خستە پ- دەگونجێت ت- دەوێت


## ڕاهێنان - ٤

**هێڵ بەژێردا هاتووەکان شیبکەوە:**

١- دەبێت ڕۆمانەکە بخوێنمەوە.

٢- ڕەنگە یارمەتیی هاوڕێکەم بدەم.

# بەشی ئەدەب



# داستانی کوردی

## داستانی قەڵای دمدم

سـەرچاوە مێژووییـەکان بە درێژی باسـی ئـەو ڕووداوە گرنگەی سـاڵی (١٦٠٨)ز یان کـردووە، لـە ڕوی گێرانـەوەی مێژووییەوە بەئاسـانی دەتوانین لە سـەرچاوە فارسـی و کوردییەکانـدا بـۆ ڕاسـتی ئـەم قارەمانـی و بـە کۆمـەڵ شـەهیدبوونەی کوردانـی بەرخـۆدەر بگەڕێیـن، قارەمانانـی قـەڵای دمـدم بـە سـەرکردایەتی (خانـی لەپزێڕین)، تـا دواهەناسـە و دوا دڵۆپـی خوێـن لەگەڵ داگیرکـەردا جەنگاون و بە کۆمـەڵ مردنیان لەسەرشـۆڕکردن بەباشـتر زانیوە، ئـەم تابلۆگەورەیەی قارەمانێتی لـە ئەدەبی کوردیدا زۆر بـە فراوانـی ڕەنگیداوەتەوە ..

قـەڵای دمـدم لـە پێنج بەش پێکهاتووە، کـە بریتین لە (قەڵای سـەرەکی، قەڵای خواریێ، سـولق، بوزلق و کەلوی خۆرهەڵات)، لەلای باکور و باشـوری قەڵاکەوە دوو دۆڵی زۆر قـوڵ هـەن، ئەمەش وایکـردووە، کە پێویسـتی بە شـورە نەبێـت، لـەلای خۆرهەڵاتەوە پاڵـی بـە بەرزایـی چیاکـە داوەتەوە و شـورەیەکی زۆر تـەواوی بۆ کێشـراوە و لەلای خۆرئاواشـەوە، کە لە (تەختایی) نزیکترە، شـورەیەکی یەکجار پتەوی هەیە و دەرگایەکی بـەرەو باشـور دەکرێتەوە، هەر پێنج بەشـەکەی قـەڵا ئەوەندە بەرز و پتەون، ئەسـتەمە دوژمن بتوانێت بەئاسـانی داگیریبکات.

لـە سـەرەتای سـەدەی حەڤدەیـەم تـا ئەمـڕۆ پاڵەوانێتـی شـەڕاوەرانی قـەڵای دمـدم لەسـەر دەمـی گۆرانیبێـژ و حیکایەتخوانانی کورد، لـە هەموو ناوچەکانی کوردسـتاندا، بەهەمـوو دیالێکتەکانـی کـوردی دەگێردرێتـەوە. ئـەو بەرهەمـە فۆلکلۆرییانـەی لـە ئەنجامـی ئازایەتـی جەنگاوەرانی قـەڵای دمدم هاتە کایـەوە، هەندێکـی بڵاوکراونەتەوە و بەشێکیشـی تـا ئیسـتا هـەر بەسـەر زاری خەڵکـەوە ماونەتەوە.

ئەگـەر داسـتانەکانی تـر هەندێکیان لە داسـتانی فۆلکلۆرییەوە گۆڕابن بۆ داسـتانی نوسـراوی شـیعر، ئەوا داسـتانی قەڵای دمدم لە ڕوداوی مێژووییەوە بوو بە داسـتانی فۆلکلۆری و لە داسـتانی فۆلکلۆرییشـەوە بـو بە چیرۆکی سەرشـانۆ و ڕۆمانی تازە.

خۆرهەڵاتناسەکان زیاتر بایەخیان بە حکایەت و بەیتەکانی قەڵای دمدم داوە و بڵاویانکردووەتەوە و کردووشیانە بە (ڕوسی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئەرمەنی و فارسی).

نمونەیەک بە بنزاری موکریانی، حکایەتخوان دەڵێت:

خان ئەوداڵ و کاکە خانە
حەوت شەوان و حەوت ڕۆژانە
شەڕیان دەکرد بە شیرانە
شیران نەیاندیت کێلانە
لەش کەوتن وەکی گردانە
خوێن ڕۆیی هەروەک جۆگانە
باڵچووغەی شێران نەمانە
شەهیدیان کرد کاکە خانە
خان دەڵێ: خانی خەزایمە
هەتا لە دنێ ئەز بژیمە
بۆ خۆم پەرژینی شەڕیمە
خان ئەوداڵ و کاکە خانە
گرتبوویان وەعدە و پەیمانە

(بۆ لەبەرکردنە)

## لێکدانەوەی ووشەکان:

کێلان: کیفی شمشێر

باڵچوغە: مەیدانی شەڕ- شەڕگە

خەزایمە: غەزا - شەری پیرۆز

دنێ: دنیا

# ڕێبازە ئەدەبییەکان

## ڕێبازی کلاسیزم

ڕێبـازی ئەدەبـی بریتییـە لە کۆمەڵە تیۆر و بۆچونێکی ئەدەبی کە لە شـارێک، یان وڵاتێکـدا سـەرهەڵدەدات و نوێنەرەکانی بـە بەرهەمەکانیان دەیچەسـپێنن. زۆرجاریش بـە وڵاتانـی تـردا بڵاودەبێتـەوە. وڵاتانـی ئەورووپـا مەڵبەنـدی لەدایکبوونـی هەمـوو ڕێبـازە ئەدەبیەکانـن و هـەر لەوێشـەوە بنەمـا هزری و فەلسـەفی و ئێسـتاتییەکانیان داڕێـژراون و هێڵـی جیاکردنـەوەی ڕێبازەکان لە یەکتـر دەستنیشـانکراوە. لە نمونەی ئـەو ڕێبازانەش وەک: ڕێبازی (کلاسـیزم، ڕۆمانسـیزم، ریالیزم، پەرناس، سـیمبولیزم، دادایزم و سـۆریالیزم... هتد).

یۆنانییـەکان لەبـواری ئەدەبـدا مێژوویەکـی دێرینیان هەیە بۆ نمونە ئەرسـتۆ خاوەنی کتێبی شیعرناسـی (بۆتیکا- هونەری شـیعر)، هۆراسـیش داوای لە ڕۆمانەکان کردووە لاسـايي یۆنانییەکان بکەنەوە.

زاراوەی کلاسـیزم (Classisime) لە وشـەی (کلاس -Class ) و پاشـگری (یزم - isime) پێکهاتـووە و ئەمـەش لـە بنەڕەتـدا لە (کلاسـیس)ی لاتینییەوە هاتـووە، کە بە واتـای (یەکـەی کەشـتیگەل) دێـت، دواتریش ئەم وشـەیە بەرامبەر بە (پۆلـی خوێندن) بەکارهـات. بۆیـە ئـەم نـاوە لـە ئـەم جـۆرە ئەدەبـە نـراوە، چونکـە پێیان وایـە ئەم جـۆرە ئەدەبـە نەمـرە و بـە درێژایی مێـژوو بەکەڵکـی ئەوە دێـت، کە بۆ پـەروەردە و فێرکردنـی لاوان لـە پۆلەکانـی خوێنـدن بخوێنرێـت. هـەر لەبـەر ئەوەش بـوو، کە هـەردوو ئەدەبـی کۆنـی یۆنانی و ڕۆمانـی بە کلاسـیزم دادەنرێت.

بـەر لـە سـەرهەڵدان و پەیدابوونـی ڕێبـازی ئەدەبـی لـە ئەورووپـا، ئـەدەب بـە شـێوەیەکی ئازادانـە و بـە سروشـتی خـۆی هـەر بـەردەوام بـوو. هەر لـە زووەوە شـاعیران بە شێوازێکی خۆکارانە شیعریان نوسـیوە، بەڵام دوای زنجیرەیەک شۆڕشی چاکسـازی ئایینـی و سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتـی، کـە بە سـەردەمی بوژانەوە (ڕێنسـانس) ناودەبرێـت، وەچەرخانێکـی مێژوویـی و گرنـگ لـە هەمـوو بوارەکانـی

ژیانـدا ڕویـدا و ئـەو ڕاپەڕینـە مەیدانـی ئەدەبیشـی گرتەوە و بـوو بەهـۆی لەدایکبوونی یەکەمیـن ڕێبـازی ئەدەبـی، ئەویـش ڕێبازی (کلاسـیزمە).

هـەردوو کتێبـی هونەری شـیعری (ئەرسـتۆ) و (هـۆراس)، کە بنەما و دەسـتورەکانی کلاسـیزمیان دارشـتبوو بە یەکەم سـەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ئەدەبی کلاسیزم لە ئەورووپا دادەنرێـن و بەرهەمەکانـی (ئەسـخیلۆس) و (یۆربیـدز) و (هۆمیرۆس)یش سـەرچاوەیەکی تـری کلاسـیزمی ئەورووپایی بوون، کە هـەر لە کۆنەوە لەبەر بەرزی و نەمرییان لاسـاییان دەکرایەوە و بە کلاسـیزمی کـۆن ناودەبران.

ئیتالییـەکان هـەر لـە سـەدەی پازدەیـەم و شـازدەیەمەوە چەندیـن جـار هـەردوو کتێبەکـەی (ئەرسـتۆ) و (هۆراس)یـان بـۆ زمانـی ئیتالـی وەرگێڕابـوو، ئەمانـە بـوون بە هـۆی بڵاوبوونەوە و دەرکەوتنی بنەماکانی کلاسـیزم بەشـێوەیەکی سـەرەتایی لـە ئیتالیا، بـەڵام لە وڵاتی فەڕەنسـا گەشـەی زیاتریکـرد و دواتریش لـە وڵاتانی ئینگلتـەرا و ئەڵمانیا بڵاوبووەتـەوە. هەروەهـا بەرهەمـی نوسـەرانی (بزوتنـەوەی ڕۆشـنگەری) لـە کۆتایـی سـەدەی حەڤدەیـەم تا کۆتایـی سـەدەی هەژدەیەم بوون بە سـەرچاوەی تری کلاسـیزم، بەتایبەتـی کاتێـک (نیکۆلا بوالۆ) ی ڕەخنەگری فەرەنسـی کتێبە گرنگەکـەی خۆی (هونەری شـیعر)ی بڵاوکـردەوە و دەسـتور و بنەمانـی کلاسـیزمی تێدا شـیکردەوە و چەسـپاندی و توانـی گیانێکـی هاوچەرخانـە بـە ڕێبازەکـە بـدات و کتێبەکـەی وەک سـەرچاوەیەکی تیۆریی گرنگی کلاسـیزم پێشکەشـبکات.

مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٦٣٠ – ١٦٦٠)ز گرنگتریـن قۆناغە، کە کلاسـیزمی نوێی پێدا تێپەڕیـوە، نـەک تەنیـا لـە فەرەنسـا، بەڵکو لـە تـەواوی ئەورووپادا. ئـەم ڕێبـازە ئەدەبییە بەردەوامبـوو، تـا کۆتایـی سـەدەی هـەژدە. سـەرهەڵدانی شۆڕشـی فەرەنسـا لە سـاڵی (١٧٨٩)ز و دامەزراندنـی (سیسـتەمی پەرلەمانـی و بڵاوبوونـەوەی جاڕنامـەی گەردونـی مافـی مـرۆڤ)، کە زەمینەیان خۆشـکرد بۆ دەرکەوتنـی بنەماکانی (ئازادییـە خودییەکان و ڕەخنەگرتـن لە دەسـەڵاتی دەرەبەگایەتـی و دامەزراوەکانـی کۆمەڵگا و یاسـا فەرمییەکان و ئاییـن)، کـە بـە تێڕوانینی کـۆن بنیادنرابوون و جێگەی بـە فەلسـەفەی نمونەیی(ئایدیاڵ) چۆڵکـرد و فەلسـەفەی مادی(ماتریـاڵ) هاتەئـاراوە. هـاوکات ڕێبازێکـی ئەدەبییش لە دژی بنەماکانـی ئەدەبـی کلاسـیزم لەدایکبـوو، کە ئەویـش ڕێبازی ڕۆمانسـیزم بوو.

## تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیزمی ئەوروپایی:

١- ئەدەبی کلاسیزمی ئەوروپایی لەسەر ڕێچکەی ئەدەبی کۆنی یۆنانی و لاتینی هەنگاودەنێت، نوسەرانی سەدەی حەڤدەیەم هەوڵیانداوە ئەدەبێکی وا بهێننەکایەوە لە بەهێزیدا وەک ئەدەبی لاتینی و یۆنانی بێت.

٢- ئەدەب لە خزمەتی دەسەڵاتدا بێت، کە دەسەڵات تازە لە شەڕی بیروباوەڕی کەنیسە هاتبووە دەرەوە و نائارامییەکی زۆر لە ئارادا بوو، وەک پێویستییەک بۆ ئارامکردنەوەی خەڵک و دەرخەری کردەوەی باش و خراپ، ئەدەبی کلاسیزمی ئەوروپایی هاتەئاراوە.

٣- ئەدەبی کلاسیزم زادەی عەقڵ و ژیرییە، بۆیە زۆر گرنگی بە لایەنی میانڕەوی و ئاشکرایی داوە، کلاسیزم هەمیشە هەوڵیداوە بە ڕاستییە گشتییەکان بگات، هەربۆیە بەرهەمی کلاسیزم زیاتر وەک دەقی شانۆگەری دەنووسرا.

٤- گرنگیدان بە داڕشتن و شێوازی نوسین، ئەدەبی کلاسیزم ڕێزێکی زۆر لە بنەما و یاساکانی زمان دەگرێت و چاو دەبڕێتە دەربڕینی جوان لە ڕوی زمانەوانییەوە. لە م ڕووەوە زۆر جار ئەوروپایی نوسەری بەتوانا لە زماندا بە نوسەری (کلاسیزم) ناودەبەن.

٥- ڕونی و ئاشکرایی یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیزم، (بوالۆ) ی ڕەخنەگری فەرەنسی پێیوایە، هەر بابەتێک ئەگەر بە ڕونی هەستیپێبکرێت، دەتوانرێت بە ڕونیش دەرببڕرێت، هەر ناڕونییەک لە ئەدەبدا هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ناڕونی لە بیر و عەقڵی نوسەرەکەیدا. ناڕونی دەبێتە هۆی تەمومژ و هاندانی ئاژاوە و شیکردنەوەی جیاواز و کاری تاکەکەسی.

٦- کلاسیزم لە ئەدەبدا بە کرداری لاساییکردنەوەی سروشت دادەنرێت و بەگشتی بۆچونێکی مرۆڤانەی هەیە.

## بنەماكانی ئەدەبی كلاسیزمی كوردی

لێكۆڵەرانی ئەدەبی دەریانخستووە. ئەدەبی كلاسیزمی كوردی هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بە شیعر دەستی پێكردووە (شێوە و ڕوخسار) هەمان ئەو شێوە و ڕوخسارەیە، كە ئەدەبی خۆرهەڵاتیی ئیسلامی پێنوسراوە وەك: (غەزەل، قەسیدە، چوارین، پێنج خشتەكی، مولەممەع، موستەزاد، تەركیب بەند، تەرجیع بەند و دێری تاك... هتد)، بەڵام لە ناوەڕۆكدا سەرەڕای هاوبەشی لەو بابەتانەی، كە لە ئەدەبی خۆرهەڵاتیدا هەیە، تایبەتمەندیی كوردانەی خۆی پاراستووە و مۆركی خۆماڵیانەی پێبەخشیوە و جیایدەكاتەوە لە ئەدەبی گەلێكی تری خۆرهەڵاتی، بەتایبەتی لە هەستی غوربەت و دوری لە نیشتمان و وەسفی سروشتی جوان و ڕازاوەی كوردستان.

## دیارترین تایبەتمەندییەكانی ئەدەبی كلاسیزمی كوردی:

١- نەتەوایەتی: لە ئەدەبی كلاسیزمی كوردیدا، سەرباری شیعری سۆفیگەری و دڵداری و .....هتد زۆرجار شاعیرانی كورد بابەتی نەتەوایەتیان خستوتەڕو، ئەم دیاردەش ئەدەبی كلاسیزمی كوردی لە ئەدەبی كلاسیزمی جیهانی جیادەكاتە و نمونەش بۆ ئەمە شیعرەكانی ئەحمەدی خانی وحاجی قادری كۆیی ....هتد .

٢- كێش: شیعری كلاسیزمی كوردی بەگشتی پەیڕەوی كێشی عەروزی عەرەبی دەكات، بەڵام لە بەحرەكانی عەروزدا تەنیا ئەو كێشانەی وەرگرتووە، كە هەنگاوەكانی لەگەڵ ئاوازی شیعری كوردیدا دەگونجێت، ئەمەش لە نیوە كەمتری ئەو بەحرە عەروزیانەیە، كە (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی)ی لە شیعری عەرەبیدا دەستنیشانیكردووە و دۆزیویەتەوە.

٣- سەروا: شیعری کلاسیزمی کوردی سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، کە بە یەک ستون دێتە خوارەوە، واتە نیوەدێری دووەمی هەموو دێرێکی شیعری هەمان سەروای دێری یەکەمی پارچە شیعرەکەی هەیە. بۆ نمونە

______ ا
______ ا
______ ب
______ ا
______ پ
______ ا
______ ت
______ ا

٤- یەکێتیی دێر: شیعری کلاسیزمی کوردی زیاتر گرنگی بە یەکێتیی دێر دەدات و هەر دێرێک واتاکەی لە خۆیدا تەواودەبێت، تەنانەت ئەگەر لەنێوان دێرەکاندا پێش و پاشیش بکرێت گرفتێکی ئەوتۆ دروستناکات، بەڵام شیعری ڕێبازەکانی تر گرنگی بە یەکێتیی بابەت دەدەن و کۆی دەقەکە واتاکە تەواودەکات.

٥- واتا: شیعری کلاسیزمی کوردی خۆی ئامانجە و نابێتە ئامرازی گەیاندنی هیچ پەیام و ئایدیایەک، جگە لە جوانی و بەرزیی خۆی، ئەمەش وایکردووە واتایەکی پتەو و قوڵی هەبێت و وشە و زاراوەکانی زۆربەی کات هەڵگری زیاتر لە واتایەک بن، بەهۆی ئەوەی چنراوێکی زمانی بەرزە و شاعیر هەوڵدەدات ئەوپەڕی دەستڕەنگینیی خۆی تێدا بەرجەستەبکات.

٦- بابەت و مەبەستەکانی شیعری کلاسیزمی کوردی: وەک شیعری کلاسیزمی خۆرهەڵاتی، زیاتر سنوردارن و بە دەوری چەند بابەت و مەبەستێکدا دێن و دەچن، وەک: (ستایشی خودا و پەیامبەر، وەسف و پیاهەڵدان، دڵداری، شین و لاواندنەوە... هتد).

# ئەدەبی کلاسیزمی کوردی – زاری لوڕی

ئـەدەب بـە زاری لـوڕی لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان بـەدواوە بەتـەواوی سـەریهەڵدا، چونکـە لـە سـاڵی حەڤدەیەمـی کۆچـی، بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی ئایینی پیـرۆزی ئیسـلامەوە، زمانـی عەرەبـی باڵادەسـتی خۆیـی سـەپاند بەسـەر زمانـی هەمـوو گـەل و نەتـەوە موسـڵمانە ناعەرەبەکانـدا.

بۆیـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان لـەڕوی سیاسـی و مێژووییـەوە؛ پشـتیوانێکی گـەورە بـوو بـۆ زیندوکردنـەوە و بوژانـەوەی زمـان و ئـەدەب، کوردیـش وەک نەتەوەکانـی تـر گەڕایـەوە سـەر زمانـی زگماکـی خـۆی و وردە وردە شـاعیرانی کـورد دەسـتیانکردووە بـە زیندوکردنـەوە و بوژانـەوەی ئەدەبـی کـوردی، کۆنتریـن شـیعری کـوردی لـە دوای سـەردەمی سـەلجوقییەکان، کـە مابێتـەوە و نەفەوتابێـت شـیعرکانی (بابـا تاهیـری هەمەدانییـە)، کەبـە زاری لـوڕی نوسـیویەتی.



# بابا تاهیری هەمەدانی *

بابا تاهیری هەمەدانی لە ساڵی (٩٣٧)ز لە دایکبووە و لە ساڵی (١٠١٠)ز کۆچیکردووە، خەڵکی شاری هەمەدانە و سەر بە ناوچەی لوڕستانە. چوارینەکانی بە زاری لوڕی نوسیوە، پیاوێکی سۆفی و خواناس بوو، لە خەڵکی دوورکەوتووەتەوە و گۆشەگیری لەلا پەسەند تربوو، بۆئەوەی بگاتە خۆشەویستەکەی. هەر لە هەمەدان کۆچیکردووە و گۆڕەکەی لەسەر گردێکە کەوتووەتە باکوری خۆرئاوای شاری هەمەدان.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

موئان بە حروم کە دەر زەرف ئامەدەستوم
موئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدەستوم
بەهەر ئەلفی ئەلف قەدی بەرئایو
ئەلف قەدوم کە دەر ئەلف ئامەدەستوم

(بۆ لەبەرکردنە)

## بەرهەمەکانی بابا تاهیری هەمەدانی:

١- بابا تاهیر هەشتا چوارینی نوسیوە، بەڵام نزیکەی پێنج سەد چوارین بە ناوی ئەوەوە بڵاوکراوەتەوە.

٢- کتێبێکی بەناوی (کلمات القصار) بە زمانی عەرەبی نوسیوە.

٣- کتێبێکی بەناوی (الفتوحات الرباني في اشارات الهمداني) بە زمانی عەرەبی نوسیوە.

## ڕوخساری شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی:

١- ئەو ڕێچکەیەی گرتوویەتی لە شیعر نوسیندا، سادە و بێگەردبوو.

٢- شیعرکانی بە زمانێکی سادە و ساکار نوسیوە، هەموو کەسێکی خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیتێگەیشتووە.

٣- بە دوای وشەکاری و شێواز و وشەی گران نەگەڕاوە، بەڵکو شیعرکانی بە قاڵبی چوارین دارشتووە.

٤- شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و لاسایی کەسی نەکردووەتەوە.

٥- لەناو کێشی عەروزدا ئاسانترین کێشی بەکارهێناوە، کە لەگەڵ وشە سادە و ساکارەکانیدا گونجاوە.

## ناوەڕۆکی شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی:

١- شیعری بۆ کەس نەگوتووە و ستایشی کەسی نەکردووە، تا بگاتە پلە و پایەیەک، یان هەندێک شتی دەستبکەوێت.

٢- تاکە شاعیری کوردە، کە ڕێچکەی سۆفیگەری گرتووە و لە سەردەمی پەیدابوونی سۆفیگەریدا ژیاوە.

نمونەیەک لە چوارینەکانی:

مو ئان ڕەندم کی نامم بێ قەلەندەر
نە خون دێروم، نە موون دێروم، نە لەنگەر
چو رۆچ ئایۆ بگەردوم گەردی گێتی
چو شەو ئایۆ بە خشتی وانەهەم سەر

(بۆ لەبەرکردنە)


**واتە:** (من ئەو ڕەندەم کە ناوم قەلەندەرە، نە ماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نە جێگە، کە ڕۆژ دادێت، لە زەوی دەسووڕێمەوە کە شەو دەکشێت سەرم لە سەر خشتێک دادەنێم).

# ئەدەبی کلاسیزمی کوردی – زاری گۆران

هەندێک لە شارەزایانی ئەدەبی کوردی لایان وایە، ئەگەر چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی بخەینە لاوە، کە بە زاری لوڕی نوسراوە، ئەوا دەقی شیعری زاری گۆران کۆنترین دەقن لە ئەدەبی کوردیدا، سرودەکانی کتێبی (سەرەنجام) و شیعرەکانی مەلای پەرێشان و ئەدەبی یارسان بە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنێین. شیعر بە زاری گۆران شیعرێکی ڕەسەنە و کێشی خۆماڵی (بڕگەیی) و جووتسەروا (مەسنەوی)ی تێدا بەکارهاتووە. لەڕوی ناوەرۆکیشەوە سێ بابەت لەخۆ دەگرێت:

١- چیرۆکی شیعری (چیرۆکی دڵداری و حیکایەتی ئەفسانەیی).
٢- شیعری گۆرانی (ویژدانی و کەسی و سروشت).
٣- شیعری ئایینی و ئایینزایی.

زاری گۆران لەپێش پەیدابوونی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر بەڵگە و ئامۆژگاریی ئایینی پێنوسراوەتەوە، هەروەها لە دەوری ئیسلامیشدا گەلێک شیعری ئایینی جیاجیای سەر بە چەند پەیڕەوی ئیسلامی ئایینزایی(مەزهەب)ی پێنوسراوە. پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام زۆربەی نەتەوە ناعەرەبەکان دەستیان لە زمانی خۆیان بەردا و بەرهەمەکانیان بە زمانی عەرەبی دەنوسییەوە، بەڵام لە سەردەمی (سەلجوقییەکان) بەدواوە ئەو نەتەوانە گەڕانەوە سەر زمانی ڕەسەنی خۆیان و بە زمانی خۆیان شیعر و ئەدەبییان نوسیوە.



# مەلای پەرێشان

ناوی محەمەد ئەبولقاسمە لە ساڵی (١٣٥٦)ز لە شاری دەینەوەری ناوچەی کرماشان لەدایکبووە، نازناوی شیعری (مەلای پەرێشان)ە، بە مەلا پەرێشانی کوردی، یان مەلا پەرێشانی لوڕ ناوبانگی دەرکردووە، کۆنترین شاعیری کوردە، کە بە زمانی کوردی (زاری گۆران) شیعری دانابێ و لە چوارچێوەی شیعری یارسان چووبێتە دەرەوە.

جگە لە زمانی دایک زمانی عەرەبی و فارسی زانیوە. لە ساڵی (١٤٢١)ز کۆچیکردووە.

بۆ دیاریکردنی پایەی ڕاستەقینەی لە ئەدەبی کوردیدا پێویستە بە وردی لەم لایەنانەی بەرهەمی شیعری بکۆڵرێتەوە.

١- یەکەمین شاعیر بووە، کە شیعری بۆ ئاینزای شیعە نوسیوە.

٢- دوور بووە لەلایەنی دەروێشیزمی ئیسلامی.

٣- لە شیعرە پەروەردەییەکانیدا دەردەکەوێت، کە شارەزای ئایینی ئیسلام بووە.


٤- زمانی کوردی بە وشەی بێگانە دەوڵەمەندکردووە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## مەلای پەڕێشان لە سەرەتای یەکێک لە پاڕانەوەکانیدا دەڵێت:

خـــودا مـن بەنـدەی ناچیـز و زەلیـل
گونـــام کەسـیرەن تاعەتـم قەلیـل
چەنیـم عەدالـەت مەکـەر ئـەی کەریـم
ببەخشـەم وە لوتـف بـە فەزلـی عەمیـم

(بۆ لەبەرکردنە)



# بێسارانی *

بێسـارانی ناوی (مسـتەفا قوتبەدین شەمسـەدین)ە، خـۆی و باب و باپیرانـی مەلازادەن، باوکـی بـە قوتبەدینی عەرەبـی ناسـراوە، چونکـە عەرەبیزانێکـی بەتوانابوو. بێسـارانی لە سـاڵی (١٦٤١)ز لـە گونـدی (بێسـاران) لەدایکبووە، بێسـاران گوندێکە لەنێـوان هەورامانی تەخـت و ژاوەرۆدا و سـەر بـە شـاری (سـنە)یە. بێسـارانی چووەتـە حوجرە بـۆ خوێندن و مۆڵەتـی مەلایەتـی لـە سـنە وەرگرتووە و بە (مەلا موسـتەفای بێسـارانی) لـە ناو کورد ناسـراوە. لە سـاڵی (١٧٠٢)ز هەر لـە جێی لەدایکبوونـی خۆی لە بێسـاران کۆچیکردووە و لە گۆڕسـتانی پیرەهـەژارەدا نێژراوە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## ڕوخساری شیعرکانی بێسارانی:

١- شاعیر سەر بە ڕێبازی کلاسیزمە.

٢- شیعرکانی بە کێشی عەروزی عەرەبی و (جوتسەروا) داناوە.

٣- لە شیعرەکانیدا وشەی بێگانە بە تایبەتی (عەرەبی و فارسی) بەکارهێنابوو.

٤- هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە.

## شیعرکانی بێسارانی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە:

### ١- ئەڤینی و دڵداری:

زۆربەی شاعیرانی کلاسیزم گرنگی زۆریان بەم بابەتە داوە و بێسارانیش بێبەش نەبووە لەم بابەتە. بۆ نمونە:

چــراغ وەنەوشــە، چنـور چەنـی ی گـوڵ
عـــەزمێ ڕای وسـاڵ، تۆشـان هانـەدڵ
چنـور جـە سـەر کۆ، وەنەوشـە جـە چـەم
گـوڵ جـە گوڵستان، وە هـەم بیـەن جـەم

(بۆ لەبەرکردنە)

واتـە: (خۆشەویستەکەم، وەنەوشـە و چنـور لەگـەڵ گـوڵ نیازیانـە بێنـە دیدەنیت، چنـور لـە شـاخان و وەنەوشـەش لـە باخـان و گوڵیش لـە گوڵسـتان پێکـەوە کۆبوونەتـەوە.)

### ٢- خواناسی و سۆفیگەری:

یەکێکی ترە لەو مەبەستە شیعریانەی شاعیرانی کلاسیزم گرنگی زۆریان پێداوە، چونکە زۆربەیان مەلا و مەلازادە بوون و دەرچووی حوجرە بوون.

ئێمەیـچ پەروانـەی شـەم شناسـانیم
پـەڕ و بـاڵ سـوفتەی دیـن خاسـانیم
میللەتـی پـاک دیـن، پێغەمبـەرانیم
نـەک جـە تایفـەی کـــەم نظرانیـم

(بۆ لەبەرکردنە)

**واتــە:** (ئێمــەش ئــەو پەلاتینک و پەروانەیــن، کە مۆم دەناســن و بەدەوریدا دەســوڕێنەوە و پــەڕ و بــاڵ ســوتاوی ئاییــنی پیاو چاکانــن، چونکە شــەیدای ئەو ڕوناکییەن و لە ســەر ڕێبــاز و ئاییــنی پێغەمبەرانین).

**٣- کۆمەڵایەتی:**

کۆمەڵایەتی لە مەبەستە شیعریەکانی بێسارانی ڕەنگیداوەتەوە، دەڵێت:

ئـــــارۆ وێنـــەی، دیـــم خـــەزانێ زار
بەند بی بە زامەت، جەور و جەفای یار
ئەو جە دەردێ وێش، بێ مەدارا بێ
خار چنگێ زامەت، لێش و یارا بێ

(بۆ لەبەرکردنە)

**واتــە:** (ئەمــڕۆ گــەڵای زەردی وەک خــۆم دیــت، کە ئەویــش وەک من گرفتــاری جەور و جەفــای هەڤاڵەکــەی خــۆی بووە).

## لێکدانەوەی ووشەکان:

خار: دڕک

بێ مدارا: بێتاقەت


لیش و یارا: دەوری دابوو

## ئەدەبی کلاسیزمی کوردی – زاری کرمانجیی سەرو

شـــاری جزیـــرە، پایتەختـــی میرنیشـــنی بۆتـــان بـــوو، لـــە ســـەردەمی خۆیـــدا چەقـــی پەرەســـەندنی ئەدەبـــی کوردی بە زاری کرمانجیی ســـەرو بوو. ئەوەی لـــەو ئەدەبە مابێتەوە و نەفەوتابێـــت، بـــۆ ســـەردەمی میرنیشـــینی (بۆتان) دەگەڕێتـــەوە و زاری ئـــەم ناوچەیە بۆتە بەردی بناغەی شـــیعر پێنوســـین، تەنانەت نوســـەری تریـــش هەبوو لە دەرەوەی دەســـەڵاتی میرنیشـــینی بۆتـــان هەر بەم زارە نوســـیویانە، تەشەنەســـەندنی ئەم ئەدەبـــە وایلێکردوون لە ژێـــر کاریگەرییەکەیـــدا بەزاری بۆتانی شـــیعر بنوســـن.

شـــارەزایانی مێژووی ئەدەبی کوردی بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەدەبی کرمانجیی ســـەرو لە نیوەی دووەمی ســـەدەی شـــازدەیەم و سەرەتای ســـەدەی حەڤدەیەم سەریهەڵداوە.

شـــاعیرە دیارەکانـــی، کە بەم زارە شـــیعریان نوســـیوە: (فەقێی تەیران، مـــەلای جزیری، عەلی حەریـــری، ئەحمـــەدی خانـــی، مـــەلای باتێ، شـــاپرتەوی هەکاری، مەلا مەنســـوری گرگاشـــی و شـــێخ محەمـــەدی مەغریبـــی). لێـــرەدا تەنیـــا باســـی (مـــەلای جزیـــری و ئەحمـــەدی خانی) دەکەین.



# مەلای جزیری

مەلا ئەحمەد یان شێخ ئەحمەد بە (مەلای جزیری) ناسراوە ، چونکە لە شاری جزیرەی پایتەختی بۆتان ژیاوە. لە ساڵی (١٥٦٧)ز لەدایکبووە. وەک مەلا گەورەکانی کوردستان فەقێیەتی و خوێندنی لە زۆر شوێنی کوردستاندا بردووەتە سەر، لە چەند شوێنێک مەلایەتی کردووە، دواجار لە (مزگەوتی سور) جێگیربووە، ئەم مزگەوتە لە ڕۆژانی دەسەڵاتی میرەکانی بۆتاندا شوێنی خوێندن و پێگەیشتن بوو. سەدان فەقێی تێدا بووە و میر خۆی خەرجییەکانی بۆ دابینکردوون.

نازناوی شیعری (مەلا، یان مەلێ) بوو، هەندێک جار (نیشانی)ی بۆ خۆی کردووە بە نازناو، چونکە دڵی خۆی بە نیشانی تیری خۆشەویستی و ئازار داناوە. جزیری بە دامەزرێنەری ئەدەبی کلاسیزمی کوردی بە زاری کرمانجیی سەرو دادەنرێت، چونکە لە سەردەمی خۆیدا، بەرهەمێکی ئەدەبی نوێی هێناوەتە کایەوە، کە پێشتر نەبوو، واتە تازەگەری بوو بۆ سەردەمەکەی خۆی. لە ساڵی (١٦٤٠)ز کۆچیکردووە، هەر لە (مزگەوتی

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

سور) بە خاک سپێردراوە، تا لە ژیاندا بوو ئاواتی گەورەبوونی میرنیشینی بۆتان بوو شیعرەکانی لە سنوری جزیرە چوونەتە دەرەوە. وەک دەڵێت:

گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم        شەب چراغێ شەبی کوردستانم

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (گوڵی باخی ئیرەمی بۆتانم و شەو چرای شەوی کوردستانم. ئیرەم باخێک بوو لە خۆشیدا وەک بەهەشت وابوو).

## بەرهەمەکانی مەلای جزیری:

دیوانێکی گەورەی شیعری کوردی هەیە. لە چەند شوێنێکی وەک: (هەولێر ،بەرلین، ئەستەنبۆل، قامیشلو، بەغدا و تاران ) چاپکراوە، لە چاپەکەی قامیشلودا بە عەرەبی لێکدراوەتەوە. خۆرهەڵاتناس و کوردناسی بەناوبانگ (ڤلادیمیر مینۆرسکی)، دەڵێت: (ئەگەر خۆرهەڵاتناسی ئەوروپایی کەسێکی چنگ نەکەوێت، دیوانی مەلای جزیری بۆ وەربگێڕێتە بۆ زمانەکانی ئەوروپا، ئەوا بە ڕاستی لە نرخی ئەدەبی کوردی و بەرزیی زمانی کوردی تێناگات). تا سەردەمی مەلای جزیری خوێندەوارانی کورد خەریکی خوێندنەوە و چێژوەرگرتن لە ئەدەبی خۆرهەڵاتی بوون، بەڵام مەلای جزیری توانی ئەو چێژ و خۆشییەی لە مۆسیقای شیعری خۆرهەڵاتیدا هەیە، بخاتە قاڵبی شیعری کوردییەوە و لە نوسینی شیعر بە زمانی کوردی بەرجەستەی بکات.

ئەدەبناسان پەیوەندیی نێوان (مەلای جزیری) و (حافزی شیرازی) دەخەنە ڕو، حافز زۆر کاریکردووەتە سەر مەلا، بەڵام ئەم کارتێکردنە هەرچەند بێت، هێشتا بەشی تازەگەری و ڕابەری بۆ مەلا دەمێنێتەوە.

## ڕوخساری شیعرکانی مەلای جزیری:

١- وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی تێکەڵ بە زمانی کوردی کردووە.

٢- بەکارهێنانی ئەو کێشە عەروزیانەی، کە لە شیعری عەرەبی و فارسیدا هەن.

٣- یەکێتیی سەروا و دوا پیت (ڕەویە)ی لە شیعردا پاراستووە.

٤- پاراستنی بابەتی (غەزەل و قەسیدە) لە شیعردا. دەتوانرێت شیعری مەلای جزیری بە چەشنێک لەو وشەکارییە دابنرێت، کە لە هەموو شیعری کلاسیزمیدا هەیە.

٥- مەلای جزیری گرنگی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی داوە.

## ناوەرۆکی شیعرکانی مەلای جزیری

ئەدەبناسان، بە درێژی لەوە دواون، کە دیوانی جزیری، دیوانێکی عیشقی تەسەوف بوو. شیعری جزیری وەک شیعرەکانی (حافز) و (جامی) و (ابن الفارز)، عیشقی ئاسمانی، یان عیشقی سۆفیانە و خواییە، ئەمەش کاتێک شاعیر لە شێوە مەعشوقەکەی سەر زەمین سەرکەوتوو نابێت، ڕێگادەباتە بەر هیوایەکی دورتر، بە ئاواتی ئەوەی لەو دنیا لەگەڵ مەعشوقەکەی یەکبگرنەوە.

جزیری یەکێکە لەو شاعیرانەی، لەبەر جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی نێوانیان بەعیشقەکەی نەگەیشتووە کە(سەلما)ی خوشکی میری بۆتان بوو، لەبەرئەوە خۆشەویستیەکەی گواستەوە بۆ ڕێبازی تەسەوف وخواپەرستی.

تایبەتمەندییەک لە شیعری مەلای جزیریدا هەیە، کە دوای خۆی لای هەندێک شاعیری تری تەسەوف دیارە، کە دەیخوێنیتەوە، وەک ئەوەی پەیکەرێکی جوان لە بەردەمی شاعیردا دانرابێت، دووبارە بە وشەی جوان و هەستی ناسک، سەرلەنوێ نیگاری بکێشێتەوە، بەڵام وردە وردە وشەکانی دەبێتە وەسفی خۆشەویستی خودایی و لە میحرابی ئەودا بە سەرسامی دەوەستێت. جزیری بەدەم ئەم دڵدارییە ڕاستەقینەوە، ستایشی هەندێک لە میرەکانی جزیرە دەکات و بە ئاماژەی شاعیرانە هێرشی مەغۆل و تاتار و وەسفی گشتیی سروشتی جوانی کوردستان باسدەکات. نمونەیەک لە شیعری مەلای جزیری:

ئیـــرۆ ژ ڕەمزا دێم دوڕێ
میننەت کو من مەسرووره دل
دلبـــەر ب فنجانا سوڕێ
مـــەی دامە و مەخمووره دل

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ ، دڵبەری من کە شا و شازادەی جوانانە، زۆر دڵشادە ڕوخساری وەک مروارییە، لە شەرابی دڵڕفێنی خۆی، فنجانێکی بۆ تێکردم، کاتێ بادە و شەراب گەیشتە دڵم، لە ڕازی نهێنی و گرنگ ئاگاداربووم.)

## لێکدانەوەی ووشەکان:

ئیرۆ: ئەمڕۆ، ئەڤرۆ

دێم: ڕوو دم و چاو

دوڕی: وەک دوڕ

(سوڕ) یا (سڕ): نهێنی دل، دلڕاکێشان، جەزبی دل

مەی: بادە، شەراب

مەخمور: سەرخۆش



# ئەحمەدی خانی

ئەحمەدی خانی یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، بە لوتکەی شیعری کلاسیزمی کرمانجیی سەرو دادەنرێت، ناوبانگی لە شاکاری (مەم و زین )دا سنوری وڵاتی بڕیوە و بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە. خانی لە دێرە شیعرێکدا خۆی ساڵی لەدایکبوونی خۆی تۆماردەکات بەپێی ساڵنامەی کۆچی دەڵێت:

لۆ ڕا کو دەما ژ غەیب فەک بو
تائریخ هەزار و شێست و یەک بو

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: ئەوکاتەی لە نەبوونەوە پەیدابووم و لەدایکبوم ساڵ (١٠٦١)ی کۆچی بوو.

ساڵی (١٠٦١) کۆچی بەرامبەر بە ساڵی (١٦٥٠)ز هاتووەتە دنیاوە. خانی بە توندی بەستراوە بە جزیرەوە، ڕودانی چیرۆکی مەم و زین هۆکار بوو بۆ ئەوەی پەیوەستی

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

بە جزیرە بێت، زۆر تێیدا ژیاوە . لە خودی مەم و زینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە خانی زانایەکی گەورە و شارەزای فەلسەفە و گەلێک زانستی تر بووە. لە زۆر کتێبدا دەربارەی خانی نوسراوە، کە لە زۆر شوێن خوێندوویەتی و مەلایەکی گەورە بوو، لە جزیرە و بایەزیددا وانەی گوتوتەوە، چەندین مەلا و زانای پێگەیاندووە، لە ساڵی (١٧٠٨)ز کۆچیکردووە.

## بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی:

١- مەم و زین
٢- عەقیدا ئیمان
٣- نۆبارا بچوکان
٤- غەزەل و قەسیدە

## ١- مەم و زین:

بەسەرهاتی پڕ لە ئازار و مەرگی ناکامانەی مەم و زین بوو بە داستان و پشتاوپشت دەگوترایەوە. خانی هات سەرلەنوێ زیندوویکردنەوە و بە ناوی ئەوانەوە کۆمەڵێک بیروڕای فەلسەفییانەی خۆی دەربڕیوە، وەک دەڵێت:

شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە
زین و مەمێ بکەم بەهانە

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (دەمەوێت بە بەهانەی مەم و زینەوە غەمی دڵی خۆمم دەربڕم)

نوسینی چیرۆکێکی دڵداری و خۆشەویستی خولیا و حەزی خانی بووە، بەڵام پێگەی ئایینی ئەو جۆرە ڕێگرییەی بۆ دروستکردووە، کە چیرۆکێکی لەو جۆرە بنوسێت، بۆیە مەم و زینی کردووە بە بیانو بۆ دەربڕینی ئەو حەز و خولیایەی ناخی و پشتی بەستووە بە داستانی (مەم و زین) یا (مەمی ئالان)ەکەی، کە لە ناو خەڵکی بۆتاندا بڵاوبووە.

خانی لەلایەک شانازی دەکات، کە توانیویەتی بە زمانی شیرینی کوردی چیرۆکەکەی بنوسێتەوە و زمانەکەی بباتە ئاستی زمانی فارسی، لەلایەکی تریش باسی ئەو ماندووبوون و جەفایە دەکات کە لەپێناو خزمەتکردنی نەتەوەکەیدا لەو بوارەدا بینیویەتی هاتووە شتێکی نوێی لە بەرگێکی تازەدا نوسیوە، وەک دەڵێت:

سافی شمڕاند ڤە خوارد دووردی
مانەندی دەری لیسانی کوردی
ئینانە نیزام و ئینتیزامی
کێشایە جەفا ژ بۆ وی عامی

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (بەسەرخەڵتەی شەرابدا تێپەڕیم و گەیشتم بە شەرابی بێخەوش و خواردمەوە، وەک چۆن بەسەر زمانی دەریدا (فارسی کۆن) تێپەڕیم و زمانی کوردیم هێنایە سەر شێوە و سیستەمێکی ڕێکوپێک و نارەحەتی و جەفای زۆرم بینی لەپێناو ئەو خەڵکە سادەیەدا)

(مەم و زین)ەکەی خانی، وەک (مەم و زین)ە فۆلکلۆرییەکەی ناو خەڵک نییە، کە تەنیا چیرۆکی دڵداری بێت، بەڵکو خانی شاعیرانە چەند شتێکی لێکداوەتەوە و شتێکی نوێی دارشتووە. وەک:

هەندێک ژ فەسانەیێد بوهتان
هەندەک د بەهانە هەن د بوهتان

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (بەشێکی مەم و زین چیرۆکی ئەفسانەیی جزیرە و بۆتانە و بەشێکی بەهانەیە، واتە بیروڕای خانی خۆیەتی بۆ نوسینی چیرۆکێکی دڵداری و بەشێکیشی بوهتان و خەیاڵە، کە مەبەستی لەو کەسایەتییانەی نێو چیرۆکەکەیە، کە خانی خۆی دروستیکردوون، تا چیرۆکەکە لەسەر زاریان بگێڕێتەوە)

پوختەی ئەو دەربڕینەی خانی، کە بۆچی مەم و زینی کردووەتە بەهانەی:

ئـ- بـە ستایشـی ناوی خـودا و پەیامبـەرەوە چووەتە نـاو گفتوگـۆی فەلسـەفەوە، گەلێگ لـە بیـروڕای فەلسـەفەی ئیسـلام و یۆنانـی دەردەبڕێـت و گفتوگۆیـان دەکات، وەک فەیلەسـوفێک و سـۆفیەکی گـەورە خـۆی دەنوێنێـت.

ب- یەکـەم شـاعیری کـوردە هانـی بیـری کوردایەتـی داوە داوای لێکـردووە لـە قاڵبێکـی دیاریکـراودا یەکبگـرن و بەرانبـەر هێرشـی داگیـرکاران بوەسـتن.

پـ - دڵدارییە بە سـۆزەکەی (مەم و زین) بە ڕێبازێکی تەسـەوفدا دەبـات، کردوونی بە دوو خوداپەرەسـت، تا پلەی فەنابوون.

بـەم خاڵانـەی سـەرەوە توانیویەتـی مـەم و زین بـکات بـە گەورەترین بەرهەمـی ئەدەبیی کوردیـی سـەردەمی خـۆی و لـە ڕێـڕەوی ئەدەبـی کـوردی و ئەدەبـی خۆرهەڵاتـدا جێگایەکـی بـەرزی بـۆ تەرخانبکرێت.

ڕوخساری مەم و زین:

ئـ- مـەم و زینـی بـەزاری کرمانجیـی سـەرو نوسـیوە. هەوڵیشـیداوە وشـەی زۆر لـە زارەکانـی تـر بەکاربهێنێـت.

ب- لـە سـەر پەیـڕەوی زمانـی ئەدەبیـی ئـەو سـەردەمە ڕۆیشـتووە، وشـەی فارسـی و عەرەبـی و تورکـی تێکەڵکـردووە.

پ- کێشی عەروزی عەرەبی بەکارهێناوە.

ت- لـە (یەکێتیـی سـەروا) لایـداوە، هاتووەتـە سـەر (جـووت سـەروا)، کـە پێـش ئـەو لە داسـتانە فارسـییەکاندا بەکارهاتـووە، ئەمـەش بۆ کرمانجیی سـەرو شـتێکی نـوێ بوو.

## ٢- عەقیدا ئیمان:

کتێبێکی بچوکی عەقایدی ئیسلامە، یان چەند وانەیەکی زانستی (کلام)ە، خانی بە شیعر پێشکەشی فەقێی کوردی کردووە، وەک مامۆستایەک خۆی دەنوێنێت و نەچووەتە کۆڕی کفتوگۆ و لێکدانەوەی ئاینزاکانی ئیسلامەوە. کتێبێکی خوێندنە و پێشکەش بە فەقێ و قوتابییانی کوردی کردووە.

## ٣- نۆبارا بچوکان:

خانی هاتووە بە شیعری کوردی فەرهەنگێکی (عەرەبی - کوردی)ی پێشکەش بە منداڵانی کورد کردووە، بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی فێرببن. وەک کوڕی گەل خۆی دەنوێنێت. گوتیەتی ئەم نۆبەرەیە پێشکەش بە میر و خاوەن دەسەڵات ناکات، بەڵکو بۆ منداڵانی کوردی نوسیوە. دەڵێت:

نە ژ بۆ ساحیب ڕەواجان
بەلکی ژ بۆ بچوکێد کرمانجان

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (ئەم بەرهەمە بۆ میر و دەسەڵاتداران نییە، بەڵکو بۆ منداڵە بچوکەکانی کورد دامناوە)

## ٤- غەزەل و قەسیدە:

لە م دواییەدا هەندێک شیعری خانی دۆزرایەوە، ئەوانیش بەشێکی تر لە دەست ڕەنگینی خانی پیشاندەدەن و لە ڕوی بیر و فەلسەفەی خانییەوە تەواوکەری مەم و زینن. لە شیعرێکدا دەڵێت:

میری مەجلیس نەکەنت موتریب گویا چ بکەت
غونچەی خەندان نەبتن بولبولی شەیدا چ بکەت

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (ئەگەر میری دیوان دڵخۆش نەبێت و پێنەکەنێت، گۆرانیبێژ دەبێت چی بکات؟ خونچە نەپشکوێت و دەمنەکاتەوە بولبولی شەیدا و عاشق چی بکات؟)

# ئەدەبی کلاسیزمی کوردی - زاری کرمانجیی خوارو

دوا زاری زمانی کوردی، کە بوو بە بناغەی زمانی ئەدەبی ئەو سەردەمە، زاری کرمانجیی خوارو بوو، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکانەوە وەک زمانی ئەدەبی چاوی هەڵهێنا و تا ئێستاش لە گەشەسەندن و فراوانبوون و پەرەسەندندایە و وای لێهاتووە، کە ببێت بە زمانی ئەدەبی سەردەم و زمانی خوێندنی قوتابخانە و کاروباری فەرمی لە کوردستانی عیراقدا.

قەڵاچوالان، یەکەم پایتەختی میرنشینی بابان بوو، بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە لە توانایدا نەبوو پێویستی هەلومەرجی پەرەسەندنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی میرنشینەکە پڕبکاتەوە، بۆیە دروستکردنی شارێک لە ئاست ئەو پەرەسەندنانەی میرنشینی پێویستییەکی حەتمی بوو، لەبەر ئەوە ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی (١٧٨٤)ز بەردی بناغەی شاری سلێمانی دانا، شارەکە لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە مەڵبەندێکی گەورەی پیشەسازی و بازرگانی و پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ پایتەختە گەورە نزیکەکاندا پەیداکرد و وردە وردە گەیشتە هەندێک شاری ئەوروپایی، خوێندن و خوێندەواری وەک هەر بوارێکی تر گەشەی بەخۆوە بینی و برەوی پەیداکرد. بنەماڵەی بابانەکان هاندەرێکی سەرەکی بوون و پشتیوانی تەواوی خۆیان لەم بوارەدا خستەڕوو، ئەدەبیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ڕۆشنبیریی سەردەم گەشەی زیاتری بەخۆوە بینی و بزوتنەوەیەکی ئەدەبی تازەش بەرپابوو، کە زۆرێک لە ئەدەبناسان بە قوتابخانەی شیعری بابان ناویدەبەن.

## سەرەتا و دەستپێکردن:

نالی شاعیر وەک ڕابەر و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان بە دیارکەوت، ئەگەر بەرهەمەکەی لەڕوی ناوەرۆکەوە تەواو تازە نەبێت و لە ناوەرۆکی شیعری کلاسیزمی زارەکانی تری کوردی و شیعری کلاسیزمی خۆرهەڵاتی بچێت، ئەوا لەڕوی زمانەوە تازەیە، دیارە ئەم تازەییە ئەوە ناگەیەنێت، کە پێش نالی هیچ جۆرە شیعرێک بەو زارە نەگوترابێت، بەڵکو بە چەشنێک خۆیگرتووە و جێی خۆی کردووەتەوە، کە لە پتەویدا ببێتە بناغەیەکی ئەوتۆ، کە لێلادانی نەبێت و شاعیرانی تر پەیڕەوییکەن

و نەچنەوە سەر شێوەکانی تر، یان سەر ئەو زمانانەی تری خۆرهەلات، کە هەندێک شاعیری کورد شیعریان پێنوسیوە بەتایبەتی (فارسی).

باری داکەوتە و مێژوویی کورد وایکردووە، کە بەرهەمی گەلێک شاعیری ناودار و بێناومان ونببێت، لەبەرئەوە زۆر بەڵگە و نمونەمان بۆ نەماوەتەوە ناویانبنێین سەرەتای ساکاری قوتابخانەی شیعری بابان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نمونە هەن، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- ئەگەر بە وردی لەو بەرهەمانەی ئەدەبی فۆلکلۆر بکۆڵینەوە، کە تا ئێستا تۆمارکراون، یا بە دوای بەرهەمی تۆمارنەکراوی فۆلکلۆردا بگەڕێین، ئەوا گەلێک بەرهەمی وامان دەستدەکەوێت بڕیاری ئەوەیان لێبدەین، کە بەرهەمی پێش (نالی)ن و هەر بە ئەو زارەی ئەویش نوسراوە.

٢- هەرچەندە تا ئێستا بە تەواوی سالی لەدایکبوون و مردنی (عەلی بەردەشانی)مان بۆ ساغنەبووتەوە، بەلام هەموو بەڵگەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە (عەلی بەردەشانی) پێش نالی لە ژیاندابووە و ڕەنگە ماوەیەک ژیانیان پێکەوە بووبێت، لەبەرئەوە دەتوانین بەرهەمی عەلی بەردەشانی بە سەرەتایەکی سادەی نالی دابنێین.

٣- (مەولوودنامە)ی (شێخ حسێنی قازی) بە یەکەم بەرهەمی پەخشانی کوردی دادەنرێت، کە بە زاری کرمانجی ناوەڕاست نوسراوە، ئەگەر بە سەرەتا دانەنرێت بۆ شیعری نالی، ئەوا بە دیاردەیەکی ئەدەبی وا دادەنرێت، کە لەو باردۆخە مێژووییەدا کە شیعری نالی تێدا پەیدابووە.



# نالی

ناوی (مەلا خدری ئەحمەد شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایەڵییە)، لە ساڵی (١٨٠٠)ز لە گوندی (خاک و خۆڵ)ی دەشتی شارەزور لەدایکبووە، بۆ خوێندن چووەتە ناوچەی قەرەداغ و پاشان خوێندنی فەقێیەتی لە سلێمانی لە (خانەقای مەولانا) تەواوکردووە و مۆڵەتی مەلایەتیی وەرگرتووە.

هەروەها بە چاوی خۆی لوتکەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی فەرمانڕەوایی بابانی دیتووە، چۆتە سەفەری حەج لە ڕێگای گەڕانەوەدا لە شام هەواڵی ڕوخاندنی میرنشینی بابان و هێرشی عوسمانییەکان و داگیرکردنی سلێمانی دەبیستێت، ئیتر بڕیاردەدات نەگەڕێتەوە و ڕودەکاتە ئەستەنبوڵ. لە کتێبی (نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) ئەوە ساغبووەتەوە، کە نالی لە(١٨٧٧)ز لە ئەستەنبوڵ کۆچیکردووە و بە داخی دوری نیشتمانەوە سەریناوەتەوە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## بەرهەمی:

نالی هێز و توانای فراوان و داهێنەرانەی زمانی کوردی لە دەربڕینیدا دەرخستووە و لە ناو کوردیشدا بە پیت و پتەوی وشەی زارەکەی خۆی بەجۆرێک پیشانداوە، کە ببێت بە بناغەی یەکگرتنی زمانی ئەدەبی کوردی.

وشە لای نالی گەلێک مانای هەبووە، ئەویش وەک هەموو شاعیرانی کلاسیزمی خۆرهەڵاتی خەریکی وشەکاری و ڕازاندنەوەی وشە و بە چەند مانا بەکارهێنانی وشە بووە، بەڵام ئەگەر ئەم وشەکارییە لای شاعیرانی تر چەشنێک، یان دیمەنێک بووبێت لە دیمەنەکانی توانای ئەدەبی خۆیان، یان ئەدەب بەلای ئەوانەوە ڕێگایەکی کات بەسەربردن بووبێت، ئەوا لای نالی مانا و مەبەستێکی قوڵتر و ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە.

لە هەموو سەردەمێکدا بەرەی کۆن بە چاوی سەیر و ناڕەزاییەوە تەماشای پەرەی تازە دەکات. لە ڕۆژانی نالیشدا زۆر کەس بە ناڕەزایی و سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەم چەشنە تازەی شیعر و ئەم زمانە تازەی (نالی)یان کردووە، یان لایان سەیر بووە، کە بە کوردی شیعر بنوسرێت، نالی لە وەڵامی ئەمانەدا دەڵێت:

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشادەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی، لە عەمدا وا ئەکا
یا لە میدانی فەساحەتدا بە مسلی شەهسوار
بێ تەئەمول بم هەموو نەوعە زمانێ ڕائەکا

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: (سروشتی شیرینی من بەلای ئەوەدا دەچێت بە کوردی شیعر بڵێ، لەبەر ئەوە نییە، کە کوردییەکە ئاسانە و دەسەڵاتی بە سەر عەرەبی و فارسیدا ناشکێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە خۆی تاقیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت شتێکی تازەی لەدەست دێت، کە لەمەوپێش کەس نەیکردووە، کە شیعر گوتنە لەسەر عەروزی عەرەبی بە زمانی کوردی. مەبەستی نالی لە زمانی کوردی، زاری کرمانجی خوارووە. یاخود مەبەستی خۆ تاقیکردنەوە نییە، سروشت و ئارەزوی نوسینی شیعری ئەوەندە سوارە، بێ گوێدانە ئەوە، کە مەیدان مەیدانی فارسی، یان عەرەبی، یان تورکییە، ئەو هەر لە خۆیەوە بە هەموویاندا غاردەدات، یان لە هەموویاندا خۆی ڕادەهێنێت).

لـە کۆنـدا مـەرج بوو شیعرنوسـین بـە چەند زمانێـک بۆ دەرچوونی شـیعر بنوسـرێت شـاعیر لـە تاقیکردنـەوە و پیشـاندانی توانـای شـیعری. نالـی زۆر بێباکانـە چووەتـە ئەو تاقیکردنـەوە و بـە چەند زمانێک شـیعری نوسـیوە و لـەم مەیدانەدا بە شـانازییەوە دەڵێت:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالـی خاوەنـی سـێ موڵکـە ئەمـڕۆ دیوانـی هەیـە

(بۆ لەبەرکردنە)

## ناوەرۆکی شیعری نالی:

### ١- دڵداری:

یەکێکـە لـە ئەو شـاعیرانەی جوانترین شـیعری دڵداری نوسـیوە و بەشـی هـەرەزۆری بەرهەمـی نالـی پێکدێنێـت، لەپـاڵ سـۆزی ڕاسـتەقینە و ڕاسـتگۆیی و دەربڕینـی هەسـتی ناسـکی دەروونـدا، هـەر بەدەم هەسـت دەربڕینـەوە بە وەسـفێکی بەرز و جـوان و وردی ئافـرەت هاتووەتـە ناو شـیعری کوردییـەوە، وەک دەڵێت:

زوڵفـت بـە قەدتـدا، کـە پەرێشـان و بـــڵاوە
ئەمـڕۆ لـە منـی شـیفتە، ئاڵـۆز و بـــەداوە
بۆچـی نەگریـم، سـەد کەڕەتـم دڵ دەشکێنـی
بـۆ مـەی نـەڕژێ، شیشـە لـە سـەد لاوە شـکاوە

(بۆ لەبەرکردنە)

شیفتە: دڵداری کەیار دڵی بردبێ.
بەداو: سەربەگۆبەند. دەم بەبیانو

واتـە: (زوڵفـە درێـژ و شـۆڕەکانت، کـە بەقـەد و باڵاتـدا بڵاوبوونەتـەوە، دڵـی دڵـدار ڕادەکێشـن بـۆ لای خۆیـان، ئەمـڕۆ لـە منیش ئاڵـۆزە و سـەربەگۆبەند و دەم بـە بیانـوون و بـە دەسـتیانەوە گیرمخـواردووە، ڕۆژی سـەد جـار دەسـت بـە ڕومـەوە دەنێیـت و دڵـم دەشـکێنیت، ئیتـر چـۆن نەگریـم؟ شـەرابی خوێنـی دڵـم چـۆن لـە چاوەکانمـەوە نەڕژێـت و سـەرنەکات، مـادام شوشـەی دڵمـت لـە سـەد لاوە شـکاندووە).

## ٢- ئایینی:

ئەم چەشنە شیعرە لە بەرهەمی نالیدا شێوەیەکی تری هەیە، ڕێگای ستایشی پێغەمبەری گرتووە، هەستی خۆشەویستیی خۆی بەرانبەر پێغەمبەر و خاکی مەکە و مەدینە دەربڕیوە و دەگاتە ئەوەی، کە خۆی بە سەگی بەر ئەو ئاستانە بزانێت، وەک دەڵێت:

ئەگەر چی کوردی دەوری شارەزوری قەسوەتم ئەما
وەسیلەم تیبە و حیلمی شەفیع و فەضلی مەننانە
بەسەر هاتومە ئەو خاکەی کە هەر مسقالە زەڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە

(بۆ لەبەرکردنە)

لەگەڵ سۆزی قوڵی ئەم ستایشانەدا لە بەرهەمی نالیدا ناتوانین لە لێکۆڵینەوەدا بگەینە ئەو ئەنجامەی کە نالی سۆفی بووە، یا خۆی بە ڕێبازێکی تایبەتی سۆفیگەری بەستبێتەوە، بەڵکو ئایین و موسڵمانێتی لە شیعری نالیدا هەستێکی گشتی و خۆشەویستییەکی فراوانی موسڵمانانەیە.

## ٢- نیشتمانپەروەری:

لە شـیعری نالیـدا نیشـتمانپەروەری دەچێتە قالبـی کلاسـیزمی نیشـتمانپەروەرییەوە، واتە هەسـتی قوڵـی خۆشەویسـتیی خاکی نیشـتمان و پەیوەندیی شـاعیرە بە هەموو بسـتێک و کونجێکی خاکی نیشـتمانەوە، نالـی دەڵێت :

دڵ سیاسـەنگ نەبـێ مائیلـی خاکـــی ووطەنـە
خاڵـی لەعلـی حەبەشـە، سـاکینی بـوردی یەمەنـە

(بۆ لەبەرکردنە)

واتـە: (دڵ ئەگـەر ڕەق و بێڕەحـم نەبێت، حـەزی لـە نیشـتمانی خۆیەتی، بۆیـە دڵـی منیش هەمیشـە حـەزی لـە ئەوەیـە لای یـار بێـت و لەگـەڵ بیـرەوەری ئـەودا بێـت، بۆیـە حـەزم لـە ژیانـی ئـەو نیشـتمانەیە کـە تیایـدا هاتوومەتـە دنیـاوە، ئەوەتـا خاڵـی یـار، کـە وەک لەعلـی حەبەشـە، ڕەشـە لـە بـوردی یەمـەن نیشـتەجێبووە.

هەروەهـا لە وەسـفی هێـز و سـوپای میرنشـینی بابانەکانـدا، بەتایبەتی پاسـەوانەکانی ئەحمەد پاشـای بابان، کە جل و بەرگیشـیان جیاوازبووە لە بەشـەکانی تری سـوپا، دەڵێت:

ئـەم تاقمـە مومتـازە کـەوا خاسـەیی شاهــن
ئاشـووبی دڵـی مەملەکـەت و قەلبـی سـوپاهن

(بۆ لەبەرکردنە)

واتـە: (ئـەو کۆمەڵـە دەستەبژێرە، کـە دەسـت و دائیرەی تایبەتـی پاشـان لـە جوانیدا بـوون بـە مایـەی هـەرا و ئاشـوب لـە هەمـوو لایەکـی وڵات و لەنـاو جەرگـەی سوپاشـدا، یـان بـوون بـە مایـەی وەرگێڕانـەوەی سـوپا و لەکارخسـتنی، یـان دڵـی سـوپا و خۆشویسـتنی)

### لێکدانەوەی وشەکان:

سیاسەنگ: بەردی ڕەش.

بوردی یەمەن: جۆرە قوماشێکی خورییە لە یەمەن دروستدەکرێت.

## ناوەرۆکی قوتابخانەی ئەدەبی بابان:

لـەڕوی ناوەرۆکـەوە گەلێـک لـە ناوەرۆکـی شـیعری کلاسـیزمی خۆرهەڵاتـی تێدایـە. هەروەهـا باسـی ژیانـی کـوردەواری و دیمەنـی نیشتمانپەروەریشـی تێدایـە.

## ڕوخساری شیعرەکانی قوتابخانەی ئەدەبی بابان:

١- بەکارهێنانی کێشی عەروز.
٢- هەمـوو پارچـە شـیعرەکە یـەک (ڕەویە)یـان هەیـە، واتـە هەمـوو دێـرەکان بـە (یـەک پیـت) کۆتاییـان دێـت و یـەک سـەروایان هەیـە.
٣- یەکێتیـی دێـر لـە شـیعری قوتابخانـەی بابانـدا بـە ڕونـی دەبینرێـت، واتـە هـەر دێرێـک مانـای تـەواوی خـۆی هەیـە، لـە کاتێکـدا لـە شـیعری تـازەدا بـە هەمـوو پارچەکـە واتـا تەواودەبێـت.
٤- بەکارهێنانـی هەمـوو ئـەو (وشـەکاری)یانەی لـە ڕەوانبێژیـدا بەکارهێنـراون لـە قوتابخانـەی شـیعری بابانـدا دەبینرێـت، لـەم وشەکارییەشـدا گەلێـک مەبەسـتی هەبـووە، یـا شـیعرەکانی وەهـا دارشـتووە، کـە بیـری خوێنـەر بـەلای چەنـد لێکدانەوەیەکـدا ببـات، ئەمـەش دیمەنێکـی تـری توانـای شـیعر نوسـینە.

قوتابخانـەی شـیعری بابـان بـە هەمـوو ڕوخسـار و ناوەرۆکییـەوە، تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بەردەوامبـووە و لـە ڕووی زمانیشـەوە تـا ئێسـتا بەردەوامـە.



# سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی

ئەدەب، دەکرێت بە دوو بەش کە شیعر و پەخشانە. لەبارەی مێژووی پەیدابوونی ئەم دوو چەشنە ئەدەبەش بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام لای زۆربەی گەلانی دونیا کۆنترین دەق تا ئێستا دۆزرابێتەوە شیعرە، بۆیە شیعر لە پەخشان بە کۆنتر دادەنرێت، وە نەبێ لە ئەدەبی کوردیدا بە جۆرێکی تر بێت، بەڵکو شیعر زۆر لە پێش پەخشانەوەیە.

کۆنترین پەخشانی کوردی، تا ئێستا دۆزرابێتەوە و لە بەردەست بێت ئەمانەن:

یەکەم: کتێبەکەی (عەلی تەرەماخی): بەناوی(صەرفا لسانی کوردی) بە زاری کرمانجی سەرو لە سالی (١٥٩١)ز دایناوە، ناوەرۆکی کتێبەکە فێرکردنی زمانی عەرەبییە لە (٢٣) وانە پێکهاتوە ،

دووەم: مەولودنامەی شیخ حوسینی قازی(١٧٩١-١٨٧٠)ز کە بەزاری کرمانجی ناوەڕاست نوسراوە باسی لە دایکبونی پێغەمبەر (د.خ) دەکات، چیرۆکێکی کورت دەربارەی سود و گەورەیی مەولود خوێندنەوە دەگێڕێتەوە لە ڕوی زمان و ڕوخسارەوە نرخی ئەم کتێبە لەوەدایە:

١- بە پەخشان نوسراوە.

٢- نمونەیە لە(سەجع)ی کوردی.

٣- بەجۆرێکی سادە حیکایەت، یان چیرۆک دەیگێڕێتەوە.

٤- زمانە کوردییەکەی هەر ئەو زمانە تێکەڵەیە، کە ئەدەبی قوتابخانەی کلاسیکی پێنوسراوە، کە زاری کرمانجی ناوەڕاستە هەرچەندە لە زۆر شوێندا نوسەر سەرەتایەکی بۆ نوسینی کوردی پەتی داناوە، پەیدابونی پەخشان لە شاری سلێمانیدا بەبەشێک لەو تەوژم و ڕاپەڕینەی ئەو سەردەمە لە میرنیشنی باباندا دادەنرێت، واتە هەر ئەو هۆ و بارودۆخەی قوتابخانەی شیعری بابان هێنایەکایەوە، هەر ئەوەش بوو بە هۆی پەیدا بوونی پەخشانی کوردی.

# ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی
# لە جێگیرکردن و گەشەسەندنی پەخشانی کوردیدا


کردستان
١٣١٥

## ١- ڕۆژنامەی کوردستان

دەتوانین سالانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بە قۆناغی جێگیربوونی پەخشانی کوردی ناوببەین، دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە (١٨٩٨/٤/٢٢)ز لە قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەت بەرخان)ەوە، بەردی بناغەی ئەو جێگیربوونەیە.


پەیدابوونی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لەو سەردەمەدا قۆناغێکی نوێی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی بوو، هاوکات هۆکاری سەرەکیی جێگیربوونی زۆربەی بەشەکانی پەخشانیش بوو. ڕۆژنامەی کوردستان لە ( قاهیرە و فولکستۆن) چاپکراون و (٣١) ژمارەی بەزاری کرمانجی دەرچوێنراوە.

## ٢- گۆڤاری ڕۆژی کورد و گۆڤاری هەتاوی کورد:

کۆمەڵـەی هیڤـی، کۆمەڵەیەکـی خوێندکارانـی کـورد بـوو لـە ئەسـتەنبۆل، لـە (١٩١٣/٦/١٩)ز گۆڤـاری (ڕۆژی کورد)یـان دەرکـرد، یەکەمیـن چیرۆکـی کـوردی بەنـاوی (شـەویش)، کـە هیـی (فوئـادی تەمۆ)یـە بـە دوو بـەش لـە ژمـارە (٢) و ژمـارە (٣)ی ئـەم گۆڤـارەدا بڵاوکراوەتـەوە. لـە پـاش دەرچوونـی (٤) ژمـارە، ئیتیحادییـەکان ئەویشـیان داخسـت. دوای داخسـتنی ڕۆژی کـورد، هـەر ئـەم کۆمەڵەیـە لـە (١٩١٣/١٠/٢٤)ز گۆڤـاری (هەتـاوی کورد)یـان دەرکـرد و لـە مـاوەی سـاڵێکدا (١٠) ژمـارەی لێدەرچـوو.

## ٣- گۆڤاری بانگی کورد:

لـە ویلایەتـی بەغـدا، کـە ئـەو کاتـە عێـراق (دەوڵـەت نەبـوو)، بەڵکـو سـێ ویلایەتی سـەر بـە دەوڵەتی عوسـمانی بـوو، یەکەم بڵاوکـراوەی کـوردی گۆڤاری (بانگـی کورد) لە (١٩١٤/٢/٨) ز لـە لایـەن جەمالەدیـن بابـان بـە هەردوو زمانـی کوردی و تورکـی لە بەغدا دەرچوێنـراوو، ئـەم گۆڤارە تەنیـا (٥) ژمـارەی لێدەرچوو.



# ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان
# هەردوو شەری یەکەم و دووەمی جیهانیدا




شــەری یەکەمی جیهان لە (١٩١٤/٨/١)ز هەڵگیرســا و دەوڵەتی عوســمانیش دوای ماوەیەک چــووە پــاڵ ئەڵمانیا و تێکەڵاوی شــەڕ بوو، ئەمجارەش دەرفەت نەڕەخســا کــورد بە ئازادی پــەرە بە چالاکییە ڕۆشــنبیری و سیاســییەکانی بدات. ئــەم بڵاوکراوانەی خــوارەوە لەنێوان ئەو دوو شــەرەدا دەرچــوون و ڕاژەیان بە پەخشــانی کوردی کردووە.

## ١- ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی:

بــە سەرپەرشــتی (مێجەرســۆن )و بــە هاوکاریی( شــوکری فەزڵی) لە بەغــدا و بە زمانی کــوردی لــە (١٩١٨/١/١)ز تــا (١٩١٩/١/٢٧)ز دەردەچــوو. ئــەم ڕۆژنامەیــە وەکــو بەشــێک لــە پڕوپاگەنــدەی شــەر کاربەدەســتانی ئینگلیــز، تــا تەواوبوونــی شــەر دەریانکــردووە. لەژێــر ناوەکەیــدا نوســراوە (ڕۆژنامەیەکــی سیاســی و ئیجتیماعــی و خادیمــی یەکبــوون و سەربەســتی کوردانــە.)، گەلێــک بــاس و بابەتــی ئەدەبی، سیاســی، مێژوویی و شــیعری شــاعیرانی کــوردی تێــدا بڵاوکراوەتــەوە و (٦٧) ژمــارەی لێدەرچووە.

## ٢- گۆڤاری ژین:

دەوڵەتی عوسمانی وەک دۆڕاوی شەڕ ناچاربوو ئاگربەستی (مودروس) لە کۆتایی مانگی یەکی (١٩١٨)ز لەگەڵ ئینگلیز مۆربکات. هاوپەیمانان بەڵێنی ئەوەیان بە نەتەوە ناتورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی دابوو، کە شەڕ تەواوبوو مافی ئازادیی بڕیاردانی چارەنوسیان بۆ بسەلمێنن. کوردەکانی ئەستەنبۆل سەرەڕای جیاوازیی ناوچە و بیروبۆچوونی سیاسی، کۆمەڵەیەکیان ڕاگەیاند بە ناوی (جەمعیەتی تعالی کوردستان) بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و کۆمەڵەکەش بڵاوکراوەی (ژین )ی لە (١١/٧/ ١٩١٨)ز دەرکرد. بایەخێکی زۆری بە هەواڵی سیاسی و ڕۆشنبیری و بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی داوە. (٢٥) ژمارەی لێدەرچوو.

## ٣- ڕۆژنامەی پێشکەوتن:

دوای ئەوەی( مێجەرسۆن) یەکەمین چاپخانەی هێنایە سلێمانی دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم هەفتەنامەیە و یەکەم ژمارەی لە (١٩٢٠/٤/٢٩)ز دەرکرد و ڕاستەخۆ خۆی سەرپەرشتی دەکرد و (٤٦) ژمارەی لێدەرکرد. دواتر (مێجەر گۆڵد سمیسی) حاکمی سیاسیی بەریتانی لە سلێمانی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی گرتە ئەستۆ و تا (١٩٢٢/٧/٢٧)ز توانی (١١٨) ژمارەی لێدەربکات. لە ڕوی هەواڵی سیاسییەوە لە ڕۆژنامەکانی پێش خۆی پێشکەوتووتر بوو.

ئەم بڵاوکراوەیە ڕۆڵی هەبوو لە چەسپاندنی زمانی کوردی لە نوسراوەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، لەلایەکی تریش هەوڵی زۆریدا بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە.

بابەتی پەخشان گەشەی بە خۆیەوە بینی، هەرچەندە هونەری نوسینی چیرۆک تا ئەو کاتە برەوی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام هەندێک نوسین بڵاوکراوەتەوە لە شێوەی حیکایەت و کورتەچیرۆکدا. لە نوسەرە دیارەکانی پێشکەوتن: (شێخ نوری شێخساڵح، جەمال عیرفان، حەمدی، مستەفا سائیب، زێوەر، بێخود، ئەسیری، سەعید کابان، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی و عەلی کەمال...هتد).

## ٤- ڕۆژنامەی بانگی کوردستان:

مستەفا پاشای یامولکی دوای گەڕانەوەی لە ئەستەنبۆلەوە بۆ سلێمانی، ئینگلیزەکان لە سلێمانی ڕێگایاندا کۆمەڵەیەک دابمەزرێنێت بە ناوی (جەمعیەتی کوردستان) و لەبری (پێشکەوتن)یش، ڕۆژنامەیەک بە ناوی (بانگی کوردستان) دەربکات. لە دوا ژمارەی (پێشکەوتن)دا نوسراوە: (لەم ڕۆژانەدا بۆ خزمەتی وڵات و بەرزکردنەوەی مەعاریف جەمعیەتێک بە ناوی (جەمعیەتی کوردستان) تەشەکولی کردووە. بە ناوی (بانگی کوردستان)ەوە ئیمتیازی غەزەتەیەکیش وەرگیراوە، کە ئەم جەمعیەتە ئیدارەی دەکات و جەنابی حاجی مستەفا پاشا مدیری مەسئولیەتی. ئەو غەزەتەیە لەمەولا هەفتەی جارێک دەردەچێت.)، بانگی کوردستان لە خولی یەکەمی دەرچونیدا لە سلێمانی تەنیا (١٤) ژمارەی لێدەرچووە، یەکەم ژمارەی لە (١٩٢٢/٨/٢)ز و دوا ژمارەی لە (١٩٢٣/٦/٨)ز دەرچووە. سیاسەتی ئەم بڵاوکراوەیە زیاتر دژایەتیکردنی لکاندنی کوردستان بووە بە عێراقەوە.

## ٥- ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان:

لەو کاتەی شێخ مەحمود حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند و خۆیشی وەکو مەلیکی کوردستان ناساند و هەر بەو چاپخانەیەی ئینگلیز هێنابوویە سلێمانی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)ی دەرکرد، کە یەکەم ژمارەی لە (١٩٢٢/١١/١٥)زدا دەرچوو. شێخ نووری شێخ ساڵح خاوەنی ئیمتیاز و عەلی کەمال سەرنوسەری بوو، ئەم ڕۆژنامەیە چەندین وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە.

ژمارە (١٥) کە دوا ژمارەی (ڕۆژی کوردستان)ە لە (١٩٢٣/٣/٣)زدا دەرچوو.

## ٦- ڕۆژنامەی بانگی حەق:

بەرەبەیانی (١٩٢٣/٣/٤)ز شێخ مەحمود لە سلێمانی چووە دەرەوە و ڕوویکردە ناوچەی سورداش و چاپخانەکەشی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوە و لە ئەشکەوتی (جاسەنە) دایمەزراند و لە (١٩٢٣/٣/٨)زدا یەکەم ژمارەی (بانگی حەق)ی پێدەرکرد و لەژێر ناونیشانەکەیدا نوسراوە (ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەر ئەفرازە بانگی حەق) لەبەر ئەوەی هێزی ئینگلیز بەردەوام بەدوایدا دەگەڕان و بۆمبارانیان دەکردن و (ڕەواندزیشیان) داگیرکرد. شێخ مەحمود لە ئەوە زیاتر نەیتوانی لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و خۆی بۆ شەڕی پارتیزانی ئامادەکرد و چووە ناوچە سنورییەکانی پێنجوێن. بۆیە ئەم بڵاوکراوەیە تەنیا (٣) ژمارەی لێدەرچوو. دوا ژمارەی لە (١٩٢٣/٤/١٢)ز دەرچووە.

## ٧- ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال:

ئینگلیزەکان پاش ماوەیەک لە ڕاوەدونانی شێخ مەحمود وازیانهێنا و بۆ ئەوەی توشی زیانی گیانی نەبن شاری سلێمانیان ڕادەستی هێزی عێراق کرد، بەڵام تا ئەو کاتە عێراق هێزێکی وەهای پێکەوەنەنابوو، کە بتوانێت لە سلێمانیدا بمێنێتەوە و بەرگرییکات، بۆیە زۆر تکایان لە هێزی ئینگلیز کرد سلێمانی چۆڵنەکات، بەڵام بێسود بوو. لە (١٩٢٣/٦/١٧)ز هێزی ئینگلیز لە سلێمانی کشانەوە، دوای یەک ڕۆژ هێزی شێخ مەحمود هاتنەوە ناو شاری سلێمانی و لە (١٩٢٣/٩/٢٠)ز دا یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)یان دەرکرد، ئەم بڵاوکراوەیەش (٢٥) ژمارەی لێدەرچوو و دوا ژمارەی لە (١٩٢٤/٥/١٥)ز دەرچوو.

## ٨- ڕۆژنامەی ژیانەوە و ڕۆژنامەی ژیان:

نەخشەی سیاسیی ناوچەکە بەرەو جێگیربوون دەچوو، دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی پاشایەتی و بەزۆر لکاندنی باشوری کوردستان بەم دەوڵەتە و پشتیوانی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و وەدەرنانی شێخ مەحمود لە سلێمانی خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاڵتر دەکردەوە. حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی بالانسی (سونە – شیعە) زۆر پێویستی بە کورد بوو، هاوکات دەبوو هەندێک ئازادی بۆ کورد دەستەبەربکات، تا لە ژێر بەندی ئینتیدابی بەریتانی دەربچێت و سەربەخۆیی وەربگرێ. (ڕێگەدرا خوێندن بە زمانی کوردی بێت و دەرکردنی بڵاوکراوە و نوسینی فەرمی فەرمانگەکان و تەنانەت دادگاش هەر بە زمانی کوردی بێت).

هەفتەنامەی (ژیانەوە)، کە بڵاوکراوەیەکی حکومی بوو لە چاپخانەی شارەوانیی سلێمانی چاپدەکرا و ژمارە (١)ی لە (١٩٢٤/٨/١٨)ز دەرچوو، دوا ژمارەشی کە ژمارە (٥٦) ە، لە (١٩٢٦/١/١٤)ز دەرچوو. دوای ڕاگرتنی (ژیانەوە) لە (١٩٢٦/١/٢١)ز ڕۆژنامەی (ژیان) دەرچوو، کە درێژەپێدەری ڕۆژنامەی پێشوو بوو، ئەم ڕۆژنامەیە چەند کەسێک بەرپرسی بوون، بەڵام لە ساڵی (١٩٣٢)ز، پیرەمێرد بەڕێوەبەر و بەرپرسی بووە تا ژمارە (٤٠٦). لێرە بەدواوە پیرەمێرد چاپخانەکەی لە شارەوانی بە کرێگرت و ئیمتیازی ڕۆژنامەکەشی لە حکومەتی بەغدا کرد بە ناوی خۆیەوە و تا ژمارە (٥٥٣)ی ساڵی (١٩٣٨)ز خۆی خاوەن و بەرپرسی ڕۆژنامەکە بوو. پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی بەهانەی بە پیرەمێرد گرتووە و سیاسەتی ڕۆژنامەکەی بەدڵ نەبووە و بڕیاری داخستنیدا.

## ٩- ڕۆژنامەی زبان:

ڕۆژنامـەی زبـان یەکـەم ژمـارەی لـە (١٩٣٧/٩/١١)ز دەرچـوو و کۆتـا ژمارەشـی (٩٤)ە لـە (١٩٤١/١/١٨)ز دەرچـوو. ئـەم ڕۆژنامەیـە شـارەوانیی سـلێمانی دەریکـردووە و سـاڵح قەفتـان بەڕێوەبـەر و سەرنوسـەری بـووە و زۆر دژایەتـی پیرەمێـرد و ڕۆژنامـەی ژیانـی پێکـراوە، چونکـە پارێـزگاری سـلێمانی پێـی وابـوو پیرەمێـرد ڕۆژنامـەی ژیـان بـۆ بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی بەکاردەهێنێـت و دژی خواسـتەکانی حکومـەت دەجوڵێتـەوە، نەشـیاندەتوانی ئیمتیـازی ڕۆژنامەکـە لـە پیرەمێـرد وەربگرنـەوە، چونکـە پیرەمێـرد لـە بەغـدا بـە نـاوی خـۆی کردبـوو.

## ١٠- گۆڤاری دیاریی کوردستان:

ئـەم گۆڤـارە لـە بەغـدا دەرچـوو و بـە هـەر سـێ زمانـی کـوردی و عـەرەبی و تورکـی دەرچـوو، هـەر سـێ بەشـەکەی بەسـەر یەکـەوە (٤٠٦) لاپەڕەیـە. لەمـاوەی دەرچوونیـدا (١٦) ژمـارەی لێدەرچـووە و یەکـەم ژمـارەی لـە (١٩٢٥/٣/١١)ز دەرچـوو و دوا ژمارەشـی لـە (١٩٢٦/٥/١١)ز دەرچـوو.

## ١١- گۆڤاری زاری کرمانجی:

خاوەنـی ئیمتیـازی حوسـێن حوزنـی موکریانـی بـوو، بەڕێوەبـەری کارگێـڕی گیـوی موکریانـی بـوو. لـە ڕەوانـدز و لـە چاپخانـەی زاری کرمانجـی و هـەر بەنـاوی (زاری کرمانجی)دەرچووە، یەکـەم ژمـارەی لـە (١٩٢٦/٥/٢٥)ز دەرچـوو و دوا ژمـارەی، کـە ژمـارە (٢٤)ە، لـە (١٩٣٢/٧/٢٣)ز دەرچـوو، ئەگەرچـی گۆڤارەکـە مانگانـە بـووە، بـەڵام نەتوانـراوە لـە کاتـی خۆیـدا دەربچوێندرێـت.

## ١٢- گۆڤاری ڕوناکی:


لـە شـاری هەولێـر دەرچـووە و لەژێـر ناوەکەیـدا نوسـراوە (کۆوارێکـی هەفتەیـی عیلمـی ئیجتیماعـی ئەدەبـی کوردیـە) پارێزەر(محەمـەد شـێت مسـتەفا) بەرپـرس و بەڕێوەبەری بوو، حوسێن حوزنی موکریانی سەرنوسـەری بـوو. لـە مـاوەی دەرچوونیدا

لە (١٩٣٥/١٠/٢٤)ز تا (١٩٣٦/٥/١٦)ز، (١١) ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە (١) و (٢)ی لە چاپخانەی (موصل الحديثة) چاپکراوە و ژمارە (٣ تا ٧) لە ڕەواندز چاپکراوە، بەڵام لە ژمارە (٨ تا ١١) حوسێن حوزنی موکریانی چاپخانەکەی لە ڕەواندزەوە گواستەوە بۆ هەولێر و لە چاپخانەی زاری کرمانجیدا لە هەولێر بە چاپی گەیاندووە.

## ١٢- گۆڤاری هاوار:

جەلادەت بەدرخان ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی بە ناوی (هاوار)ەوە وەرگرت و ژمارە (١)ی لە (١٩٣٢/٥/١٥)ز لە شام بڵاوکردەوە و تا (١٩٤٣/٨/١٥)ز بەردەوام بوو. لە ماوەی دەرچوونیدا (٥٧) ژمارەی لێدەرچوو، هەرچەندە کۆمەڵێک نوسەری وەک( کامەران بەدرخان و عوسمان سەبری و جگەرخوێن و قەدری جان) لە نوسینەکانیدا بەشداربوون، بەڵام نوسەری سەرەکی جەلادەت بەدرخان خۆی بوو. ئەم گۆڤارە هەر زوو ژمارەکانی گەیشتنە باشوری کوردستان؛ شاعیران و نوسەران سەرەڕای دڵخۆشییان بە دەرچوونی ئەم گۆڤارە بابەتەکانی خۆیان دەنارد بۆ بڵاوکردنەوە .

# نمونەی ئەدەب



# مەلای باتێ

مەلای باتێ ناوی (حوسێن)ە، لە گوندی (باتێ)ی ناوچەی هەکاری لە سەروی کوردستان لەدایکبووە، خوێندنی حوجرەی تەواوکردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، هەموو ژیانی بە مەلایەتی بردووەتە سەر، وانەی ئایینی گوتووتەوە و شیعری نوسیوە. هەندێک لە نوسەران لەو باوەڕەدان لە ساڵی (١٦٧٥)ز لەدایکبووە و لە ساڵی (١٧٦٠)ز لە گوندی باتێ کۆچیکردووە.

مەلای باتێ یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی کلاسیزمی کوردی، کە بە زاری کرمانجیی سەرو شیعری نوسیوە. لە مەلا ناودارەکانی کوردە و (مەولودنامە) لە دیارترین بەرهەمەکانیەتی، کە بۆ لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) نوسیویەتی. خاوەنی زمانێکی پاراو بوو، هەندێک جار شیعری ئاینی، شیعری و دڵداری و شادی نوسیوە. لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی کێشی عەروزی عەرەبی کردووە و بایەخێکی زۆری بە سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی داوە، گەلێک وشەی بێگانەی

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

لە زمانەکانی تر(بەتایبەتی عەرەبی) لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

شیعرەکانی مەلای باتێ دەکرێتە دوو بەش:

١- لیریکی (غەزەل و قەسیدە)

٢- ئیپیک (چیرۆکەشیعر)

## ناوەرۆکی شیعرەکانی مەلای باتێ:

### ١- شیعری ئایینی و سۆفیگەری:

زۆربەی شیعرەکانی مەلای باتێ لەم چەشنەیە و گرنگی تایبەتی بە ئەم لایەنە داوە. ئەم شیعرەی لە شاری مەدینە و لە سەر ڕەوزەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) نوسیوە.

هلۆ ڕابە ئەبولقاسم
هلۆ ئەی قاسیدێ ئەکبەر
هلۆ فەخرا بەنی هاشم
هلۆ ڕابە تویێ ڕەهبەر

(بۆ لەبەرکردنە)

### ٢- ئەوین و ئەویننداری:

ئەم مەبەستە شیعریەش لە شیعرەکانی مەلای باتێدا بەرچاودەکەوێت، بەڵام گرنگیەکی زۆری پێنەداوە و بەشێکی کەم لە شیعرەکانی دەچنە چوارچێوەی ئەم مەبەستەوە. لە یەکێک لە ئەو نمونانەدا دەڵێت:

عاشقێ زولفا ڕەشم
عاشقێ شەیدایە زولف
بێ بادە لەو سەرخوەشم
سەرخوەش و سەودایە زولف

(بۆ لەبەرکردنە)

## ٣- وەسفی شوێنەواری کوردستان:

سروشــتی ڕەنگینی کوردستان کاری زۆری لە مەلای باتێ کردووە و یەکێکە لەو شاعیرانەی دەســتێکی باڵای لە وەســفی ئەو سروشــتە جوان و ڕازاوەدا هەبووە، کە وەرزەکانی ســاڵ هــەر جــارە و جوانییەکی تایبەتی پێدەبەخشــن. لە شــیعرێکدا بەم شــێوەیە وەســفی وەرزی زستان دەکات و دەڵێت:

زڤستانێ ئەڤــی بۆلێ
ل ڤێ بەریێ ل ڤێ چۆلێ
مژێ هاڤێتە دا هۆلێ
کە ڕۆڤێ گرتی زۆزانە

(بۆ لەبەرکردنە)

## ٤- ساز و مەی و بەزم:

ئــەم مەبەســتەش بەشــێکی کــەم لە شــیعرەکانی مەلای باتــێ پێکدەهێنــن، کە لــە بنەڕەتدا بەشــێکە لــە شــیعری و ئەویندارى. شــاعیر دەڵێت:

مەجلسا بـــێ ساز هەی هەی
مـــن نـــەڤێت و نـــاچمێ
بێ دەف و بێ چـەنگ و بێ نەی
مـــن نـــەڤێت و نـــاچمێ

(بۆ لەبەرکردنە)



# حەسیب قەرەداغی

ناوی تەواوی (حەسیب شێخ عەلی عەبدولڕەحمان)ە، لە ساڵی (١٩٢٩)ز لە گوندی (سۆڵەی چرچەقەڵا)ی قەرەداغ لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان گەلێک زانای ئایینی و خوێندەواریان تێدا هەڵکەوتووە، (حەسیب قەرەداغی) پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو و لەسەر پرسی کوردایەتی گەلێ جار ئازاردراوە، لە کودەتاکەی ساڵی (١٩٦٣)ز لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەری تردا خرانە بەندیخانەوە و لە کارەکەی دورخرایەوە. لە ساڵی (١٩٩٧)ز کۆچیکردووە و لە گردی سەیوان بەخاکسپێرراوە.

### ئـەو هۆکارانـەی وایانکرد، کە حەسـیب قەرەداغی مەیلی بەلای شـیعردا بڕوات:

١- هـەر لـە منداڵییەوە پەروەردەی مزگەوت بووە و گوێی لە زیکـر و تەهلیلە و موناجات گرتووە.

٢- گۆرانـی و سـۆز و مەقـام و دەنگـی دەف و شمشـاڵ و نـەی کاریان تێکـردووە، لە لایەکـی تریـش شـیعری شـاعیرانی وەکـو (نالـی، سـالم، مەحـوی، حافزی شـیرازی و سـەعدی) زیاتـر حەسـیب قەرەداغیـان بەلایی شـیعردا بـردووە.


٣- خەمی هەژاران، سروشت و ئاووهەوای ناوچەکە کاری لە بیروهۆشی کردووە.

حەسـیب قەرەداغی بۆ زۆر مەبەسـت شیعری نووسـیووە لەوانە: (دڵداری، تەسەوف، سیاسـی، کوردایەتی، وەسـفی سروشتی کوردسـتان و شـیعری منداڵان...هتد). (فەرهەنگی خـەم)، لە بەرهەمە دیارەکانی شـاعیرە.

ئەم دەقەی خوارەوەش چەند دێرێک لە قەسیدەی (ناکۆکەکان):

کـە ئـەم دەسـتم ئـەو دەسـتی کەم بۆ بشـکێنێ
هـەردوو دەسـتم لـە مـل دەکـەم
کـە ئـەم چاوم ئـەو چـاوی دیـم بـۆ هەڵکۆڵـێ
هـەردوو چـاوم پـڕ گـڵ دەکـەم!
ئـەم ئاگـرە بکوژێنـەوە ... نـەکوژێتەوە
نالـی دەڵـێ: مـن کـورد نەبـووم!
حـاجی دەڵێـت: مـن لە کۆیـەدا نەژیـاوم
قەت دیمەنی هەیبەسوڵتان وەکو گوڵاو نەکراوەتە نێو چاوانم!
خـانی دەڵێـت: مـەم و زیـن، مـن نـەم نوسـیوە
مـن بە چاوی قەڵەمیشـم میرخاسـی کوردم نەدیـوە!

(دوو دێڕی بۆ لەبەرکردنە)



# کوردی

ناوی مستەفا مەحمودبەگی ساحێبقڕانە، لە ساڵی (١٨١٢)ز لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، هەر لە ئەویش خراوەتە بەر خوێندن و هەندێک زانستی ئیسلامیشی لە حوجرەی فەقێیان خوێندووە. کوردی یەکێکە لە ئەو سێ شاعیرە کوردەی، کە بە (سێکوچکەی شیعری بابان ناسراون) و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیدا بە زاری کرمانجیی خوارو، لە ڕەوانبێژیدا شاسوارێکی بێهاوتا بوو، لە ساڵی (١٨٥٠)ز کۆچیکردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

کوردی دیوانێکی شیعری هەیە، کە تا ئێستا دووجار چاپکراوە، جاری یەکەمیان لە بەغدا لە ساڵی (١٩٣١)ز و جاری دووەمیش لە هەولێر لە ساڵی (١٩٦١)ز. شیعرەکانی زیاتر بە دەوری یەک تەوەردا دەسوڕێنەوە، کە ئەویش شیعری دڵداری و خۆشەویستییە. شیعرەکانی هەڵقوڵاوی سۆزێکی دڵداریی ڕاستەقینەن.

---

❊ تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

نمونەیەک لە شیعرەکانی:

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات
زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات
من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە
بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوینینم نەهات

(بۆ لەبەرکردنە)

## ئەو هۆکارانەی کوردیان بە لای شیعر و ئەدەبیاتدا بردووە:

١- کوردی خۆی لە سروشتی خۆیدا کەسێکی بەهرەدار بووە.

٢- لە بنەماڵەیەکی ئەدەبدۆست و شیعرخواز بووە، ئەو بنەماڵەیە لانکە و بێشکەی شاعیرانی وەک: (سالم) و (حەمدی)یە.

٣- ئاگادارییەکی چاک و تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ شیعر و شاعیرانی فارسدا هەبوو.

٤- گڕی دڵداری و خۆشەویستیی ڕاستەقینە بووەتە سەرچاوەی شیعرەکانی.

## ڕوخساری شیعرەکانی:

١- لە شیعرەکانیدا کێشی عەروزی عەرەبی بەکارهێناوە.


٢- شیعرەکانی یەک ڕەویە و یەک سەروایان هەیە.

٣- هەموو وشەکارییەکانی ڕەوانبێژیی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

نمونەیەک لە شیعرەکانی:

چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لە چاوم ناکەوێ؟
چونکە، من پێش خزمەتم، پێش خزمەتان نانون شەوێ
ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری
سا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ؟!

(بۆ لەبەرکردنە)



# کانی

ناوی عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان تەها دۆغرەمەچییە، نازناوی (کانی)یە، لە ساڵی (١٨٩٧)زلە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە بنەچەدا دەچنەوە سەر بەگزادەکانی جاف، لە ساڵی (١٩٥٧)ز کۆچیکردووە. هێشتا منداڵ بوو باوکی کۆچیکردووە، بۆیە لەو تەمەنەدا لە هیچ قوتابخانەیەک نەیخوێندووە، لای ئیبراهیمی مامی لە مزگەوتی (قەڵات) فێری خوێندنەوە دەبێت و چەند کتێبێکی ئایینی و زانستی و فەلەکناسی دەخوێنێت.

هەر لە ڕێگای زۆر خوێندنەوەوە شارەزایی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی و کوردی و تورکی پەیدادەکات، پەیوەندی لەگەڵ چەند ناودارێکی ئەو سەردەمە دەبەستێت، وەک: (حوسێن حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی، میهری، مەلای گەورەی کۆیە، بێخود و دلدار).

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

لـە سـەرەتادا بـە بنـزاری هەولێـری تێکـەڵاو لـە وشـەی فارسـی و تورکی شـیعری نوسـیوە، چونکـە دانیشـتووی قـەڵای هەولێـر بـوو، بـەڵام دواتر لـە ڕێـگای خوێندنەوەی کتێبـی هەمەجـۆر و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییـەکان و بەهۆی تێکەڵبوونـی لەگەڵ کۆمەڵێک شـاعیر و زانـا و نـاوداری کـورد و هەروەهـا دامەزراندنـی بـە فەرمانبەر لە شـارەکانی ڕەوانـدز و کۆیـە و شـەقڵاوە، زمانـە ئەدەبییەکـەی پاراوتردەبێـت.

کانی کاریگەربوو بە: (نالی، سـالم، کوردی، شـێخ ڕەزای تاڵەبانی و وەفایی)و شـاعیری تورک (فزولی).

داسـتانی (لەیـلا و مەجنـون)ی فزولـی بـە کەمێـک دەسـتکارییەوە وەرگێڕاوەتە سـەر زمانـی کـوردی. لـە ئەدەبی فارسیشـدا شـیعرەکانی (سـەعدی شـیرازی) بـە دڵ بووە.

کانـی لـە بابەتەکانی:(سـتایش و پیهەڵگوتـن، دڵـداری و خۆشەویسـتی، نیشـتمانپەروەری و شـانازی بەخۆوەکردن) شـیعری نوسـیوە، بـەڵام تەنیـا لـە شـیعری دڵداریـدا سـەرکەوتوو بووە و هونـەری تێدا بردووەتـەوە. لـە شـیعرێکدا شـانازی بە خۆیـەوە دەکات و دەڵێت:

سـەر فرۆناکـەم بـۆ عالـەم چونکـە عالـی هیمەتـم
ناچوێنـم بـۆ هەمـوو دنیـا لـە دەسـتم ڕەغبەتـم
زاهیـرم هـەر مـەردی مەیدانـم وەکـو شـێری دلێـر
گوێـت لـە بەیتـم بـێ دەکا ئیسـپاتی نوتـق و قوەتـم

(بۆ لەبەرکردنە)



# مەلا تەهای مایی

ناوی (تەها مەزهەر تەها)یە، لە شوباتی (١٩٢٤)ز دا، لە گوندی (مایی) لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان لە بنەچەدا لە میرانی (ئەلکێ)ن. باپیری شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بوو. لەو ساڵەی شاعیر لەدایکبووە، گوندەکەیان لەلایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە دەسوتێنرێت و کتێبخانەکەی شێخ تەهای باپیری لە کاتی سوتاندنی گوندەکەیاندا دەسوتێت و بنەماڵەکەیان ئاوارە دەبن و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە قەزای (چەلێ)ی باکوری کوردستان نیشتەجێدەبن.

دوای گەڕانەوەیان بۆ گوندەکەی خۆیان دەخرێتە بەر خوێندن، بەڵام قۆناغی سەرەتایی تەواونەکردووە و دەستی لە خوێندن هەڵگرتوو، لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٠) زدا چووەتە ڕیزی (کۆمەڵەی هیوا) و دەستی بە کاری سیاسی کردووە، چونکە ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیری کاری تێکردووە، زۆر کاریگەری مەلا ئەنوەری مایی لەسەری هەبووە. پاشان چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

شاعیر زۆر حەزی لە خوێندن و خوێندنەوە کردووە و نزیکە (١٥٠٠) کتێب لە کتێبخانەکەیدا هەبووە و ڕۆشنبیرییەکی باشی پەیداکردووە و پەیوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ زانا و ڕۆشنبیر و ئەدیباندا هەبوو. لە ساڵی (١٩٤٣)ز ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان پەیدادەکات، ئەو کاتە (جەلادەت بەدرخان) لە شام هەردوو گۆڤاری (ڕوناهی) و (هاواری)ی بڵاودەکردەوە، هەموو ژمارەکانی ئەو دوو گۆڤارەی بە ڕێگای پۆستە لە گوندی مایی بەدەستگەیشتووە. هەروەها دکتۆر کامیران بەدرخان هەردوو ڕۆژنامەی (ستێر) و (ڕۆژا نو)ی لە بەیروت بڵاودەکردەوە، دیسان بە پۆستە دەگەیشتنە دەستی مەلا تەهای مایی و ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیری ناودار ئەحمەدی ناڵبەند هەبووە.

شیعرەکانی سادە و ڕەوان و ناسک و هەمەجۆرن. ئامانجی سەرەکی ئازادی و زانست و ڕۆشنبیری بوو، ڕێبواری ڕێگای کوردایەتی بوو لەو پێناوەدا گەلێ ناخۆشی و دەربەدەری و هەژاریی بینیوە. سروشتی کوردستان زۆر کاری تێکردووە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

- لە ساڵی (١٩٧٣)ز دەبێتە ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کورد – لقی دهۆک.
- لە ساڵی (١٩٧٩)زبەشداری سێیەم ڤیستڤاڵی شیعری کوردی کردووە لە سلێمانی.
- لە ساڵی (١٩٨٧)ز ڕوی کردووەتە ئێران و وەک پەنابەر ماوەتەوە، تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١)ز، ئینجا گەڕاوەتەوە کوردستان و لە دهۆک نیشتەجێبووە.
- لە ساڵی (١٩٩٥)ز بووەتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (پەیڤ).
- لە ساڵی (١٩٩٨)ز دیوانێکی شیعری بەناوی (دل دەرێژن) چاپکردووە.
- فەرهەنگێکی (کوردی– کوردی) داناوە.

لەساڵی (٢٠٠٠)زلە تەمەنی (٧٦) ساڵیدا لە دهۆک کۆچیکردووە.

مەلا تەهای مایی بۆ یادی شەهیدانی دیاربەکر و نسکۆی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و لەسێدارەدانی شێخ سەعید زۆر خەمبار بووە و ئەم پارچە شیعرەی لەژێر ناوی (شیوەن و پرسەی شەهید)دا نوسیوە:

## شینی و تازیا شەهیدا

شــینی و تــازیــا شەهــیدا ئـەم ژ بیر نــاکەین چو جار
دێ ڤــەکەین تــۆلا نـەهنــگا وەختەکــێ زێڕین بــژار

وان مەغولا ڕاڤ دبەســـتن مـێر و مێر سەر دهنجنین
توخم و نقشـــێ وان قـەلانـدن هەمــی گاڤا دپەچنین

تــورکا گرتن مێر و مـێر چـاک دەست و پێ لێ قەیدکرن
کەت بکەت گــرتن و کوشــتن لبن سێپێکا خـڕکـــرن

ڕسـتکا شەنقــێ بو دانـا خـەنـدقـانـد پــارێز ولات
شـێخ سەعیدێ جان فیدای مر ڕەشە ڕۆژەک بۆ مە هات

ئەو ڕوبـــادێ قەبقەبـی چــوو ئـاخ و زاری بوون بلند
چوو دلـێ شێری ژ ناڤ مە بێ خودان مان دەشت و گوند


بوو قێری زێمار و شــینی کۆ وەلات مــابێ خــودان
پۆسیدە دلسۆژ و خـەمگیــر هـەر هـەوارێ دکەن ئەمان

نــێ ژ خـەما وە ئـەم بهوژتین ئەی شەهیدێن ڕەحمەتـی
دێ ئازاکـــەین نـــاڤ و دەنــگا کوردەوارێن بەر کەتـی

بـــا دکـەت وە گەلــی کــوردا شێخ سـەعیدێ پڕ هۆنەر
یـــــەک بـن بـۆ ڤــێ وەلاتــی دا ژ ژانــێ بێتە دەر

ژانـــەکا قــەویـــا گـــرانە ئێشـەکە بۆ کـــەڤنەریش
بـــرسی و ڕویسی هەر نیشانە بۆ مە ئەم بێ کار و ئیش

(دوو دێری بۆ لەبەرکردنە)



# کامەران موکری

ناوی (محەمەد ئەحمەد تەها)یە، ناسراوە بە (کامەران موکری) لە ساڵی (١٩٢٩)ز لە سلێمانی لەدایکبووە، بنەچە و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی موکریان.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە. لە ئەو سەردەمەدا دەستی بە جموجۆڵی سیاسی کردووە، لە بەرەی داواکردنی مافی کورد بووە، لە پێناو کوردایەتیدا وازی لە خوێندن هێناوە، لە ساڵی (١٩٤٩)ز دەستگیرکراوە و شەش ساڵ لە زیندانەکانی عێراقدا ژیانی بەسەربردووە.

لە دوای کودەتاکەی(١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨)ز لەبەغدا دەستی بە خوێندن کردووەتەوە، لە ساڵانی(١٩٦٠- ١٩٦١)زسەرنوسەری گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) بوو. (١٩٥٤- ١٩٧١)ز، حەوت دیوانی شیعری چاپکراوە، دیارترینیان (ئاشتی، دیاری، ئاگر و ژیلە و گوڵاڵەسورە)ن. دوای مردنیشی هەموو بەرهەمەکانی بە ناوی دیوانی (کامەران موکری) چاپکراوە، کامەران موکریی شاعیر، چیرۆکنوسیش بوو.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ماوەیەکی زۆر لە زانکۆی سلێمانی و دواتر لە زانکۆی سەلاحەدین مامۆستای ئەدەبی کوردی بوو، لەساڵی (١٩٨٦)ز لە هەولێر کۆچیکردووە و تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

## مەبەستە شیعریەکانی:

### ١- نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی:

شیعرەکانی هەڵوێست لە بەرانبەر چەوساندنەوەی نەتەوەکەی وەردەگرێت و شیعرەکانی نمونەی بەرزی هەستی نەتەوەیین، وەک شاعیرێکی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی کورد و خۆیی نیشانداوە، ژیان لای ئەو تێکۆشان بوو لە ڕێگای کورد و کوردستاندا، دەڵێت:

ژین لەلای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە
خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن
تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وتەن

(بۆ لەبەرکردنە)

موکری لەپاڵ خەباتی سیاسیی کوردانەیدا، لە ساڵی (١٩٥٨)ز وەسفی (جەمیلە بوحیرد) دەکات، کە کچە قارەمانێکی جەزائیری بووە، دژی هێزی داگیرکاری فەڕەنسایی وەستاوەتەوە، ئەمەش هەستی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی داوەتە پاڵ خەباتی ئەو گەلە لە بەرانبەر ستەمداو دەڵێت:

ئەی جەمیلە
سڵاو، لە ئاگر و ژیلە
لە حەیرانا ، لە لاوکا
کاتێ کچ لە گەڵ باوکا
هەڵمەت ئەبەن بەرەو مردن
بەرەو قەڵای سەختی دوژمن

(بۆ لەبەرکردنە)

## ٢- خۆشەویستی و ئەڤینی:

مەبەستێکی تری شیعری موکری دڵداری و خۆشەویستییە، بە دەرونێکی بەرز و ناسک و مرۆڤانەوە. دەڵێت:

کە پرچت ئاڵان لە گەردن
گڕت بەردا لە دڵی من
کە پەرچەمت ڕشتە سەر ڕوو
ئاگر لە دەرونم بەربوو

(بۆ لەبەرکردنە)

## ٣- وەسفکردن:

مەبەستێکی گرنگی شیعری موکرییە، هەستێکی بەهێزی بەرانبەر جوانیی سروشت هەبوو، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سروشتی جوانی کوردستانی زۆر لا گرنگ بووەو، دەڵێت:

کەژ و دارستانی کپی
پۆشی بوویان بەرگی سپی
قوبەی پیرۆزەیی ساماڵ
بە پرشنگی گزنگی ئاڵ
داوێنی کەژی ئەنەخشان
وەک ئەگریجە ئەبوو پەخشان

(بۆ لەبەرکردنە)

## ڕوخساری شیعری کامەران موکری:

١- زمانی شیعری کامەران موکری ئاسان و ڕەوانە.


٢- جووتسەروای بەکارهێناوە، ئەمەش یەکێکە لە سیما جیاکەرەوەکانی شیعری کامەران موکری.

٣- لە جیاتی وشەی بێگانە، وشەی ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە.

٤- کێشی برگەی (پەنجە)ی بەکارهێناوە، زیاتر کێشی هەشت بڕگەی بەکارهێناوە، دوای ئەوەش دە بڕگە، بەمەش بەرگی تازەگەری کردووە بە بالآی شیعردا، خۆیی دورگرتووە لە کێشی عەروزی عەرەبی، بۆیە شیعرەکانی مۆسیقایەکی کوردانەیان پێوە دیارە.

ڕومەتی وەک گوڵی بێگەرد
قژی خاو، ئاوریشمی زەرد
چاوی کاڵ ،ئەگەر چی نەرمە
بەلآم نیگای ئێجگار گەرمە

(بۆ لەبەرکردنە)



# مەلا مەحمودی بایەزیدی

مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی (١٧٩٩)ز لە ناوچەی بایەزید لەدایکبووە. مەلا مەحمود هەر لە منداڵیەوە چووەتە بەر خوێندن و زانستەکانی ئیسلامی لە حوجرەی مزگەوتەکانی بایەزیدا خوێندووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە. دواتر سەردانی ئێرانی کردووە و لە ناوچەی (تەبریز) نیشتەجێبووە، دەستی بە خوێندن کردووە و فێری زمانی فارسی بووە و شارەزاییەکی باشی لە زانستەکانی (ئەدەب، مێژوو، فەلسەفە و لۆژیک (منطق) پەیداکردووە. دواتر گەڕاوەتەوە ناوچەی بایەزید و پاشان چوو لە ناوچەی ئەرزەڕۆم و نیشتەجێبووە، بەڵام دیار نییە، کە هەتا کاتی مردنی لەوی ماوەتەوە، یان بەرەو ناوچەی تر ڕۆیشتووە.

مەلا مەحمودی بایەزیدی شارەزاییەکی باشی لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەبووە و چەندین فەقێ لەبەر دەستیدا خوێندوویەتی. زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی) بە باشی زانیوە و خوێندنەوەی ئەدەب بەو زمانانە کاریگەریی لەسەر بەرفراوانبوونی لایەنی

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ڕۆشنبیری هەبووە. هەروەها شارەزایی لە مێژوودا هەبووە، جگە لەوەی وەرگێڕێکی بەتوانا و خاوەن سەلیقەش بووە و چەندین بەرهەمی فارسی و تورکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

مەلا مەحمودی بایەزیدی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ قونسوڵی ڕوس (ئەلیکساندەر ژابا) هەبوو، ژابا کوردییەکی باشی زانیوە و زۆر چێژی لە هاوڕێیەتیی مەلا مەحمود وەرگرتووە. ژابا هەر کتێبێکی دەستنەکەوتبێت، مەلا مەحمود بە دەستوخەتی خۆی وێنەیەکی لە کتێبەکە بۆ ڕونوسکردووە. ژابا زۆرجار گوتویەتی گەلی کورد قەرزاری مەلا مەحمودی بایەزیدییە، چونکە زۆر لایەنی ڕۆشنبیری بۆ پاراستوون.

مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی (١٨٦٧)ز کۆچیکردووە.

## بەرهەمەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی:

١- کتێبی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە): ئەم کتێبە باسی هەندێک داب و نەریتی نەتەوەی کورد دەکات وەک: (شین، شایی و شەڕ...هتد)، لە سەرەتاشدا باسی بنەچە و ڕەچەڵەک و زمان و نیشتمانی کورد دەکات. خۆرهەڵاتناس (م. ڕۆدێنکۆ) ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕوسی و لە ساڵی (١٩٦٣)ز لە مۆسکۆ بڵاویکردووەتەوە. دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ لە ساڵی (١٩٨٢)ز وەریگێڕاوەتە سەر زاری کرمانجی خواروو و لە بەغدا بڵاویکردووەتەوە.

٢- بەرهەمێکی تری بە ناوی (تحفە الخلان فی لسان الکرد) دەربارەی ڕێزمانی زمانی کوردییە، لە کتێبخانەی (سالیکۆف شیدرن)ی شاری (پترسبۆرگ) لە وڵاتی ڕوسیا پارێزراوە.

٣- کتێبێکی تری باسی مێژووی نوێی کوردستان دەکات و بە ناوی (تاریخا نویا کوردستانێ) لە ساڵی (١٨٥٧)ز.

٤- دەستنوسێکی تری بە ناوی (رسالە فی بعض الفروق الموجودە بین اللهجات الکردیە وبیان بعض القواعد اللازمە) واتە: نامەیەک لە بارەی هەندێک جیاوازیی نێوان زارەکانی زمانی کوردی و پیشاندانی هەندێک یاسای ڕێزمانی پێویست.

ئـەم بەرهەمــەش لــە هەمــان کتێبخانەی ڕوســیا پارێــزراوە. دکتۆر مــارف خەزنەدار لە ساڵی (١٩٨٤)ز وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی و لەگەڵ چەنـد بابەتێکـی تردا لە کتێبـی (دەربـارەی مێژووی ئەدەبـی کـوردی)دا بڵاویکردووەتەوە.

٥- فەرهەنگێکـی بـەراوردکاری لەنێـوان بنزاری هــەکاری و زمانی فەڕەنسـی، بە هاوکاری ژابـا ئامادەکـردووە. دکتۆر مـارف خەزنەدار لە کتێبـی ناوبراودا بـڵاوی کردووەتەوە.

٦- چیرۆکـی (مـەم و زیـن)ی بە زاری کرمانجیی ســەرو لە سـاڵی (١٨٥٦)ز نوسـیوە، ژابا خسـتوویەتە سـەر ئەلفبێـی لاتینـی و پاشـان وەریگێڕاوەتە سـەر زمانی فەڕەنسـی.

٧- چیرۆکـی (لەیـل و مەجنون) لە سـاڵی (١٨٥٨)ز نوسـیوە و بە هەمان شـێوەی چیرۆکی پێشـوو ژابا خسـتوویەتە سـەر ئەلف و بێی لاتینی و پاشـان وەریگێڕاوەتە سـەر زمانی فەرەنسی.

٨- کتێبـی (جامعەیـێ رسـالیان و حکایەتـان) لە چل چیرۆکـی کوردی پێکهاتـووە و دەبێتە یەکەمیـن کۆمەڵـە چیرۆک لـە مێژووی ئەدەبی کوردیـدا، ژابا وەریگێڕاوەتە سـەر زمانی فەرەنسی.

هەروەهـا چەندیـن چیرۆکـی تری نوسـیوە وەکـو (یوسـف و زولەیخا) و (داسـتانی قەڵای دمـدم) و گەلێـک بەرهەمـی تر، کـە ژمارەیـان دەگاتە بیسـت و شـەش بەرهەم.

## پارچـەک ژ چیـرۆکا مـەم و زینـێ

میـر زەینەدیـن نێزیکـی ئیڤـارێ ژ نێچیرێ زڤرِی وها رِاسـت هاتە باغـێ، ل بەر دەرێ وێ قەسـرا مەعلوم ژ هەسـپی پەیابوو، ل ڤرِ شـەربەت و قاوەیەکێ بخۆن و دگەل غـولام و ئولداشـێد خـووە وهـا ژ نشـکێڤە هاتنـە دەرێ قەسـرێ کـو مـەم و زین تێـدا بـوون، زیـن وی وەقتی کـو دەنگـێ برایێ خوە بیهیسـت هۆش هاتە سـەری و گـۆت مەمـۆ چـە دبێـژی و چە دکـەی؟ ئەڤـە میرهات؟ کـۆ ئەڤـ خەبـەرا گۆت، ئێـدی ناچـاری، مەمی زین ئەسـتاندە بنێ عەبایێ خوە و ڤەشـارت و ل گۆشـەیەکی قەسـرێ قەلبەخـی و رِوینشـت د نێـڤ دوو بالگیانـدا وها ب وێ حالـێ، میر دگەل قەرەباڵغـا خـوە هاتـە هنـدرِی قەسـرێ و دیـت کۆ مـەم خـوە ل عەبایـێ پێچایە ل گۆشـەیەکی رِونیشـتییە. میر سـلاڤـ دا، مەم سـلاڤـ ئەسـتاند ئەمما قەت ژ جهێ خـوە نەبزافـت، میرم معـزور بدیریـن ئەڤـ بەنی نەخۆشـم هاتمە ڤرِاو مـن تا گرت قـەت مەجـالا لپـات و حەرەکەتـی نادیرم ل ڤـرا وها مـام. میر گۆت کـۆ زەرەر نینە ل کەیفـا خـوە نێرِن. میر رِوینشـت و هەر کەسـەک جـێ بەجێ رِوینشـتن، دیوانخانە تـژی بـوو. میـر شـەربەت و قەهـوە ئەمر کر، ئیشـەڤ ل ڤـرِا کەیفێ بکن.

ژهـەر تەرِەفەکـی دەسـت ب کـەلام و خەبەردانـێ کـرن، مەجلیس کەملـی و گەرم بـوو. تاجدین دوێ مەجلیسـێدا حازر بوو، ل حالێ مەمۆ نێـرِی، زانی کو ژ ئەحوالەکی عەجیبـە. خالـی نینە، کو مەم وەهـا نوقمێ بەحرا غەمان بوویـە، تاجدین رِابوو هاتە نێزێکـی مەمـۆ و ب ئیشـارەت ئەحواڵـێ وی ژێ پرسـیار کـر، مـەم ژی دوو کەزی ژ پۆرێـد زینـێ ژ هـۆ چکا عەبایی ب خـف دەرئانی و نیشـانی تاجدینیدا.

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

## لێکدانەوەی وشەکان:

پەیڤ: وشە

خەف: نهێنی، بەدزیەوە

هۆچک: قۆڵ

لپات: جوڵانەوە

کرن: جار

بەنی: کوهر ، کۆیلە ، کولەدار

هێسای: راحەت ، حەسانەوە

پەیا بوو: دابەزی

لەڤر: لێرە

ئەستاندە: ستاند

ڤەشارت: شاردەوە

هندرِ: ناوەندی ، ژوورەوە

سلاڤــ ئەستاند: سلاڤ وەرگرت

نەبزاڤت: نەجوڵایەوە

نێڕی: سەیری کرد

خاڵی نینە: والا نیە

کەزی: گێسو

پۆر: پرچ

بالگی: بالگۆک ، سەرین ، بالیفک

ڕەوشا سیاسی: باری سیاسی، ڕەوشی سیاسی

نیڤائێکێ: نیوەی یەکەمی

هەڤڕکی: ڕکابەری

هەردووئالییان دا: هەردوولایاندا

| | |
|---|---|
| جڤاکی: | کۆمەڵایەتی |
| لـ زارۆکینیاخوە: | لەوکاتەی کەزارۆ (منداڵ) بووە |
| ڤەگەڕیا: | گەڕایەوە |
| بەرەڤ: | بەرەو |
| مفا: | سود |
| بەرفرەه بوونا: | فراوان بوونی |
| خودان شیانبوو: | بە توانابوو |
| ژ نێچیرێ زڤڕی: | لە ڕاو گەڕایەوە |
| هاتەباغێ: | هاتە ناوباغ |
| ل هەسپی پەیابوو: | لەئەسپی پیادەبوو: واتادابەزی |
| ئۆلداشێدخوە: | وەلداشەکانی(هەڤاڵەکانی)خۆی |
| ژ نشکێڤە: | لەناکاو: لەپڕ |
| هۆش هاتەسەری: | هاتەوە هۆش خۆی: بەئاگاهاتەوە |
| ڤەشارت: | شاردیەوە |
| دگەل قەرەبالغاخوە: | لەگەڵ ئەوخەڵکە زۆرەی کەلەگەڵی بوون |
| هاتە هندرێ قەسرێ: | هاتە ناو قەسر |
| قەلبەخی: | سەکنی، مات بوو |
| تژیبوو: | پڕبوو |
| ئیشەڤ: | ئەم شەو |



# مـیر جەلادەت بەدرخان

ئـەم زانـا مەزنـە، لـە کەسـایەتییە دیارەکانـی بنەماڵـەی کوردپـەروەر و ڕۆشـنبیری بەدرخانـە و یەکێکـە لـە گـەورە کەسـایەتییەکانی نەتـەوەی کـورد، کـە لەبـواری نەتەوەیـی و ڕۆشـنبیریدا کاریکـردووە. لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا و لـە سـاڵی (١٨٩٣)ز لـە ئەسـتەنبۆل لەدایکبـووە و کـوڕی میـر ئەمیـن عالـی بەدرخانـە. خوێندنـی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لـە شـارەکانی ئەسـتەنبۆل و ئەنکـەرە و سـالۆنیک و ئەدرنـا تەواوکـردووە. لـە سـاڵی (١٩١٩)ز لەگـەڵ (مێجـەر نوئێـل)ی ئینگلیـزدا سـەردانی کوردسـتانیان کـردووە بەمەبەسـتی ڕێکخسـتن و بەرپاکردنـی شـۆڕش لـە دژی کەمالییـەکان لـە تورکیـا، بـەڵام ئـەم هەوڵەیـان سـەرینەگرت و کاتێـک کەمالییـەکان دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت، فەرمانـی لەسـێدارەدانیان بـۆ میـر جـەلادەت و بـاوک و براکانـی دەرکرد، لەبـەر ئـەوە ناچـار بـوو پەنـا بباتـە بـەر وڵاتـی ئەڵمانیـا و لـەوێ درێـژەی بـە خوێنـدن دا و لەبـواری یاسـادا خوێندنـی تەواوکـرد.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

لـه سـاڵی (١٩٣٢)ز لـه شـاری دیمەشـق گۆڤـاری (هـاوار) و لـه پاشـان گۆڤـاری (ڕوناهـی)ی بـه زمانـی کـوردی دەرکـردووه.

میـر جـەلادەت بەدرخـان بـەوه بەناوبانگـه، کـه (ئەلفبـێ)ی کـوردی لـه سـاڵی (١٩١٩)ز بـه پیتـی لاتینـی دانـاوه، لـه سـەرەتادا ژمـارەی پیتەکانـی (٣٦) پیـت بـووه، پاشـان لـه سـاڵی(١٩٢٤)ز پێداچوونەوەیەکـی زۆری بـۆ کـردووه و ژمـارەی پیتەکانـی کـردن بـه (٣٤) پیـت، تـا لـه سـاڵی (١٩٢٨)زدا بـۆ جـاری دووەم پێداچوونـەوەی بـۆ کـردەوه و ژمـارەی پیتەکانـی کەمکـردەوه بـۆ (٢٥) پیتـی لاتینـی. ئـەم (ئەلفبێ)یـه بـووه بنەمـا بـۆ ئـەو (ئەلفبێ)یـەی، کـه لـه سـاڵی (١٩٣٢)زدا لـه سـەر لاپەڕەکانـی گۆڤـاری هـاوار بڵاوکـردەوه. ئـەم زانـا مەزنـه لـه (تەمـوزی (١٩٥١)ز دا کۆچیکـردووه.

ژ جەمشـید و سـینەم خانـێ وە ل
بێروتـێ، مێڤانێـن مامــــێ خــووه

(بۆ لەبەرکردنه)

زارۆ نۆ!

ئـەڤ بوونـه دەهـ پازدەهـ ڕۆژ وە تەرکا مالا باڤێ خوە داو هۆن چوونه بێروتێ، نـک مامـێ خـووه، باوەڕ بکن ئیدی وەختا کۆ ئەم لسـەر ڤێ چوونـێ هەنەک خەبەر بـدن، بڤـێ نەڤـێ هۆن ژ هۆنێ بخوازن بزانن دپـەی وەره و پەیی وەبەر گەهێ.

مـالا بـاوێ وە چـەوان دخویـا بـه وە د پـر گارا مـالا وەدە هاتییـه گوهەرتـن و ئـەڤ چـاوان گۆهێڕیـه و ب ڤێ گوهارتنـێ گەلۆ ئـەم رازینه، ئان ئـەم بیریا وەختێ بـەرێ، وەختـێ کـو هـۆن ل مال بون دکـن هۆن ب خـووه ژی دزانن کۆ ئیشـێ وە زەهمەتە، تەشـغەلەکە.

(تەنها بۆ خوێندنەوەیه)

# بەشی خوێندنەوە



وەرزێ یەکەم



# لاوکێ دەروێشی عەڤدی

دەروێشێ عەڤدی لاوەکی ژێهاتی و بەرکەڤتی بوو، ژ ئویجاخەکا ئێزدیا بناڤ و دەنگ بوو. ناڤ و دەنگێ شۆخ و شەنگیا (عەدلەخان) کچا (زۆر تەمەرپاشایێ مللی) گوە لیدبیت، ماڵ و کەس و کارێن خۆ دهێلیت، دچیت و دبیتە قەهوەچییێ کۆچکا (زۆر تەمر پاشایێ مللی) ژبۆ مەرەما خاستنا عەدلە خانی.

شا دوی دەمیدا ئێک ژ حاکمێن وی وەلاتی لەشکرێ خوە دهنێریتە سەر (زۆر تەمەر پاشا) ی تا باج و دراڤێن سالەکێ ژێ دخوازیت، ئەو ژی کورِ و برازا و زەلامێن خۆ کۆدکەت و پرسیار وان دکەت، کا باج و دراڤی بدەن یان شەڕی بکەن؟ هەمی دبێژن: ئەم نەشێین شەڕی بکەین دێ باجێ و دراڤی دەین.

دەروێشێ عەڤدی ڕابوو سەرخۆ و گۆت : ئەم چ تشتی نادەین و دێ شەڕی کەین. چوو مەیدانێ و سواران دەست دا چەکی و د شەڕێ لەشکرێ وی حاکمی کر و شکاند و بسەرکەڤتن. عەدلەخانێ مێرانیا دەروێشێ عەڤدێ دیت و چوو دلی حەژێ کر، بابێ وێ ژی ژبەر مێرخاسیا وی، کرە ئێک ژ سیارێن خۆ.

هندە بسـەرڤە نەچوو ناڤودەنگێ ئەڤینی و حەژێک کرنا عەدلـە خانێ و دەروێشێ عەڤدی کەڤتـە دەڤێ خەلکی. بـرا و پسـمامێن عەدلـە خانـێ زانـی و چوونـە نـک بابـێ وی گۆتـێ:

(دەروێشـێ عەڤدێ) وێ لدویـڤ ناموسـا مـە دگـەڕت، ئەڤینیـا وی و عەدلەخانـێ بـۆ گۆتن. مـە دڤێ تـو دەسـتویرا مـە بدی، حەتـا ئـەم وی بکوژین. بابێ عەدلەخانـێ دەسـتویرا وان دا، بـە لـێ وان دخـۆڕا نەددیت کـو بشـێن بکـوژن چونکـی گەلەکـێ مێرخـاس و عەگید و ئازابوو، لـەوا تەگبیرا خۆکر، کـو ب فێڵ بکـوژن، دگـەل خـۆ ببنـە نێچیرێ و ل دەمـێ خارنـێ کـۆ چەکـێ خـۆ دانیت پێکڤـە داننـێ.

(عەدلـە خانـێ) ب هنـدێ زانـی و خۆگەهانـدە (دەروێشـێ عەڤـدی) بەلـێ مخابـن گوهـێ خـۆ نەدایـێ، چونکـی یـێ ژ خـۆ ڕازیبـوو، بـاوەڕ نەدکـر کـودێ کـەس شـێتێ. ڕادبـن خوارنـا هەفتەیـە کـێ بەرهەڤدکـەن، هەمـی پێکڤـە سـیاردبن دچنـە (چەمـێ گرزونـێ) بـۆ نێچیرێ کـۆ ئەڤــ چەمـە یـێ کویـر و بسـەهمە، ل دەمـێ دەروێشـێ عەڤـدی یـێ ب خوارنێڤـە مژویـل و چەکـێ خـۆ دانـای... هەمیـا پێکڤـە هێرش بـرە سـەر و کوشـت و لەشـێ وی هاڤێتـە ناڤا چەمـی و زڤڕینەڤـە.

(عەدلـە خـان) هـەرۆ دچـوو سـەربانێ کۆچـکا بابـێ خـۆ و بـەرێ وێ ل ڕیـێ بـوو کادێ کەنگـی نێچیرڤـان زڤڕنەڤـە گەلـەک، د ترسـانە کـۆ (دەروێشـی عەڤـدی) نەزڤڕیتەڤـە. دەمـێ نێچیرڤـان زڤڕینەڤەو(عەدلـە خـان)ێ دیتـی (دەروێشـێ عەڤـدی) دگـەل نینـە، دلـێ وێ لێـدراو جەرگـێ وێ سـۆت، ئەڤینـا خـۆ دیارکـر و ئـەڤ لاوکا ب خـۆ و دەروێشـێ عەڤـدێ گـۆت:
(دەروێشێ عەڤدی) دگۆ:

مـن نەڤـێ مالەکـی تێـری تژی، مـن دڤـێ ئـەوەل دیـن و ئیمـان، ژنەکـی جـوان، ماهینەکـی ب بلـەز تاژییەکـێ بکـوژ، کۆنەکـی ڕەشـی حەلەبی، مێکوتەکـی ل داری داربناڤـێ. ئـەزێ ڕابـم بـەری کۆنـی بدمـە چیایـێ (قـەرەچ داغـێ) پشـتا کۆنـی بدمـە تیرێـژا تاڤـێ.
(عەدلێ دگۆ):

ئـەزێ ڕابـم سـینگێ خـۆ بکەمـە سـێنی، ڕابـم خـوە ب گولاڤـێ بڕەشـینم میسـالا گـولان و گولبەنـدان، بچـم پێـش کـوڕە دەروێشـێ عەڤدی هاتڤـە لگـەل سـەلەفەکی عەگیدانو مێرخاسـان، ئـەزێ ڕابـم جەلەبـا ماهینـا کـوڕە دەروێشـی خـۆ بگـرم.

(عەدلێ دگۆ):

لێ من دڤێ قومەکی ئاڤێ ژ ئاڤا فەریتو. ئەزێ رابم هنگێ دەستێ خوە ژ دەرویشێ عەڤدی هلگرم، حەتا وێ رۆژێ یا (زۆر تەمەر پاشایێ مللی) دادنێ دارەکێ ل داری د جەلێتۆ ...

(عەدلێ دگۆ):

ئەز نە ب مالم نە ب مێرم، بەرێ خودانا حەفت براو دوازدە پسمامێن وەکو شێرم. ئەز رۆژێ سێ جاران کورە دەروێشێ خۆ نەبینم ل گەرێ دیلانێ، ل حاویا گۆڤەندێ، ل حوبا شاهێ مەیتێ هەر حەفت برا و دوازدە پسمامان ل زیارەتێ بەرێ مالێ ب دەستێ خۆ ڤەشێرم.

(عەدلێ دگۆ):

منێ نە (کیکیمە) نە (ملیمە) کچکا (زۆر تەمەر پاشایێ) مللیمە، دەزگرا دەروێشێ عەڤدی مە لسەر چیای (قەرەچ داغێ) رۆنشتیمە، ب کراسەکی کتانی (مەگرووميمە)، ب سۆلەکی زەری رەق رەقیمە، کلێ چاڤێ (دەروێشێ عەڤدی)مە.

(عەدلێ دگۆ):

سەحەرا سپێدێ، کزە بایەکێ شەمالێ ساردێ، کچکێ هوین بە عام رابن بچینە سەرێ چیای (قەرەچ داغێ) زێهنا خۆ بدینە تیرا بنێ بەریێ (دەشتا عۆگنێ) وەکی تێتە حییلێنا سواران، چرکێنا رکێبان، وەشیرمان، دەنگێ (گورزەمیسرییان)، شەقەشەقا ئەنگوستیلا (دەروێشی عەڤدی) ل سەردارا (رمێ)ل گوییینا من چ خۆش تێ! ئەزێ رابم نیڤا شەڤێ لگەل (دەروێشێ عەڤدی) ب کراسەکی مەلەزێ کتانی مەگرووميی بنڤم ل خیڤەتێ... کورۆ دەروێشۆ وێ گاڤێ دێ مرنێ مال و وێرانیێ ژبیرکێ...

(عەدلێ دگۆ):

بەژنا دەروێشێ عەڤدی میسالا شەنگە بیەکێ د گەلیدا، ئەمان کورۆ دەروێشۆ، تۆ رابە تەمدەوانیەکێ سپی لەسەرێ خۆ گرێدە.

هەرگاڤەکێ (دەروێشێ عەڤدی) بێت ل گەل سەلەفەکی عەگیدان و عەدوان، یا ژمن ڤە شێخەکی کاملە، تەریقدارە، لەگەل مریدان.

کورۆ دەروێشۆ تۆ سوار بە ل جانێ ماهینەکا شینکێ کەزانێ، ئەمان ل گەرێ دیلانێ ل

حاویا گۆڤەندێ، نەکە تەراد و مەترود نەدغارێ، نەکو ل شینکێ جەدەلانی بکەڤی خوارێ، نەکۆ خەلک و عالەما گوندێ مە بێژن: (عەدلە خاتون) عاشقا تۆینەکی نەی سوارە...

(عەدلێ دگۆ):

سەرێ منێ گەلەکێ دێشی، دلێ منێ گەلەکێ ڕەقە، میسالا بزمارێ سەرێ پەرچە حەتەبێ سۆلا دەوارێ تەیە.

(عەدلێ دگۆ):

ئەڤرۆ مالا دەروێشی عەڤدی لێدناو دچوو سەربەرەو خوارە، دچوو حاویا (مەلامحەممەد) چەمێ(گرزونێ) جهێ شێران و پلنگان دەحل و داران، ئەزێ ڕابم چەهڤێ خوە ل سەر دارێ دووربینێ بینم و بشدینم، سەلەفەکی ژ سوارێن کیکان و ملاه بینم وبگەڕینم .ئەمان گەلەکی حەیفا من دمینی ئەڤرۆ کوڕە (دەروێشی) من ل ناڤ تیپەکێ سیاران نایێ و نەدیارە....

(عەدلێ دگۆ):

داوەتەک دگەڕا لگەڕێ دیلانێ، حاویا گۆڤەندێ، حوببا شاهیێ ئەزێ ڕابم گاڤەکێ بچمە دەستێ دەروێشی عەڤدی خەلک و عالەمێ گوندێ مە بلا بێژن بەژنا (عەدلێ) چەند شیرین لگەل بەژنا (دەروێشی) دێ.

(عەدلێ دگۆ):

کوڕۆ دەروێشۆ....تۆ وەرە ڕاموسە سەرێ ڕومەتا سۆرا گولگولی خۆشترە ژ تەمرا (بەغدایێ) ژ تریێ (باکورمانێ)، ژ هنارا (شەقلاوە)یاکۆ بێ ناڤک وبێ بەرکە*.

---

* بە دەستکاریەوە لە کتێبی (کۆمەڵێک لاوک و حەیران) لە کۆکردنەوەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەرگیراوە.

| وشـــــە | مـــانـا |
|---|---|
| حەژێ کر: | عاشقی بوو |
| ئەڤینی: | خۆشەویستی |
| پسمام: | ئامۆزا |
| دڤێت: | دەمێت |
| دخوە ڕانەدیتن: | نەیانتوانی، لەخۆیان ڕانەدیت |
| ساناهی: | ئاسانی |
| مژویل: | خەریک |
| تێری تژی: | زۆرو پڕ |
| کۆن: | ڕەشماڵ |
| تاڤ: | هەتاو |
| گاڤەکی: | نەختێ، تاوێک |
| بسەکنم: | ڕاوەستم |
| سەلەفەک: | تاقمێک |
| ڕامووسان: | ماچکردن |
| فەریتۆ: | فوڕات |
| جەلیتۆ: | جەلاد، زەلام سەربڕ |
| نیلاە: | ی شایی |
| لحاویا گۆڤەندێ: | لەمەیدانی هەڵ پەڕکێ |
| لحوبیا شاهیێ: | لەناو گرمێنی شایی |
| مەیتێ: | جەنازەێی |
| کیکانو فلان: | دووعەشیرەتی کوردن |



# بەنداڤا دوکان

بۆ پێشکەڤتنا وەلاتی و گوهورینا بارێ ئابوری و گەشەدانا جۆرا چاندنێ مل ب ملێ پیشەسازی و بازرگانیڤە، گەلەک تشت یێن هەین ب هیڤیا حکومەت و گەلی ڤەنە، ژوان: ساناهیکرن و بەرهەڤکرن و بجهینانا ئاڤو ئاڤدێریا وان دەڤەران ئەوێن چاندن لێدهێتەکرن و هاندان و هاریکاریا خەلکی، نەخاسمە جوتیاران ژلایێ زانستا چاندن و ئاڤدان و بەرهەڤکرنا ماکینە و تۆڤ و گەلەک تشتێن دی ڤە.

هەروەکی ئەم دزانین ئاڤدێری و ئاڤدان شادەمارا چاندنێیە و دبیتە ئەگەرا پێشڤەچوون و چەند جارەکرنا بەرهەمێ.
وەلاتێ مە... گەلەک ڕوبیارو زێیێن پڕ ئاڤ تێرا دبورن، کۆ وەکی دەمارێن لەشێ مرۆڤی زەڤیو زارێن کوردستانا خۆشتڤی تێر ئاڤ و بەراڤ دکەن.

د کەڤندا جوتیارو ڕەزڤانێن لدیڤ پێڤە هاتنا خۆ جۆک و دەراڤک بۆ ئاڤدانێ چێکرینە، بەلێ ئەو هەمی ئاڤا ڕوبیارێن مە شۆڕ دبیتە خرێ و بەرەڤ دەشتێ دچیت و درژێتە دیجلێدا، ژبەر کۆ هاڤینان رویێ ئاڤێ نزم دبیت و جوتیار ل گەلەک جهان نەشێن ڤێ ئاڤێ بگەهێننە زەڤیێن خۆ، زڤستانان ژی ئاڤا زێدە دبورین و مفای ژێ وەرناگرن، ژبلی کۆ ترسا هندێ ژی هەیە، باژێرێن ناڤەڕاستا عیراقێ بە تایبەتی (بەغدا) ببەر لەهیێ بکەڤن.

حکومەتێ هزرا هندێ کر بەنداڤەکی لسەر زێیا بچویک دروستبکەت، دا ئاڤا زێدە بپەنگینیتو ل دەمێ پێدڤێ مفای ژێ وەربگریت، ئەڤ هزرە سالا (١٩٥٤)ز ێ بجە هات و ل پشت چیایێن دەڤەرا (پیرە مەگرون) ل جهەکێ کۆ دبێژنێ (دۆکان) بەنداڤەک ب ڤی ناڤی هاتە چێکرن گۆمەکا مەزن ژێ چێبوو کۆ نێزیکی (٦/٨ ملیار مێترێن سێجا) ژ ئاڤێ تێدا پەنگاندنو چەند دەرگەهەک بۆ چێکرن دا ئاڤا وێ کۆنترۆل بکەتو لدویڤ پێداڤیا خۆ بەردەتو بگریت.

بەنداڤا دۆکان، ژبلی ئاڤدانێ و پاراستنا باژێرێ بەغدا و بنێن دەشتان ژ لێڤانا دیجلە و پەنگاندا ئاڤێ بۆ وەرزێ هاڤینێ، چەند مەفایەکێن دی ژی هەنە وەکی ئەڤ بەنداڤا بوویە سەیرانگەهەکا خۆش و حوکمەتا هەرێما کوردستانێ لبەر، بکەتە ماکا بخودانکرا ماسییان، ڕێکا هاتن و چونێ و گەشتکرنا ب بەلەمانە. ئەڤە ژبلی کۆ ژێدەرەکا مەزنە بۆ کارەبایێ، ئەڤ بەنداڤە دگەل بەنداڤە زێیا سیروان ل دەڤەرا سلێمانیێ کۆ دبێژنێ دەربەندیخان هەوایێ وێ دەڤەرێ ل هاڤینێ خۆش و هین دکەن و هەلما ئاڤێ و شەهێ ل زڤستانێ پەیدا دکەن.

| وشە | واتا |
|---|---|
| سانا | ئاسان، ساناهی |
| بەرهەڤکرن | ئامادەکردن |
| لەهی | لەی، لێفان، لافاو |
| نەخاسمە | بەتایبەتی |
| تۆڤ | تۆو |
| ئەگەر | هۆ |
| تێرابورن | پێدا تێپەڕدەبن |
| تێڤە هاتن | دەستهەلات |
| بەرەڤ | بەرەو |
| پێدڤی | پێویست |
| لێفانە | لافاو |
| پەنگاندنێ | گلدانەوە ، پونگاندنەوە |
| مفا | سود ، فایدە |
| دی ژی | دیش، تریش، دیکە |
| لبەرە | نیازیەتی، لەبەردایە |
| ماک | دایک |
| هین | فێنک |



# دارسـتان و پـاراسـتنا وان

دارسـتان ل کوردسـتانێ جهەکـێ بـەر فـرە ژ دۆڵ و شـیڤێن کوردسـتانێ ڤـە دگریـت و شـینی و کەسـکاتیا وان شـەرێ دگـەل ئاسـمانێ سـاهیێ و تەڕاتیـا بهـارێ دکـەن، گەرچـی مـاوێ ڤـان سـی چـل سـالێن بـۆری هنـدە گرنگـی و پیتـە نەهاتیـەدان ب دارسـتانا و ئـەڤ دارستانە بەرەڤـ سـۆتن و نەمـان دچـن، ئەگـەر یاسـایێ پارسـتانا نەهاتبا گـۆڕێ، دارسـتانێن مـە کـۆ دپـڕن ژ دار و تراشـێن بـەردار یـان بێبـەر، ژ (بـەڕوی و کـەزان و هنـار و گویـز و مـازی و کاژ و سـەرو) گەلەکێن دی، ئـەڤ هەمـی سامانێ وەڵاتـێ پێکدئینـن ئـەڤ دارسـتانە ژبلـی جوانـی گەلـەک مفاییـن خـۆ هەنـە، ئەگـەر ب ئاوایەکـێ بـاش و ل پـەی یاسـایێ مفـا ژێ بهێنـە وەرگرتـن. ژبلـی ڤێ چەنـدێ دارسـتانێن مـە جهـێ حەواندنـا بالنـدا و گیانەوەرێـن کێڤینـە، کـو ئـەو ژی پشـکەکن ژ سـامانێ ل هاڤینێدا وهۆیـێ پاراسـتنا ئەردییـە ژ لەهیێـن ئاڤـا زڤسـتانێ و بەهـارێ داکـۆ چیـا و جهێـن بلنـد ڕانەمالیـت.

ئـا دارسـتان ژ تشـتێن بـاش و ب مفایێـن وەلاتییـە ژ بەرکـۆ ژبلـی وان مفایێـن هاتینـە باسـکرن دبنـە هۆیـێ جوانـی و قەشـەنگی یـا وەلاتـێ و جهـێ دروسـت بوونـا هاڤینگـە و سـەیرانگەهایە:

وەلاتی ب ڕەنگەکێ وەسا پێویستی پێ هەیە، کۆ نهۆ ل زۆر جهێن وێ حکومەت دەست ب درووسـتکرن و پەیداکرنـا دارسـتانێن ب دەسـت چانـدی دکـەت هەروەکـی هەتـا نهـۆ ژێ کار دڤـی بیاڤیـدا دهێتەکـرن.

ئانکـۆ پێویسـتە ل سـەر مـە هەمیـا بزاڤـێ بکەیـن ژ بۆپاراسـتن و نەبڕینـا دارو تراشـێن دارسـتانێن مـە و خەلکـی هاندەیـن ژ بۆچاندنـا داروبـاران، وەک خۆیایـە دهەمـی جیهانێدا و وەلاتـێ مـە ژیدا ڕۆژەک ل دەستپێکا بەهـارێ هاتیـە تەرخانکرن ب ناڤـێ (جەژنـا داروبـارا) د مەهـا نەورۆزێـدا کـو تێدا خەلـک بهێـتە هانـدان بۆچاندنـا داروبـارا و پاراسـتنا وان ژ بڕیـن و سـۆتنێ، پێتڤیـە ب دل و جـان هەمـی تشـتەکی وەلاتـێ خـۆ بپارێزیـن ژوان داروبـار و دارسـتانێن مـە ژبـەر هەنـدێ دبینیـن حکومەتـا هەرێمـا کوردسـتانێ زۆر پویتـەی ب دارسـتان و پتـر کرنـا دارسـتانا دەت، هەتـا کـو ببنـە جهـێ جوانـی و خەملاندنـا وەڵاتـی و ئەڤـەژی تنێ ئەرکێ حکومەتـی نینـە، بەلکـی پیدڤییـە هەڤوەلاتـی ژی دگـەل دام و دەزگەهێن حکومەتـی د هەڤکاربـن ژ بـۆ پاراسـتنا دارسـتانا و دروشـمێ وان ببیتـە (بچینەونەبـڕە).

| وشــــە | واتـــــا |
|---|---|
| شیڤ | دۆڵ ، شیو |
| ساهی | ساماڵ |
| پویتە | گرنگی، بایەخ |
| تراش | دەوەن |
| مفا | سود |
| هینکاتی | فێنکی |
| لەهی | لێی لافاو، لێڤان |
| بیاڤ | بوار |
| گرنگی و پیتە | گرنگی و بایەخ |
| کەزان | قەزوان |
| ل پەی یاسایێ | بەپێی یاسا |
| دروشم | نیشان |
| هەڤوەلاتی | هاووڵاتی |
| ژ بلی | جگە لە، بێجگە |
| ل پەی | بەپێی |



# نڤیســین

ئـەم پشـت ڕاسـتین، ئەگـەر نهـۆ ئێـک بێژیتـە تـە: (بـێ زەحمـەت وێ کتێبێ بکـە د وێ تەنویریـدا بلا هشـک ببیت وسـۆر ببیت). دێ ب مەندەهۆشـی ڤەلێ نێڕی، لـێ نە کاکە گیان مەندەهۆش نەبە، ژبەر کو بەری هزاران سـالا نڤیسـین ب تیرۆژکێن ڕۆژێ و ئاگری هشـک و سۆردکرن.

بابلـی و میسـرییا نڤیسـینێن خۆیێن تایبەت هەبـوون، بۆ هەر پەیڤەکـێ، یان ناڤەکی، یـان مەرەمەکـێ، یان پیتەکێ نیشـانەیەک دانابوو، کۆ نڤیسـینا وان ژنڤیسـینا مە یا نهۆ زۆر گرانتـر بـوو، ژ بلـی نەبوونا پێنڤیـس و کاغەزا.

بابلییا هـەڕی دئینا وەکی قالبەکێ ڕێکوپێک د بڕی و پاشـی ب تشـتەکێ سـەر تیژ چ ڤیابـا دا ل سـەر وی قالبـی دنڤیسـن، پاشـی ئەگـەر تیرۆژکێـن ڕۆژێ زۆر د گـەرم بانـە دا داننـە بـەر تاڤێ هەتا ئـەو بخـۆ هشـک و سـۆر دبـوو، یـان د تـە نویریێدا جوان سۆر دکر، مێژوونڤیسـان زۆر ژوان قالبان ڤـە دیتینە، کۆ هنـدەک ژوان پێشـی دووهـزار و پێنج سـەد سـالا ل سـەر هاتینـە نڤیسـین.

ئەگــەر تشــتەک ل جــەم وان زۆریَ گرنــگ  بــا وەکی (یاســا) یان (ئاینــی) داب پارچە کانزایەکــی ل ســەر کەڤرێن مــەزن کۆلن.

وەک یاســایا (حەمورابــی) یــێ فەرمانــداریَ بابلییا کۆ بەری(٤٠٠٠) ســالا د کەڤرەکی کۆلایــە، نهــۆژی ئەگــەر لــێ نێــری ئەو نڤیســین ب باشــی یا دیارە و شــارەزا ب ســانەهی دشــێن بخوینــن، میســرییا ژی ل دەســتپێکێ هــەر ل ســەر کەڤرا دنڤیســی ، پشــتی هینگی بەلگێــن دارێــن تایبەت کۆل دۆلا (نیل)دا شــین دبوون د ئینان ول ســەر دنڤیســین. میســری دڤــی بیاڤیدا زۆر هۆســتا و شــارەزا بوون، ب خامێن قامیشــو مەرەکەبی ل ســەروان بەلگا دنڤیســی، یۆنانی ژی ژ میســرییان فێری نڤیســینێ بوون و لســەر ڤان بەلگا دنڤیســی دەمێ عــەرەب ل ســەردەما ئیســلامێ چووینە میســرێ ئیدی نڤیســین، ل ســەروان بەلــگا نەما و دەســت بە نڤیســینێ ل ســەر پیســتەکێ تەنک دکر، نهۆژی بــۆ هندەک مەرەمێــن تایبەتی ل ســەروان ڕەنگە پیســتا دهێتە نڤیســین رۆمانییا ل سەر قورمێن دارا دنڤیســی، بە مەرجەکی تەختەتــەکا شــەمێ د وی قورمــێ دارێ د داو پشــتی هەنگــی ب پارچــە کانزایەکــی تیپ تێ دکولا.

هەتــا نهــۆژی ل وەلاتێــن خۆرهەڵاتێ پێنڤیســێ قامیشــی دهێتــە ب کارئینــان، لێ ل ئاڤــای پــاش ســالا ١٨٠٠ زاینی ئێکەمین نکلــی کانزایێ هاتە دروســتکرن‌و وب کار ئینان . ل دەســتپێکێ زۆر ب قەتــڵازی ب دەســت دکەفــت هەتا ســاڵا١٨٢٠ز کۆ(جێمس بری) دەســت ب دروســت کرنــا نکلێــن کانزایــی کــر، هەرچەنــدە هوســتایەکێ بــاش بــوو و نکلێن چاک دروســتدکرن لــێ زۆر دگــران بهــا بوون.

هند پێنەچوو کابرایەکێ دی ئێنگلیز (جۆســیا ماســۆن) پەیدابوو ئامیرەکێ دروستکرنا نــکلا چێکــر، خویایــە بەرهەمێ ئامیــری ژ بەرهەمێ دەســت زۆرتــر و ئەرزانتــرە لەورا ب زۆری کەفتنــە  بازاریو مشــەبوون

قوتابییــا ل قوتابخانێــن جیهانێ هەتا ســاڵا ١٨٤٠ز ژی هەر ب قامیشــی یان بــە پەڕی باڵندە (دنڤیســی)  لــێ نهــۆ پتر ژســەد هــزار جۆرێن نکلێــن کانزایی بۆ نڤیســینێ هەنــە، ئەڤـ نکلە ژی هەروەســا ب ســانەهی و خوشــنڤیس نەبوون بەلکی شازدە جارا دەســتکارییا وان هاتیە کرن هەتا هوســاب ڕێکوڕوانی بنڤیســن.

نکلێــن زێــڕی ژی هەنــە کۆ هەتا چــل جاران پتــر دەســتکارییا وان هاتیە کــرن. پێغەمبەرێ ئیســلامێ(د.خ) چەنــد نڤیســەرەک هەبــوون دەمێن قورئان بــۆ دەهاتە خــوارێ داخاز ژ وان نڤیســەرا دکر بنڤیســن، هەروەهــا مەرجەک دانا بوو بــۆ ئازاد کرنا دیلێن شــەڕێ (بەدر) کۆ هــەر ئێــک ژوان دیــلا دە زارۆکا فێــری خاندن و نڤیســینێ بکەت دێ هێتــە ئازاد کرن.

| وشــە | واتــا |
|---|---|
| مەدەهوشی | سەرسوڕمان |
| هەڕی | قوڕ |
| تاڤ | خۆر ، هەتاو |
| ل جەم | لەکن |
| کەڤر | بەردی گەورە |
| قورمێن دارا | قەدی دار |
| تەختەیەکا شەمایێ | چینێکی مۆم |
| نکل | نوک |
| دم | دەنوک |
| مشە | زۆر |
| لێ نێڕی | دەینۆڕییێ، تەماشای دەکات |
| ترۆژکێن رۆژی | تیشکی هەتاو |
| دڤی بیاڤیدا | دڤی بواریدا ، لەم بوارەدا |
| دهۆستا | وەستا |
| تیپ | پیت |
| تێدکۆلا | دەیان کۆلا |
| بەقەتلازی | بەزەحمەت |



# هــەزارمێــرد

لــە بەرەبەیانــی مێــژووەوە، مرۆڤایەتــی بە گەلــێ چاخــدا تێپەڕیوە... بۆ ئاســانی و لێــدوان، مێژوونوســەکان کردوویانــە بــە دوو بەشــەوە.

یەکەمیــان: چاخەکانــی بــەر لە مێژوو، کــە دێرینێکی زۆر کۆن و دور و درێــژی ئادەمیزاد و مرۆڤایەتی بووە، تاکو ســەردەمی بەکارهێنانی (نوســین).

کۆنتریــن چاخــەکان چاخی (بەر لە مێژوو) پێیئەگوترێت (ســوڕ، یــان چاخی بەردی) ئەمانــەش دابەشــکراون بــە چاخــی بــەردی کــۆن و چاخی بەردی نــوێ، کە درێــژ ئەبنەوە تــا چاخەکانــی دووەمــی (مێژوو)، کە بــە نوســین و تۆمارکردنــی ڕوداوەکانــی مرۆڤایەتی دەستپێدەکات...

چاخــی بــەردی کــۆن ماوەیەکــی زۆر دورو درێــژە و هەزارەها ســاڵی خایاندووە... ئادەمیــزاد بــە ســادەیی و ســاکاری تێیــدا ژیــاوە.

پشــکێنەرو مێژوونوســەکان، بەهــۆی گــەڕان بــەدوای پاشــماوەی کــۆن و دێرین و کەلوپەلــی یەکــەم جــار لــە بــەرد دروســتکراو و هەڵکۆڵیــن و هەڵکەندنی ئــەو وێنانەی، کە

لەســەر دیوار و بنمیچی ئەشکەوتەکاندا داتاشراوون و ماونەتەوە ......یان بەهۆی دۆزینەوەی ئێســقانی ئادەمیزاد و ئــەو ئاژەڵانەی، کە ڕاویانکردوون، مێژووی ئەو ســەردەمانە و جۆری ژیانیان بــۆ دەرکەوتووە.

پاشــماوەی چاخــی بــەردی کــۆن، لــە گەلــێ جێــگای گێتیــدا دۆزراوتــەوە، بەتایبەتــی لــە خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت و لە هەرێمی کوردســتانی عیــراق..... لە نزیک ســلێمانی و کەرکوک و چەمچەمــاڵ...

پاشــماوەی ئێســک و کاســەی ســەری ئادەمیــزادی کــۆن لــە شــێوەی ئێســک و کاسەســەری مرۆڤــی ئێســتاکە نەچووە، زۆر جیــاوازە، لەبەرئەوە بە ئادەمــی چاخی بەردی کۆنیــان گووتووە (نیاندرتاڵ)، بەناوی ئەو شــوێنەی کەلە (ئەڵەمانیــا) بۆ یەکەمجار، پەیکەری ئێســکی ئــەو جــۆرە ئادەمیزادانەیــان لێدۆزیوەتەوە...

هەروەهــا بــە دەرکەوتنــی کەلوپــەل و شــتی دروســتکراو و هەڵکەندراوی ســەربەرد و دیــواری پاشــماوەی کۆنی ئــەو ئادەمیزادەی کە بــە (نیاندرتاڵ) ناو نرابوون، لە ئەشــکەوتی هەزارمێــرددا دۆزراوەتــەوە، کە نزیــک گوندی (جێشــانەیە)، کەواتە (هەزارمێرد) شــوێنێکی مێژوویــی زۆر کۆنــە و جێــگای دیاریکــراوی ئادەمیــزادی (نیاندرتــاڵ) بــووە کــە لە چاخی بەردیــی کۆندا ئــەوە ئەگەیەنێــت، لە هەرێمی کوردســتانی عێراقــدا ئادەمیــزاد ژیاوە ...

ئەگەر لە(تاســلوجە) بپەڕینەوە ڕووە و ســلێمانی، دوای کەمێک، ســەرنج بەلای ڕاســتدا بدەیــن بۆ ڕیزە چیــای گڵەزەردە، لای (بەرانان)، دەمی ئەشــکەوتی هەزارمێرد بەدی ئەکەین، کــە نزیکــەی (١٣) کیلۆمەتر لە خۆرئاوای ســلێمانییەوە دوورە....... ئەتوانیــن لاڕێ بگرین، لە دامێنــی خــواروی کێڵگەی (بەکرەجــۆ) وە بە ئۆتۆمۆبێــل بگەینە گوندی(هەزارمێــرد)، ئەمجا بەپــێ، یان بەســواری بە چیاکــەدا هەڵبگەڕێین بە ماوەی ســەعاتێک دەگەینە ئەشــکەوتەکە...

ئــەم ڕێگایــا نوێیــە، لــە کاتــی خۆیدا یەکێ لە پشــکنەری جێمــاوە دێرینــەکان کەناوی (ســپایزەڕ) بــوو، لــە ســاڵی(١٩٢٦)ز، لە شــاری ســلێمانییەوە چووەتــە گوندی (جێشــانە)، لەوێوە بە ڕێچکەیەکی ســەرەولێژ و پێچاوپێچدا گەیشــتۆتە کەندەڵانێکــی گەورە، کە نزیکەی یــەک میــل لە جێشــانەوە دورە ...ئەم کەندەڵانە ڕێگایەکی ســەرەوژورە بۆ ئەشــکەوتەکە، لە دامێنــی ئــەم ڕێگایادا قــەڵای هەزار مێــرد هەیە ...

ئـەم قەڵایــە بریتییــە لە گابەردێکی ئێجگار گــەورە، پڕیەتی لە دۆڵــی بەردین کە لەکاتی خۆیـدا وا دەرئەکەوێـت هەڵکەندرابێـت بۆ ئــەوەی بیکەن بە ئەســتێڵی ئـاو، زۆرتریش لەوە دەچـێ، کــە لــە ســەردەمی ساســانییەکان دا هەڵکەندرابــن ....دوای ئــەوەی نیــوەی ڕێگاکە دەبڕیـت، ئەگەیتــە جێمــاوە دێرینەکان.

هەزارمێـرد بــە مانــای هــەزار پیاودێـت، کــە ڕەنگە ئەم ئەشــکەوتانە جێـگای هەزار کەسـی تیـا بووبێتــەوە، یان مەبەســت لە هەزارمێـرد ئــەوە بووبێت، جێگەی ســەرکردەی هەزار ســەربازی ســوپا بووبێت لەو ســەردەمەدا.

زۆرکەســیش هەیە دەڵێن، کە گوایە (زەردەشت) لە ناوچەی (هەزارمێرد) لە دایکبووە، لەم شــوێنەدا شــەش ئەشــکەوتی بە تەنیشــت یەکەوە هەیە، یەکێکیان لە هەرە گەورەکانە و لــە دوورەوە بەدیدەکرێـت، بــەرز و پانە بەڵام قوڵ نییە، یەکێکی کە لە ئەشــکەوتە بچوکەکان بریتییــە لــە کونێکی گەورە لە شــاخەکەدا زۆر تــون و تاریک و درێژە، هەتــا بڕۆینە ناوەوە پتــر تەســکدەبێتەوە، گەلێـک جۆر ڕەگ و قەدی ڕوەکــی کۆنی تێدایە....گەلێـک وێنە و کۆلین لەســەر بــەرد و دیوار و بنمیچــی هەڵکەندراوە، کە ئادەمیــزادی نیاندەرتــاڵ چوونەتە ناوی، لە ســەرما و تۆف و بەســتەڵەکی زســتان و لە ترســی ئاژەڵی دڕندەی ئەو سەردەمە خۆیان تیـا پاراســتووە و شــاردۆتەوە. ئــەو جــۆرە ئادەمیزادانــە دەم و چاو ناشــیرین و لچ و لێو ئەســتور و چاو بە قوڵا چووی برۆ پەیوەســت بوون، قاچیان نوشــتاوە بــووەو باڵا ڕێکییان ناتەواوە.

لــە ئەنجامــی ئەو پشــکنینانەی، کە لە ســاڵی(١٩٢٨)ز دا لەم ئەشــکەوتانەدا کراون زۆر کەلوپەلــی لــە بەرد دروســتکراوی خولــی کۆنی چاخــی بەردی ســەردەمی (ئەلمیســتری) پەنجــا هەزارســاڵ لەمەوبــەر دۆزراوەتەوە، کە هەر لــەدوای ئەمە هەمان چەشــن کەلوپەلی ئەو ســەردەمەیان لە ئەشــکەوتەکەی (شــانەدەر) دا دۆزیەوە...

هەروەها لە ئەشــکەوتەکانی (هەزار مێرد)دا شــتومەکی پاش ســەردەمی (ئەلمیســتری) شـیان دۆزیەوە، کە شــان لە شانی شتومەکەکانی ئەشــکەوتەکانی زەرزێ و شانەدەر ئەدەن لە نــرخو بایەخدا ...

بــەڵام لــە ئەشــکەوتەکانی (هەزار مێرد )دا، هەتا ئێســتا، هیــچ پەیکەرێکی ئێســکیی ئەو دوو سەردەمە نەدۆزراوەتەوە...



# ئیسـماعیل بێشـكچی

ئیسـماعیل بێشكچی سـاڵی (١٩٣٩)ز له (ئیسـكلیب) له نزیك پارێزگای (كۆڕم)، لەدایكبووه، خوێندنی سـەرەتایی و دواناوەندی هەر لەو شـاره تەواوكردووه.

بڕوانامـەی لیسانسـی لـە زانكـۆی ئەنقـەره و دكتۆراشـی لـە زانكـۆی ئەتاتـورك لـە ئـەرزرۆم وەرگرتـووه، بێشـكچی لەكاتـی خزمەتـی سـەربازیدا لەنێـوان سـاڵەكانی (١٩٦٤ – ١٩٦٢)ز لە ناوچەكانی (هـەكاری) و (بەدلیس) كوردی ناسیووه، بێشكچی دەڵێت: كـە گەیشـتینه خـواروی خۆرهەڵاتـی توركیـا بۆ تەواوكردنـی خزمەتی سـەربازی، به چـاوی خـۆم نەتەوەیەكـم دی، كه زمان و مێـژوو و دابونەریتیان له ئێمـەی تورك جیاوازه ئـەو نـاوه هەڵناگرێت كـە ئێمه لێمان ناون ئـەوان بەخۆیان ناڵێن (توركی چیـا) بەڵكو دەڵێن: ئێمه (كوردین).

لـەو دەمەوه بێشـكچی هەموو توانای هزری و چالاكیی زانسـتی خـۆی تەرخانكردووه لـە پێنـاوی گەلـی كورد بـە لێكۆڵینـەوه و توێژینـەوه و داكۆكیكـردن له مافـی نەتەوایەتی


و دیموکراتیـەت و تایبەتمەندیـی شارسـتانیی کـورد و هەوڵیـداوە، کە ڕۆشـنبیرانی تورک لـەو ڕاسـتییە بگەیەنێـت، کـە زۆرینـە نکولی لێدەکـەن، وەک چـۆن دەوڵەتـی تورکی دژی دەوەسـتێت، بە ئاگر و ئاسـن بۆ زیاتر لەسـەدەیەک دەچێت بەڵام بێ سـودبوو... تا ئێسـتا لـەو ڕێگایـەدا (٣١) توێژینـەوەی بڵاوکردۆتـەوە و زۆر لـە کتێبەکانی لەکاتـی چاپکردنیاندا دەسـتیان بەسـەردا گیراون و قەدەغەکراون.

ئـەو کتێـب و توێژینەوانـە، وای لـە بێشـکچی کردووە، کە کۆنترین (زیندانی سیاسـی) نـاو دەوڵەتـی تورکیـای سـکولار و دیموکراتـی بێـت، چونکـە بـەوە تاوانبارکـراوە، کە بە نوسـینەکانی دەستدرێژی کردووەتە سـەر کەرامەت و شەرەفی دەوڵەت و داکۆکی لە دۆزی کـورد کردووە، کە تورکیا دۆزی کورد بەکارێکی دژە یاسـا دەیداتـە قەڵەم، نابێت دەربارەی بدوێـت، بـەڵام بێشـکچی دەڵێـت من خەباتـی ئاشـتیانە دەکەم، تا ڕێـم پێبـدەن بەگفتوگۆی زانسـتی دژی ئەو کارە نایاسـاییانە دەوەسـتم کە سانسـۆری لەسـەرە لە پێناو پاراسـتنی شـەرەفی تورک، ئەویش بە پشتبەسـتن بە دەربڕینی سەربەسـت و پاراسـتنی مافی مرۆڤ.

بێشـکچی چەنـد سـاڵ لـە تەمەنـی لـە پشـت دەرگای ئاسـنی بەندیخانەکانـەوە ژیانی بردۆتەسەر.

بێشـکچی بەهـۆی نوسـینەکانییەوە پاداشـت و خەڵاتێکـی زۆری، لەلایەن وڵاتانـی دەرەوە وەرگرتووە، بەڵام زۆری ئەو پاداشـت و خەڵاتانـەی ڕەتکردۆتەوە، وەک خۆی دەڵێت چونکە ئـەو وڵاتانە چەک دەفرۆشـن بـە تورکیا و تورکیـاش دژی کـورد بەکاریدەهێنێت، هەروەها دەڵێـت باشـترین ڕێگا بـۆ کۆلۆنیالکردنـی میللەتێک، ڕێگاگرتنـە لەو میللەتە، کـە کەلەپور و زمانەکەی گەشـەبکات و بەکاریبهێنێت.

| وشـە | واتـا |
|---|---|
| نکوڵی: | ئینکارکردن |
| لیسانس: | بڕوانامەی بەکالۆریۆس |
| سانسۆر: | چاودێریکردن، ڕێگاگرتن لە بڵاوکردنەوە. |
| سکولار: | سیاسەتی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، عەلمانیەت |
| دۆز: | مەسەلە - پرس |
| کۆلۆنیال: | داگیرکردن، سڕینەوەی ناسنامەی میللەتێک |



# چیـرۆکی
# (نـان و کـەوەری خـوێنـاوی)

دوا فـەردە گەنمـی لەسـەر کۆڵی خـۆی، فڕێدایە سـەر ئەوەکانی تر پاش ئـەوەی کەمێک هێنـای و بـردی و خسـتیە سـەر باری ڕێکـی خۆی. ئیتـر کۆپانەکـەی لە شـانی داماڵی و بـە کەمتەرخەمییەکەوە، هاویشـتیە سـوچێکی عەلافخانەکەوە، ئەمجا کەوتـە خۆتەکاندن لەو تـۆز و خۆڵەی لەسـەر جلەکانـی کەڵەکە ببوو، دەستەسـڕە چارۆکەییەکەی بەر باخەڵیشـی دەرهێنا و ماوەیەکی زۆر سـەرو چاو و شـانو ملی خۆی پێ پاککردەوە و دواجار ئاخنیەوە بـەر باخەڵی، ئەوسـا بە بێدەنـگ، لەبەردەم حاجی عەبدولی سـەرتاش وەسـتا، ئەویش هەر زوو، چارەکـە دینارێکـی بۆ ڕەتکـرد و پێی گوت:

– ئادەی ... دەڕابەکانیشم بۆ دابدەرەوە.

حاجـی چاکـەی زۆر بەسـەریەوە هەبـوو، زۆر جـار لەکاتـی تەنگانـەدا بـە فریـای کەوتبوو، بـە خۆشـحالیەوە دەڕابەکانی بۆ دادەدایـەوە و قفڵەکانی بـۆ تـێ قایم کـرد لێشـی پرسـی:

---

٭ تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

- قوربان فەرمایشتێکی ترت نییە؟!

حاجی لە وەڵامیا بەدڵسۆزییەوە گوتی:

نەخێر کورِم ... لەشت ساغبێ ... فەرمو خوات لەگەڵ.

ئیتـر خواحافیـزی لـە حاجی کـرد و ڕوویکردە ناو بازاڕ، لە نانە ساردەکانی سـەر سـەبەتەی دەسـتگێڕەکان، شـەش دانەی بە پەنجا فلس، لە دوکانێکی سـەوزە فرۆشیش سێ دەسـک کـەوەری هەڵگـرت و بـەرەو ماڵــەوە، ملی ڕێگـەی گرتەبەر.

(مـارف)ی کۆڵهەڵگـر، ئـەو ئێوارەیـە گەلێـک دڵخۆش و ئاسـودە بوو، دەسـکەوتی ئـەو ڕۆژەی خـۆی دابـوو لـە سـێ چارەکە دینـار، بگـرە بەدرێژایـی هەفتەی ڕابـردووی، دەسـکەوتی هیـچ ڕۆژێکـی لە نیـو دینار نەهاتبـووە خوارەوە، لە ڕاسـتیا، لـەم چەند مانگی دواییەیـدا ئەمــەی بـە دەگمەن بۆ هەڵئەکەوت، وەیا لە سـێ چوار پەنجایـی تێپەڕی نەئەکرد، کـە مەمـرە و مەژی ژیانی پێ بەسـەر ئەبرد، بۆیە ئێسـتا بـەدەم ڕێگاوە، بەئاسـودەگییەوە لەگـەڵ خۆیا ئـەدوا و ئـەی گوت:

بـەوەی ئەمـڕۆ، کە پێـم ماوە، ئەکاتە سـێ دینـار و چارەکێک، وا زسـتانیش نزیک بۆتەوە، دینار و نیوێکی ئەوانی پێ پۆشـتە ئەبنەوە، خۆشـم بەڵکو بتوانم، قاپوتێکی فەردەی لێبکـڕم، خـوا ماڵـی ئەو کەسـە ئاوا بـکات، کـە جلوبەرگی فەردەی داهێنا، بەڕاسـتی شـتی وەهـای تیـا هەڵدەکەوێت، کە ئەگەر بە دروسـتکردنی بدەی، پارەیەکی بێشـماری تێ ئەچێ، خـوا سـەرفرازیان کا ... سـبەینێ دینـار و نیوێک ئەدەم بـە (خەجە)، با بچێـت بەئارەزووی خـۆی کام جلوبـەرگ گـەرم و قایمە، بۆخـۆی و منداڵەکانی هەڵگرێ، خۆشـم بـەم ڕۆژگارە لەنـاو بـازاڕم، خـۆم ئەنێمەوە بـۆ قاپوتێک لە قوماشـە ئەسـتورە توکنەکان، خـۆ بەخوا بە چـواردە پانـزە پەنجایـی، دەستیشـم ماچ ئەکـەن، ئینجا ئەو حەلە، زسـتان با هــەر زوقم و بەفـر و بارانـی خۆییم بەسـەرا ببارێنێ.

ناسـیاوێکی وەک خۆی حەماڵ بوو، بەلایا ڕابردوو سـڵاوێکی گەرمی لێکرد، ئەمیش، زنجیـرەی ئـەو خەیاڵە خۆشـەی خـۆی پچڕانـد و گەرمتر وەڵامـی دایەوە، تـا وردەوردە، بـەدەم ڕۆیشـتنەوە چـووە وە سـەر هەمان باسـو خواز:

ئەگـەر وەهابـێ، مـن هێشـتا دینارێکـم لـە قاپییـا ئەمینـێ، لام وایە ئەویـش بدەم بە زەخیـرە بۆ زسـتانەکە، لە هەموو شـتێکی تر باشـترە، ئەیدەم بە نیسـک و نـۆک و ڕبەیەک

گەنـم و لـە ماڵـەوە دایدەنێم بـۆ کاتـی تەنگانە، گەڵێک باشـترە، کـێ چوزانـێ!... دوورنییە سـبەینێ، وەزعەکە ئاڵۆزبێتەوە و هەمیسـان بقڵیشـێتەوە!... لە ڕاسـتیا، (مـارف)ی کۆڵهەڵگر لـەم بەرچـاو تاریکیەدا ناهەقی نەبوو، باری ناو شـار، هەردەم لەسـەرپێبوو بۆ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتـۆ، کـە بـە بیـری هیچ مرۆڤێـکا نەیـەت و هیچ کەسـێک نەتوانـێ، خۆی لە کارەسـات و بەسـەرهاتی لـە نـاکاوی بـەدوور بگرێـت و دواجار خۆی لـە دەرد و مەینەتـی و بەڵای ناگەهانـی بپارێزێـت، ئەو کە بـە پیاچوونەوەیەکی خێرا، گشـت ڕووداوەکانی پێشـووی ناو شـاری هێنایـەوە پێش چاوی خۆی و، ئەو سـزا و ئازاری نەبوونی و برسـێتییەی هێنایەوە یـاد، کـە لـە ئەنجامی ئـەو ڕووداوانەدا چەشـتی، لە دڵی خۆیا بـە ڕەزامەندییـەوە گوتی:

– کـە ڕبـە ئاردەکـەم لـە ماڵـەوە هەبـوو، بـەس نییە ئـەم جـارە خوانـە خواسـتە ئەگەر قڵیشـایەوە، لەماڵـەوە خـۆم مت ئەکەم و بەنانە وشـکییەکەش بێت ڕۆژ بەسـەرئەبەین، هەتا خـوا سـەرلەنوێ دەرووییەکـی ڕەحمەتمان لـێ ئەکاتەوە.

باسـی قڵێشانەوە و کارەسـاتی سامناکی، ڕستێک پرسیاری لەمێشـکدا بزوان، لەدڵی خۆیـا وتـی: باشـە ئەمە بـۆ؟!...
ئەم گەڕە لاوژە تاکەی درێژە ئەکێشێ؟!...

من لەم کارە سـەرم ئەماسـێ!... هەر هێندە ئەزانی و لەناکاوێکا ئەقڵێشـێتەوە!... لەناو شـارا ئەبێتە تاقوتۆق و بگرە و بەردەیەک، ئەوسـەری دیارنەبـێ!... دواییش کە گەردەلولەکە کـپ ئەبێتـەوە و سـەراپای ناو شـار، وەک شـاری مـردوان خامـۆش ئەبێ، سـەیر ئەکەی لـەم سـەرجاردە، یـا لەو نـاو کۆلان، لەنـاو فلان مـاڵا، چەند لاشـەیەکی خلتانـی خوێن و لە حەوت سـاڵان ڕاسـت بوونەتەوە سـەیرە!... بەڕاسـتی سـەیرە!... ئەمە بۆچی ڕوودەدا و لەپـای چـی؟!.. ئینجـا دوای ئەوەی کەمێـک خۆی خەریک ئەکـرد و بیری لێئەکـردەوە، هەر لە دڵـی خۆیا بـە بێزارییەوە ئـەی گوت:

– ئەمـە لەخۆڕایـی نییە ... ئەبێ شـتێک لە ئارادا هەبێ، ئەوەی ڕاسـتی بێت، مـن تێیناگەم و سەری لێدەرناکەم!...

کـە بیری لێکردەوە و سـەری لێدەرنەکرد، وازی لەو باسـە هێنـا و بیری ئەچووەوە بـۆ ماڵـەوە ... بـۆ ژنەکـەی و منداڵـە وردەکانـی ... گوتـی:
بـەس نییـە من خوا ژنێکی کارامە و سـێ منداڵی جوان و سـاغ و سـەلیمی داومێ، کە ژیانک

ڕۆشــن ئەکەنــەوە و تینــم ئەدەنە بەر، بۆ ئــەم ڕەنجی فەرهادەی ئەیدەم!.. من چیمە بەســەر ئەم باســو خوازانەوە؟!.

گوتراوە (نان بۆ نانەوا گۆشــت بۆ قەســاب).. دیارە ئەوانەی لەو ڕێگای قلێشــانەیەوە ئــەڕۆن، ئەبــێ نە ژنیــان هەبێ و نە منالــی وردا! ئەی ئەگینــا چۆن زات ئەکــەن. ئەو ڕێگایە ئەگرنەبەر؟. ماوەیەکی تر بەدەم ئەم باس و خوازانەوە ڕۆیشــت، شــەش نان و ســێ دەسک کەوەرەکــەی لەبــن دەســتی تونــد کردبوو، بــێ ئەوەی هەســت بەخۆی بکات دەســتی درێژ کــرد، پارچەیەکــی لــە نانەکــە پچــڕی و نایە نــاو دەمی ماوەیەک جــووی زۆر بــە تاموکام قوتی دا، ئەوە هەســتی برســێتی لێبزوان و لەدڵی خۆیا گوتی: تۆ بڵێی (خەجە)، شــۆربایەکی گــەرم و گــوڕی نەرمــە قوتــی لێنەنابێ، کە ئێســتا بڕۆمــەوە و زۆر بە تامــوکام ورگمی لێ پڕبکەم؟...

خۆزگە ئەو شــۆربایەش، لەپە ســاوەرێکی ئاوداری هەریســەیی دەبوو .. ئەزانم لەپە ســاوەر بــە گۆشــتی چەورەترە ... ئەشــزانم کــە ئێمە ئەمــڕۆ وەک زۆربەی ڕۆژانــی تر، نە گۆشــتی چــەور و نەبــێ چەوریمــان نەبوو... بــەڵام هەر قایلــم... بە ڕۆنیش بێ هــەر قایلم... بــە ڕۆنیــش بــێ هەر قایلــم ... کورە بگــرە بەبێ ڕۆنیــش  بێ هەر کــرە ئەکــەم، تەنها باش کوڵابێتــو وەک کەشــکەک لیقــاوی دابێتــەوە بەمەرجێکیــش ئاوداربێت... ئای کــە لەگەڵ ئەم نانــە و کــەوەرەی بن دەســتما بەتامــە ... ئای کــە بەلــەزەت و بەتامە ... ئــای کە .....

ئا لەم ســاتەدا، لەبن دەســتی مارفی کۆڵهەڵگرا قلێشــایەوە ... زۆر ناڵەبار قلێشایەوە .. لە ســەرەتادا، ســێ تەقەی لەسەریەک شــڵپەیان هات، دوایی چەن دەســت ڕێژێک کرا، ئینجا خــرم و هووڕ دەســتپێکرد، ئەمــە هەمووی لــە چەند ســاتێکدا ڕوویدا، مارفی بەســەزمان، هــەر لــە تەقــەی یەکەمــەوە وەک هــەر جارێکی تــری لەوەبــەر، خورپەیەک دای لــە دڵی و بروســکەیەک بــە هەناویــا ڕابــورد، وەک هەمــوو جارەکانــی تــر، تەکانــی دایــە خــۆی، کە بەخێرایــی هەنــگاو هــەڵ بێنێتەوە... هەتا هێــزی تیایە، هەڵبێت و خۆی قورتــار کات، تەنانەت بەبێ ئەوەی هەر هیچ ســەیری دەوروپشــتی خۆی بکات و بزانێت چ باســە؟.. کەچی مارفی کۆڵهەڵگری بەســەزمان، ســەرەڕای ئەو هەموو وریایی و دەســت و بردەی، بەفریا نەکەوت!.. کار لــەکار ترازابــوو!... گوللــەی وێڵ، گەلێک لەو دەســت و بــردە تربوو ... هــەر لە زووەوە بە گازەرای پشــتی یا نووســا بوو، زۆر بێبــاک ڕووی کردبووە ناو ناخی دڵی... لەوســاتەدا، تەنهــا هێندەی هەســت بەخۆیکرد، کە کســپەیەکی تیــژ وەک دەمی گوێزان دڵــی ئاگر دا، ئیتر

دوای ئەوە، هەسـتی بە هیچ شـتێک نەکرد ... تەنانەت تۆزقاڵێکیش ئازاری نەچەشـت، لەپە و ڕووو بەدەمـا هـات، بەبێ پەلـە قاژەکردن و لنگە فرتـێ، لەجێی خۆی خپ بـوو ... مرد .. نان و کەوەرەکەی بن دەستیشـی، خوێنێکی گەشـی ئاڵ چۆڕاوگەی تێبەسـت و شـێوە و ڕەزای گەڵێک گرانکرد.

لـە ماڵیشـەوە، وەک مارفـی بەسـەزمان بەئاواتـەوە بـوو، ژنـە دڵسـۆزەکەی لەپەسـاوەرێکی گەڵێـک بەتامـی بـۆ لێنابـوو... سـێ منداڵـە وردیلـە جوانەکانـی، پەیتاپەیتا بـەدەوری مەنجەڵەکـەدا ئەسـووڕانەوە و پەلـەی تێکردنیـان لێئەکـرد، دایکـەش دەمێک بە خەڵەتانـدن و دەمێکیـش بەهەڕەشـە لێکـردن و ڕاونانیـان تەفرەی ئـەدان، بەو نیـازەی ها ئێسـتا ها سـاتێکی تـر باوکیان بێتەوە و ئەوسـا گشـتیان پێکـەوە، بەوپەڕی شـادمانییەوە بچنـە وێـزەی مەنجەڵـە لەپەسـاوەر.

کەچـی ڕۆژ لـە دەم کەلەوە چوو بەودیـوا... بانگی ئێوارەی دا... دنیـا تاریک داهات... بـاوک هەر دیارنەبوو... باوک لە مەیتخانەی سـەرەوە، لاشـەیەکی بـێ گیانی خەڵتانی خوێن بـوو، فڕێدرابـوو... هێجگار بـە کەمتەرخەمییـەوە فڕێدرابوو.

١٩٦٩ حسین عارف

## گفتوگۆ:

١- ئەو زاراوانەی کە تائێستاش ماون و گوزارشت لە ڕۆژانی کوشت و بڕی دوژمنانی نەتەوەکەمان دەکەن، زاراوەی (قڵیشایەوە)... دەکرێت لەگەڵ مامۆستا، گفتوگۆ لەسەر ئەم زاراوەیە بکرێت، بەواتا وەسفکردنی ئەو ڕۆژە خوێناویانە...

٢- مارفی کۆڵهەڵگر لە هەندێک شت نەزان و ساویلکەیە، دەکرێت، باسی ئەو شتانە بکرێت...

٣- ئەمە نمونەیەکە لە چیرۆکی کورت... لەگەڵ ئەوەشا نابێت لەبیرمان بچێت کە چیرۆکی مام ناوەندیش هەیە، کە پێی دەگوترێت (نۆڤێڵ یان نۆڤێلا) ... هەروەها چیرۆکی درێژ و ڕۆمانیش هەیە ... ئەوەی کە ئەم جۆرە چیرۆکانە جیادەکاتەوە.

ئـ- ماوەی ڕووداوەکان.

ب- ژمارەی کەسەکان.

دەکرێت بەهۆی مامۆستاوە لە هەریەک لەم جۆرانەی کە باسکران، چەند نمونەیەک بهێنرێتەوە ... لە (ئەدەبیاتی تازەی کوردیماندا)...



# هەڵوێستی جوامێرانە

*لێدوانەکەی سەرکردەی بەڕێز*
*مەعەممەر قەزافی*

بەڕێز (مەعەممەر قەزافی) لە ٢٠ / ٢ / ١٩٩٩ لەدوای گرتنی (عەبدوڵا ئۆجەلان) ئەم لێدوانەی دا: من لەم ساتەدا چەند وشەیەکی کورت ئاراستەی سێ لایەن دەکەم لەم جیهانەدا، بۆ برا تورکەکان و برا کوردەکان و ئەو دەوڵەتانەی، کە بەشدارییان لەم گرتنەدا هەبوو، بەنیسبەت برا تورکەکانمانەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە خۆیان نەخەڵەتێنن و لە خۆیان بایی نەبن و دڵخۆش نەبن، ئەمە ئەگەر شتێک هەبێت ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە ئێوە لە مێژووی خۆتان نابەڵەدن و بەم سەرکەوتنە ساختەیە خۆتان لە خشتە دەبەن... چونکە (ئەستەمبۆڵ) پێش ئێوە شادمان بوو کاتێک سەری (غۆمە) و (عەبدولجەلیل) و (یەحیا سویدییان) پەڕاند و بۆ (ئەستەمبۆڵ) یان گواستەوە، ئەوکاتە وتیان کە چەتە و یاخیبووەکان و جوداخوازەکانی (تەرابولس) مان دەستگیر کرد و لەناومانبردن، بەم

شـێوەیە (لیبیـا) هەتا هەتایـە دەبێتە پاشـکۆی (ئەسـتەمبۆڵ) ... دیارە مێـژووش بەم جۆرە عەقڵیەتـە پێدەکەنێـت و گاڵتەی پێدێـت کە عەقڵیەتی (ئەسـتەمبۆڵە)... ئـەوا لەبەرچاومانە کە (لیبیا) دەوڵەتێکی سـەربەخۆی خاوەن دەسـەڵاتە، ئەو خۆشـییەش تەنها خۆتانی پێخەڵەتێنرا، دوای ئـەوەی جارێکـی تر (ئەسـتەمبۆڵ) بەوە دڵشـادبوو کە گوایا شۆڕشـگێڕانی نەتەوەی عەرەب وەکو: شـەهیدان (عەبدولکەریم خەلیل، عەبدولحەمید زەهراوی، شـوکری عەسـەلی، عـەزم، شـەهابی، سـەلیمی جەزائیری، ئەمیر عومـەر عەبدولقادری جەزائیـری)، کە لە لایەن دادگای (ئەسـتەمبۆڵ) بـەوە تاوانبارکرابوون کە گوایا ئەوانە جـودا خوازن... لە چوارچێوەی ئـەو دادگاییکردنـەدا کە بـە گەلێک بیانووی پڕوپووچەوە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ تاوانبار کـران... تاوانـی چی؟. تاوانی سـەربەخۆیی عێراق و سـوریا و فەڵەسـتین و تەواوی وڵاتانی عـەرەب لە دەوڵەتی عوسـمانی .... ئێسـتاش ئـەوا دەوڵەتانی عەرەب سـەربەخۆن دەوڵەتی عوسـمانیش لەناوخۆیدا کۆتاییهات...

کەوابێـت تـەواوی بۆچوونەکانتـان گاڵتەجـاڕی لێدەرچـوو. ئـەوا مێـژووش بـە ئەسـتەمبۆڵ پێدەکەنێت، لەناوبردنی ئەو سـەرکردە شۆڕشـگێڕانە نەبووە هـۆی لەناوبردنی نەتـەوەی عـەرەب و لەدەسـتدانی سـەربەخۆیی ئـەم نەتەوەیـە.

دیمەنـی (عەبـدوڵا ئۆجـەلان)، کـە نایناسـم و وڵاتەکەشـم هیـچ پەیوەندییەکـی بەو پارتـەوە نییـە، تورکیـاش ئەمـە زۆر چاک دەزانێـت، دەڵێم جیهـان ئەم دیمەنـەی تەنیا لەم یـەک دوو ڕۆژەی بـەر لە ئێسـتاوە نەبینیـوە، بەڵکو پێشـتر چەند جارێک پێی ئاشـنا بووە، کاتێک کە شۆڕشـگێڕی نەتـەوەی عەرەب (نەخلە مەتـران ئەلبەعلەبەکی) بەچاو بەسـتراوی و کەلەپچـە کـراوی، لە لایەن جەندرمـە تورکەکان پەلکێشـکراو لەڕێگا کوشـتیان... ئەوکات ئەسـتەمبووڵ جـاڕی داو گوتـی: ئـەم چەتـە جوداخـوازە لەناوبـرا و بەتـەواوی بەسـەر بزوتنـەوەی جـودا خوازیـدا سـەرکەوتین و تەفروتوونامـان کـردن... دیارە ئەمـە بزاڤێکی جـودا خـوازی نەبوو... بەڵکـو سـەربەخۆیی میللەتێک بـوو... لەلایەکی ترەوە قسـەم بۆ برا کوردەکانـم ئەوەیـە کـە ئێسـتا لەم سـاتەدا پێیـان ڕابگەیەنـم و بۆیـان ڕوونبکەمـەوە کە دڵیان سـارد نەبێتـەوە و غەمگین نەبـن، هەرکاتێک دوژمنەکانتان خوێنی ڕشـتن، ئەوا زیاتر شۆڕشـی کوردسـتان کڵپـە دەسـێنێت، وەک ئـەوە وایە کـە بەنزیـن بکرێت بە ئاگـردا... با زیاتـر خوێنتان بڕێـژن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کڵپەی شۆڕشـی سـەربەخۆیی میللەتـان زیاتـر هەڵچێت... نکوڵـی لە سـەربەخۆیی میللەتان کارێکە کە گەمژەیـی و کاڵفامی

دەگەیەنێت و نەزانی لە مێژوو دەردەخات ... هەرچەندە ئەمڕۆ، ئیمپراتۆریەتە ملهوڕە دڕندەکان هێزی زوڵم و دوژمنکار و پراگماتیکی میکافیللی بێویژدانە و نکوڵی لە مافی میللەتان دەکەن، لە ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانێکی شیاو لەژێر خۆردا، دەڵێم هەرچەندە ئەو هێزانە کۆک بن بۆ لەناوبردنتان ئەوا ئێوە هەر سەردەکەون... ئەو ئیمپراتۆیەتانە لەناو دەچن، هەروەک ئیمپراتۆریەتەکانی پێشوو نگرۆ بوون، لەسەرووی هەموویانەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە شۆڕشگێڕانی عەرەبی داپڵۆسی و وای لەقەڵەم دەدان کە ئەمانە جوداخواز و ڕێگر و چەتەن.

ئێستاش مێژوو بەو ئیمپراتۆریەتە و بەخودی ئەستەمبۆڵیش پێدەکەنێت... ئەو دەوڵەتانەش، کە هاوبەشیان لەو پیلانەدا کرد، کەمترین شت کە پێیان بگوترێت ئەوەیە، ئەو دەوڵەتانە خوێڕی و ترسنۆکی بێ ویژدان و بێ ڕەوشتن، ئەمانە پیلانیان لە دژی پیاوێک گێڕا لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی ناپەسەندی خۆپەرستانەی هەمە لایەنە، ئەو دەوڵەتانە پێویستە شەرمەزار بکرێن و گەمارۆ بدرێن، ئەمە کەمترین شتە کە بەرامبەر ئەو کردەوەیە کردیان، کە بە کردەوەیەکی ترسنۆکی غەڕا دەبێت، لە قەڵەم بدرێت... خەباتی ئێوەش ئەی برا کوردەکان بەبێ دوودڵی بەردەوامە تا سەرکەوتن.

## بۆ زانین

١- ئەم سەرکردە بەڕێزە، گەلێکجار داوای مافی ڕەوای میللەتی ئێمەی کردووە تا دەگاتە مافی چارەنووسی تەواو، کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆبوونەوەیەکی بەر بڵاوی بزاڤەکانی ڕزگاری جیهانی کە لە (تەڕابلوس) پایتەختی (لیبیا) بەسترا، پشتیوانی خۆی ڕاگەیاند.

٢- بزاڤی جوداخوازیی و سەربەخۆیی میللەتان: لە برگەی یەکەمدا پرسی زەوتکردن و داگیرکردنە، بەڵام لە دووەمیاندا، ئەوا مافێکی سروشتی و ڕەوای هەموو میللەتێکە کە بە مافی چارەنووسی خۆی شاد بێت...

لێکدانەوەی وشەکان:

| وشـە | واتـــا |
|---|---|
| نابەڵەد: | نەشارەزا |
| بزاڤ: | جوڵانەوە |
| پراگماتی: | پراکتیک، شێوازی عەمەلی |
| میکافیللی: | زانایەکی ئیتاڵی بوو، مەبەست لای ئەو هەموو کارێک بـــا مەیسەر بێت بەهەر شێوازێک بێت، ئێستاش بۆتە تیۆرێک بۆ کاری ساختە و فڕوفێڵ و لەخشتەبردن... |
| ناپەسەند: | ناڕەوا – نابەجێ |
| خۆپەرستی: | خۆویستی – ئەنانی |
| کاڵفام: | بێ عەقل، پێ نەگیشتوو. |



# ئـافرەتی کـورد

گەڕیـدە ئەوروپاییـەکان گەلێکیان بەشـان و باهوی ئافرەتی کـورد هەڵداوە، بەڕادەیەک جاروبـار خۆمانمـان لەبیردەچێتـەوە، وابزانـم ئـەو گەڕیدانە بێ ئـەوەی نیازیـان خراپ بێت کەمێک زۆر ڕۆیشـتوون، وادیارە، کە لە کۆڵانە تەسـکەکانی شارە داخراوەکانی خۆرهەڵاتەوە هاتوونـە ناوشـاخ و داخـە کراوەکانـی کوردسـتانەوە، کەمێـک سـەریان لێ‌تێکچـووە، بۆیە ئافرەتانـی کوردیان لـە ئافرەتـی دەوروبەریان باشـتر هاتووتە بەرچاو.

ڕاسـتە ئافرەتـی کـورد پێخـاوس نییە، بـەڵام ئافرەتانی هەموو ناوچە شـاخاوییەکانی جیهـان هیـچ کاتێـک هیچ کامیان پێ خاوس نەبوون چونکە نە سـەرما و سـۆڵەی زسـتان و نە تەڵەزمی بەردی شـاخەکان ڕێگەی پێخاوس نادەن، هەر ئافرەتێکی دەشـتەکانی هیندسـتان بهێنینـەوە نـاو شـاخەکانی کوردسـتان دەبێت نـان لە دەمی خـۆی و زارۆڵەکانـی بگرێتەوە، تـا پـارەی جوتێک پێڵاو بۆخـۆی و بۆ ئەوان پاشـەکەوت دەکات، بەهەمان دەسـتور ئافرەتی لادێـی کـورد کەمێک لە ئافرەتی لادێی چەند شـوێنێکی تر پۆشـتەترن حەزیان لـە ئاڵ و واڵا

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

زۆره، جلــو بەرگیــان دڵدەکاتــەوە، بەڵام ئەمیشــیان بەرهەمی سروشــتە، ئــەو ئافرەتە چاوی بــە ســەوزایی و شــینایی و گوڵاڵە ســورەی دڵرفێن کردۆتەوە و هەمیشــە ئــەو ڕەنگانە دڵ و هەســتیان بزاونــدووە، خۆ ئەگەر تەواو پۆشــتەش نەبێت ئەوا بەرگــەی بەفرانبارێک ناگرێت، دیســان ڕاســتە ئافرەتــی لادێی کــورد عەبا و پەچــەی نەزانیوە، بــەڵام هەر ئەوەمــان مابوو ئــەو ئافرەتانــە بــە عەبــا و چەپەوە نەبــا و دڕک و داڵی نــاو کەندەڵان و چڕەداری دارســتان و لێشــاوی ئــاوی ناو گەلییەکاندا مەشــکە و هەمانــەی پڕ بگوێزنەوە، هــەر ئافرەتێکی عەجەم ڕێی بکەوتایە کوردســتان دەبوو بەرلەوەی دەســت بۆ هیچ بەرێت عەبا و پەچەکەی فڕێبدات، بڕوانــە ســەیرانە تێکەڵەکانی ئەمڕۆش دەبینن باجی ڕەعنا و باجــی مروەت وەک کنێر و وەک ڤیــان بــێ عەبا و پەچــە هاتوچۆ دەکەن.

مەبەســتم لــەو قســانە ئەوەیــە بڵێــم ئافرەتی کــورد نە هیچی لــە کەس زیاتــرە و نە هیچیشــی لەکــەس کەمتــرە، (بێکەس) وتەنــی (گیرۆدەی دەســتی زوڵم) بوو ئەو ســاکە وەک هەموو دەســتە خوشــکێکی گیــرۆدەی تر دواکەوتوو دەبێت و شــەقڵی ئــەو دواکەوتنەی پێوە دیاردەبێــت، وابزانــم لەگەڵمانــی گــەر بڵێم پێویســتە کورد لە هەمــوو کەس زیاتر لــە داڵغەی ڕۆمانســییەوە بــەدوور بێت.

ئافرەتــی کــورد وەک هەموو ئافرەتانی جیهــان، بەدرێژایی مێژوو گیــرۆدەی بێ مافی و زۆر و ســتەمی کۆمــەڵ بــووە، ژمارەیەک لە داب و نەریتە هەرە ناشــرینە دەســتکردەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشــەیان لەناوماندا داکوتاوە، لە لادێکان هێشــتا ژن بە ژن و شــیربایی هەرماوە تەنانــەت لــە شــارەکانیش دەگمەن کچمــان بەئارەزوی خۆی شــو دەکات. مارەیــی و پەڵپ و نــازو نــوزی ماڵە کچ، بوونەتە کۆســپێکی گــەورە لەبەردەم ژن خواســتندا، (قانــع) هەقییەتی مارەبڕینــی نــاو ناوە (بەپــارە کڕین) ... تــا دوێنێ هەبوون شــانازیان دەکرد کــە تەنێک لۆکە بەشــێک لە نیشــانەی ماڵە زاوا بوو، هەشــبوون هەر بۆ ئەوە، لیک لە دەمیان دەهاتە خوارێ، نەیاندەزانــی چــۆن بۆڕی ئــەو بیرتیژانە بــدەن لۆکەیان کردە دیاریی دەســتیان.

پەیوەنــدی نێــوان بوک و خەســوی ئیمڕۆمان جیاوازیەکی ئەوتــۆی لەگەڵ ڕابردووماندا نییــە، جــاری وا هەیــە خراپتریــش بووە، بەڵگەش ئەو وشــە نوێیــەی ناو زمانــی کوردییە کە بوکەکانمــان ڕێکوپێک بۆیان داتاشــیوین بــەوەی (صبار)ی دڕکی ژهــراوی عەرەبیان کردۆتە زمانــی (خەســو) ... نەخوێنــدەواری باڵــی ڕەشــی بەســەر زۆربــەی هــەرە زۆری ئافرەتانی کوردســتاندا کێشــاوە، ئەم نمونەیە لــە ڕابردووی نزیکمــان دێنمەوە:

ســاڵی ١٩٥٢ لــە هەمــوو پارێــزگای هەولێــر تەنیــا ٧٥٩ و لــە هەمــوو پارێــزگای

سـلێمانی تەنیا ١١٣٢ کچ دەچوونە قوتابخانەی سـەرەتایی، ژمارەی نەخوێندەوارانی هەردوو پارێزگاکـەش هـی هەولێر (١٠٧٩٤٠) هی پارێزگای سـلێمانیش گەیشـتبووە (١٠١٨٨٦) کەس.

نامەوێـت زیاتـر دڵگیرتـان بکـەم بۆیـە لـەو ژمـارە زۆرانـەی دەربـارەی پێـش پەنجـاکان کۆمکردوونەتـەوە هیچتـان بـۆ ناهێنمـەوە، بەداخـەوە تـا ئەمـڕۆش ڕوناکبیرانی کورد، دەسـتەیەک شـاعیریان نەبێت، وەک پێویسـتە هەسـتیان بەم کەلێنـە گەورەیەی ژیانی گەلەکەیـان نەکـردووە، کوردسـتان یەکەمیـن ڕۆژنامەی کـوردی کۆتایی سـەدەی ڕابردوو چەنـد جارێـک لـەو شـوێنانەدا، کە بە نـاوی ئایینەوە کـوردی بـۆ خوێندن هانـداوە ئافرەت و پیـاوی تێکەڵکـردووە، کەچـی دوای نزیکـەی نیو سـەدە کـون و قوژبنی ژمارەی سـاڵێکی گۆڤارێکـی بـۆ ئافرەتی کـورد تێـدا بدۆزێتەوە.

لـەم مەیدانـەدا وەک زۆر مەیدانـی تـری ژیانـی ڕوناکبیریمـان، شـاعیران بـۆڕی ئەوانـی تریانـداوە، نێـرو مـێ لای حاجی قـادری کۆیی فەرقیـان نەبووە، مەلای گـەورە چەند جارێک لـە شـیعرەکانیدا بـە وردی هاتۆتـە سـەر باسـی ئافرەتـی کـورد، بۆ چاکـە هانیـداون و بە تونـدی ڕەخنـەی لـەو داب و نەریتانـە گرتووە، کە ئافـرەت گیرۆدەیانن، مـەلای گەورە وەک باوکێکـی دووربیـن بەر لـە هەمووان لـە کۆیە کچەکانی خۆی خسـتەبەر خوێنـدن، (بێکەس) یـش بـە گەرمـی ئافرەتی کوردی بۆ تێکۆشـان و سـەرپۆش فڕێـدان هاندەدات، لـە چلەکاندا (نەسـرین دەمێکـە)ی (بێکـەس) ببـووە سـرودێکی نیشـتمانیی ئازادیخوازانی کورد قەڵشـی کوڵمـی سـوتاوی کچـی لادێ و ڕەنجەڕۆیـی کیـژی شـێخ و کیـژی حاجـی و کیـژی ئاغا، سـەرنجی (هێمـن موکریانی) یان ڕاکێشـا (گـۆران) توندوتیژترین دەنگی بێـزاری لە باری پڕ جـەور و سـتەم و دواکەوتوویـی ژیانی کـوردەوە دەربڕیوە.

کەسـمان نییـە نەزانێـت، کـە ئافرەتـی کورد بـەش بەحاڵی خـۆی لە کـۆڕی خەباتدا درێغـی نەکـردووە، لێـرەدا تەنیا چەند ڕاسـتیەکی کەم زانـراو یان نەزانـراو دەخەمە بەرچاو ... (حەپسـەخانی نەقیـب) ئافرەتێکی لێهاتوو بوو، لە بیسـت و سـییەکاندا چەند جارێک نامەی تایبەتـی نـاردووە بـۆ بـارەگای یەکێتـی نەتەوەکان لـە (جنێف) و تێیدا باسـی ئـەو جەور و سـتەمە زۆرەی کردووە کە بەسـەر کورد هاتـوون، ئەو نامانە ئێسـتە بوونەتە بەڵگەی گرنگ بـۆ لێکۆڵینـەوەی مێژووی نوێـی گەلەکەمان.

(میناخـان)ی هاوسـەری (قازی محمـد)ی نەمر لە ڕۆژگاری کۆمـاری مەهاباد جێگەی (حەپسـەخان)ی نەقیبـی گرتبۆوە، وادیارە خەریکـی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخـراوی ئافرەتان بـوو، لەسـەردەمی پاشـایەتیدا کچـە کوردەکانـی زانکـۆی بەغـدا ئازایانـە لە خۆپیشـاندانە

نیشتمانی و ئاهەنگە نهێنیەکانی نەورۆزدا بەشدار دەبوون، ئەم ناوانە بەشێکن لەوانەی بەچاوی خۆم دیومن و لەبیرمن:

خوالیخۆشبووان، (ڕوناک زوهدی) و (نەوزەر نوری) و (نازەنین سالح قەفتان) و (حۆری عەلی ئاگا) و (درەخشان عارف نەجیب) و (شەفیقە ئەحمەد) و (درەخشان شێخ جەلال) و (زەکیی عومەر سام ئاغا) و (سورەیا موحەمەد) و (نەزیرە ڕەشید) و (ناجیە مستەفا) و (گوڵشەن رواندزی) .

هیوادارم باری ژیانی ئافرەتانی کورد و مێژووی بزووتنەوەیان زیاتر سەرنجی نووسەرانمان ڕابکێشن و گەلێک بەرهەمی تری وەک (ئافرەت لە چیرۆکی کوردی) ی (سەباحی غالب) و خەباتی شیعری کوردی لە پێناو ئازادیی ئافرەتاندای کاکە حەمە و (ئافرەتی لادێی کورد) ی کاک بورهان قانع، بەشێک لە کەلێنەکانی کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە.



# قەدەم خێر

لە بزوتنەوەی ڕزگاری کوردا وەنەبێ هەرخەبات و خۆبەختکردن پیشەی پیاو بووبێ، بەڵکو بە سەدان لە ئافرەتانی کوردستان لە پێناوی نیشتماندا ئەگەر قارەمانییەتیان لە براکانیان پتر نەبووبێ کەمتر نەبووە، قەدەم خێر یەکێکە لەو ئافرەتە کوردە شۆڕشگێڕە قارەمانانەی بە شۆڕشی چەکداری هەڵسا دژی ڕژێمی شایەتیی لە ئێراندا، لە سەردەمی ڕەزاشادا، کەبرا قارەمانەکەی (یوسف)خان کرا بەپەتی قەنارەدا، بەرامبەر ئەم کردەوە دڕندەییە بە دەنگ هاواری نیشتمانەکەیەوە هاتو ئاڵای خەبات و شۆڕشی هەڵگرت دژی زۆرداری و چەوساندنەوە، بڵێسەی ئەم شۆڕشە لە هەرێمی (هەمەدان و لۆڕستان) دا بەرزبووەوە کەتا حەوت ساڵ درێژەی کێشا و سوپای دوژمنی ونجڕوونجڕ کرد.

ئەم سەرکەوتنە گەورانەی شۆڕشگێڕەکان پاڵی بەدوژمنەوە نا لەشکرێکی گەورە ئامادەبکات بۆ لەناو بردنی شۆڕشەکە بە فەرماندەی سەرهەنگ(سەقەفی) بەیارمەتی

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

(عومەر خانی شوکاک)و چەند ناپاکێکی کوردی تر لە سەرۆکی هۆزەکان وهێرشیان بردە سەر شاخی (کەورکو)و گەمارۆی شۆڕشگێڕە قارەمانەکانیان داتا ماوەی سێ مانگ، بەلاّم ئەم شۆڕشگێڕانە، بەسەرکردایەتی قەدەم خێر، بەرامبەر بەهێزی دوژمن قارەمانانە خۆیان گرت و جەنگین، تا چەک و ئازوقەیان نەما، ناچاربوون خۆیان بدەن بەدەستەوە. دوژمنی خوێن ڕێژ قەدەم خێری ڕەوانەی تاران کرد لە زیندانەکانی ڕەزا شادا سی ساڵ مایەوە، تا بەنەخۆشی وەرەم لەناو زیندانەکەدا گیانی پاکی دەرچوو. بەم جۆرە گیانە شۆڕشگێڕەکەی تێکەڵ بەگیانی هەزاران شۆڕشگێڕی تر بوو، کە خۆیان لەپێناوی کوردو کوردستاندا بەختکرد.



# گـوڵ و گیـا لە پزیشـکیدا

لەبـەر ئـەوەی، کـە پەنجـەی سروشـت لـە بەهارانـدا لاپـاڵ و دەشـت و گـوێ ئاوەکانی کوردسـتانمان بە گوڵ و گیای فرە چەشـن بۆ ئەنەخشـێنێ. باوک و باپیرانیشـمان ئەم گوڵ و گیایانەیـان بـۆ پزیشـکی بەکارهێناوە و بـۆ گەلێک نەخۆشـی سـودیان لێوەرگرتووە. بۆ نمونە هەندێکیان باسـدەکەین.

١- گوڵـە بەیبـوون پـاش ئەمـەی ئەکوڵێنـرێ ڕەنگاوەکـەی ئەخورێتەوە بۆ ژانە سـک زۆر بەکەڵکە.

٢- ڕیحانـە کێویلـە ، پاش کوڵاندنی ڕەنگاوەکەی ئەدرێ بەو کەسـانەی کە خوێن هەڵدێننەوە و خوێنەکە بەربەست ئەکات.

٣- گوڵـە زەردە: جگـە لـەوەی کـە ئەکرێ بە حەڵـوا وەک چاش ئەکوڵێنرێ و بۆ ژانە سـک دەرخواردی منالی سـاوا دەدرێت.

٤- خاشـخاش: بەوشـكی ئەكوڵێنـرێ و لەگەڵ شـەكردا تێكەڵئەكرێ، ئەدرێ بەو كەسـانەی كە كـەم خەون.

٥- گوڵی (گاوزمان) كە وەكو وەنەوشــە وایە لەگەڵ لیمۆی بەسـرە ئەكوڵێنرێ و ڕەنگاوەكەی ئەدرێ بەو كەسـانەی كە لم لە گورچیلەكەیاندا هەیە.

٦- بنی ڕێواس: پاش وشـككردنەوەی ئەهاڕێت و لەگەڵ شـەكردا تێكەڵئەكرێ و دەرخواردی ئەو كەسـانە ئەدرێ، كە توشـی برینی (شێرپەنجە)بوون.

٧- گەڵای بی: كوتراوەو ئاوەكەی دراوە بەو كەسانەی لەرزو تایان بووە.

٨- گـەڵای گێوژ: لەدوای وشـككردنەوەی كوتراوەو كراوە بە چاو دەرخواردی ئەو كەسـانە دراوە كە نەخۆشـی شەكرە یان بووە.

٩- گەڵای سینەمەكی : پاش كوڵاندنی بۆ ڕەوانی خواردراوەتەوە .

١٠- تۆوی (كەتان) : كوتراوە و خراوەتە سەر دوومەڵ بۆ دەربوونی.

١١- جەوی بادامی شیرین : وەكو نوقڵ مژراوە بۆتەنگەنەفەسی بەكارهێنراوە.


١٢- گـەڵای داربـەڕوو: بە وشـكی هـاڕراوە و ئەوانەی كـە خوێنی لوتیان بەربـووە هەڵیان مژیوە و خوێنەكەی وەسـتاوەتەوە.

١٣- گوڵە هێرۆ: كراوە بە چایی و دەرخواردی ئەوانە دراوە كە شەو زۆر ئەكۆكن.

١٤- گیا وەردێنە: كوتراوە و لەكاتی چاو ئێشەدا خراوەتە سەر چاو.

١٥- مازوی شین و شەكر بەیەكەوە هاڕاوە بۆ وەستاندنی سكچوون خوراوە.

١٦- گەزۆ: دراوە بەوكەسانەی كەتوشی سورێژە بوون.



# خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە

لە جیهانی ئەمڕۆدا، خوێندنەوە بووە، بەڕەوشتێکی سودبەخش و بەکەڵک. وە نەبێت هەموو خوێندنەوەیەکیش ئەو کەڵکە ببەخشێ چونکە جۆری خوێندنەوە ئەم لایەنە دیاریدەکات. خوێندنەوە ئەگەر هەر بۆ وەختبردنە سەربێت، ئەوا بێگومان ئەنجامێکی وانادات بەدەستەوە، بەڵکو پێویستە خوێندنەوە بە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەوە بێت. ئەتوانین هەر لە سەرەتاوە خۆمان بەوە ڕابێنین، کە لەکاتی خوێندنەوەدا بە وردی سەرنج بدەین و لەو زانیارییانەی لە کتێبێکایە بکۆڵینەوە، ئەو وەختە هەست بەوە ئەکەین کە ڕۆژ لە ڕۆژ زانیاریمان هەر لەفراوان بووندا ئەبێت و لێکدانەوە و بیرکردنەوەمان توانایەکی تری ئەبێت.

لەکاتێکا، لەو جۆرە خوێندنەوەیەدا، کە بۆ وەختبردنەسەرە، یا بۆ وەخت کوشتنە، ڕێی تێئەچێ هەر لە پاش ماوەیەکی زۆر کەم ناوی نوسەرەکە و ناوەڕۆکی کتێبەکەی لە بیربچنەوە، لەو خوێندنەوەیەدا کە بەسەرنج و لێکۆڵینەوەوەیە هەست ئەکەین بەوەی کە بەشدارین لەگەڵ دانەرەکەدا، لەگەڵیان ڕەنجئەدەین و مێشکمان خەریکئەکەین.

ئەو وەختە پێویستە لەتەک خوێندنەوەدا، ئەو سەرنجانەی بەدڵمانەو لامان گرنگە بینوسینەوە، یا کورتەیەکی کتێبەکە بنوسینەوە یا ڕای خۆمان دەربڕین بەرامبەر هێندێ سەرنجی دانەرەکە، کە بەدڵمان نییە. لەوانەیە ئەم لایەنە بمان گەیەنێتە شتی وا نوێ، بیرمان بۆ شتی وا بڕوات، کە دانەری ئەوکتێبەش بۆی نەچووە و بەلایا نەهاتووە.

ئەوەی بەتەنگ ئەوەوەیە، کە زانیاری خۆی پەرەپێبدات، پێویستە پاش خوێندنەوەی هەموو وتارێکی گرنگ و کتێبێکی نوێ، پرسیار لە خۆی بکات، کە چ سودێکی وەرگرتووە لە خوێندنەوەکەی؟ ئایا ئەو کتێبە سودی پێبەخشیووە؟ وەیا زانیاری نوێی بەکەڵک لە چ باسێکدایە و ئایا تێکرا ئەم کتێبە یا ئەو وتارە بەکەلکە و سودبەخشە، نوسەرەکە سەرکەوتووە تیایا خۆ ئەگەر ئەم لایەنانەی تیادا نەبێت ئەوە دیارە، کە ئەو وەختەی بەسەرمان بردووە بەفیرۆ چووە. هیچ کتێبێکیش نیە لە سەروی ئەو تاقیکردنەوەیە بێت چونکە ئەبێ خوێندنەوەکان بۆ ئەوەبن تا سودی لێکدانەوە کەرەستەی زانیاریمان فراوان بکەین و خۆمان بە بیری نوێ و ڕوناک و بلیمەتانە پەروەردە بکەین، ئەگەر هەمو نوسەرێک و دانەری کتێبێک بزانێ، کە کتێبەکەی بەم تاقیکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەدا تێپەڕئەبێت ئەوا ناچار ئەبن زۆرتر بیربکەنەوە و باشتر بنوسن و ئەوەی کەڵک بەخش نەبێت نەیخەنە بازاڕی چاپەمەنییەوە.

دەبا لێکۆڵینەوە، جێی خوێندنەوەی بێ ئامانج بگرێتەوە و ببێ بە ڕەوشتێ کە بیرو هۆشی خۆمانی پێ بەرزبکەینەوە، یا خۆمان پەروەردەکەین بە خوێندنێکی هێمنی قوڵەوە ئامانجێکی بۆ دابنێین بۆ ئەوەی زانیاری و لێکدانەوەمان هەر لە گۆڕین و دەوڵەمەندبوون و تازەکردنەوەدا بێ، پێشینان ڕاستیان وتووە، (کە باشترین هاوڕێی مرۆڤ کتێبە)، چونکە لە چەند لاپەڕەیەکدا جیهانێکی نوێ و بەسەرهاتێکی خۆشمان بۆ ئەگێڕنەوە، بە میللەتانی بێگانەمان ئەناسێنێ، یا باسی ڕابوردوویەکی دێرینمان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕوون ئەکاتەوە. دەبا لەم هاوڕێیە بێبەش نەبین و هەمیشە هەوڵ بدەین، کە لە ناویانا هاوڕێیەکی باش و سودبەخش هەڵبژێرین. ئەمەش شتێکی زەحمەت نییە، ئەگەر هەر لە ئێستاوە کە خوێندکاریت خۆتی پێ ڕابێنی، خوێندنەوەکەت بە لێکۆڵینەوە و سەرنج لێدانەوە بێت.



# گەشتێک بە هاوینەهەوارەکانی کوردستاندا

هەرێمی کوردستانی عێراق سەراپای هاوینەهەوارێکی ڕەنگین و ڕازاوە و دڵڕفێن قەشەنگی سروشتییە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدراڵدا، میوان و گەشتیار و گەڕیدە لە بەهاران ڕووبکاتە هەرلایەکی ئەم هاوینەهەوارە پان و بەرینە دارستانی چڕو لوتکەی بەرزی بەفرینی و چیای سەخت دەبینێ و تافەتاف و هاژەهاژی ڕوبار چۆم و کانیا و ئارەزوی بیستنی مەستت دەکات، ڕوەو بۆ هەر ڕێگایەک بڕوات لە هەردوو بەری ڕێگاکە بستێک زەوی ڕوتەن بەدیناکات، سەوزەگیا و سەدان جۆر و ڕەنگ گوڵی کێوی ئەو دەشت و قەدپاڵی کەژانەیان، وەک بەرگی بوکی لادێ ڕازاندۆتەوە و هۆش و بیری هەستیار دەبزوێنێ و هەزاران دڵ ئاواتەخوازی ساتێک ژیانە تیایا.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم بەهەشتە سروشتکردەی نەتەوەی کورد بێدەستکاری و بێئارایشتە و ئەوەندەی پێویست بێت بایەخی پێنەدراوە، ئەگەرئەم وڵاتە نەخرایەتە پشتگوێ و پێشێل نەکرایە دەمان دیت بە هەزاران گەشتیار و گەڕیدە لە هەموولایەکی

ئەم جیهانەوە ڕوویاندەکردە ئەم وڵاتە و هەموو گەلانیش زۆر لە ئێستا باشتر لە کێشەی کورد دەگەیشتن و بە چاوی خۆیان دەیان دی ئەم کوردستانە چ وڵاتێکی جوان و بەپیت و چ نەتەوەیەکی دلێر و ئاشتیخوازە

هەرچەندە ئەم وڵاتەی ئێمە یەک هاوینەهەواری فراوانە، بەڵام باگەشتێک بکەین بە هەندێ لەو شوێنانەدا کە تاکو ئێستا گەشتیار توانیویەتی بیگاتێ.

ئەگەر لە ناوچەی بادینانەوە بکەوینەڕێ، لە شاری دهۆکەوە کە مەڵبەندی پارێزگای دهۆکە و حەفتاوسێ کیاۆمەتر لە شاری موسڵەوە دورە، دەبینین ئەم شارە هەر خۆی هاوینەهەوارێکی خۆش وسازگار و میوەدار و خاوەن شوێنی دیدەنییە، ئەگەر لێرەوە ڕووبکەینە شاری (ئامێدی) تا دەگەینە ئەوێ چەندان هاوینەهەوار دێتە ڕێگەمان، هەر لە شار دەرچووین پاش ماوەیەک دەگەینە (زاویتە)، کە نەوەد کیلۆمەتر لە شاری موسڵەوە دوورەو پلەی گەرمای لە ٢٨ پلەی سەدی تێپەڕناکات هاوینەهەوارێکی فێنک و پڕ لە دارستانی سنەوبەرە، شوێنی حەوانەوەی میوانی تیایە.

# سەرچاوەکان


١- مێژووی ئەدەبی کوردی علائـــە دین ســـەجادی.چاپی یەکـــەم ( ١٩٥٢)j چاپی دووەم ( ١٩٧١)j.

٢- مێــژووی ئەدەبــی کــوردی د.مــارف خەزنــەدار، بەرگەکانــی (یەکــەم، دووەم، ســێەم، چــوارەم، پێنجــەم، شەشــەم، حەوتــەم) چاپــی دووەم (٢٠١٠)j.

٣- دیوانی بێسارانی بەرگی یەکەم (١٩٨١ )j.

٤- مەلاجزیری(شتێک دەربارەی ژیان و بەرهەمی) د.عزدین مستەفا (١٩٩٠)j.

٥- دیوانی کامەران موکری- عبدالله عزیز خالد (١٩٨٧)j.

٦- مەلا مەحمودی بایەزیدی (٢٠٠٠)j.

٧- ئەحمەدی خانی (١٩٨٩)j.

٨- دیوانی کانی، موفق ئەکرەم کانی (١٩٨٠)j.

٩- فەرهەنگی خەم – حەسیب قەرەداغی (٢٠٠٢)j.

١٠- ژیان و بەرهەم قەدری جان (١٩٧٢)j.

١١- دیوانی نالی (ملا خدری ئەحمەدی شاویسی مکایەڵی) (١٩٧٦)j.

١٢- نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا - هێمن عومەر ئەحمەد

١٣- لێژنەی پێداچوونەوەی زانستی یەکەم:


د.عـــزیـــز گـــەردی — شێرکۆ احمد حوێز — محمد أحمد محمد

محسن احمد کریم — فیصل مصطفی حاجی — المان احمد سلیم

وارتکیس موسیس — سگڤان جمیل محمد


ئـاو سـەرچاوەی
ژیانە
بۆیە دەیپارێزم

www.bgprogram.org

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن (٢٨٠)ی ساڵی ٢٠٠١

نرخی یەك دانە (      ) دینار

تیراژ (      ) دانە

چاپی پازدەیەم

١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی